
# شکستهێنانی سیستمی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

## ناوچەیەکی فاشیل لە سەروبەندی خۆپێناسەکردنەوەی سیاسی و جوگرافیدا




LIBYA
SAHARA
FRENCH WEST AFRICA
AFRICA TERRITORY
NIGER
NIGERIA
GHANA
DAHOMEY
TIBESTI (MTS.)
EQUATORIAL AFRICA
SUDAN
Libyan Desert
Sebha
Murzuch
El Gatrun
Rebiana
Cufra
Bardai
Djado
Bilma
Agades
Agaden
Tanout
Zinder
Sokoto
Kano
Zaria
Kaduna
Bauchi
Garoua
Hadejia
Nguigmi
Lake Chad
Ft. Lamy
Mao
Fada
Faya
Abéché
Oum Hadjer
Kutum
Omdurman
Umm Keddada
Nyala
El Muglad
El Obeid
Kaka
Tonga
Wau
Bahr el Ghazal
Bahr el Jebel
Duk
Bor
Tombe
Mongalla
Nimule
Ft. Archambault
Ndélé
Ouadda
Ft. Crampel
Yalinga
Kouango
Zemongo
Dakwa
Niangara
Wamba
Stanleyville
Bumba
Congo
Ubangi R.
Ouango
Ouesso
Bangui
Loko
Koumra
Bokoro
Oyo
Ibadan
Ogoja
Makurdi
Enugu
Benin
Lagos
Porto Novo
Accra
Lomé
Kumasi
Kandi
Parakou
Banyo
Cameroons
Yaoundé
Douala
Lomié
Oyem
Libreville
Rio Muni
Santa Isabel
BIGHT OF BENIN
Slave Coast
SPANISH GUINEA
Zinder
Niamey
Gaya
Djanet
In Ouzzal
Ed Debba
Dongola
Rashad

«لە پێنج ئیدارەی جیاوازی ئەمریکادا کارمکردووە، لە ماوەی هەریەک لەو ئیدارانەدا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک بووە لە کێشە سەرەکییەکانی هەر پێنج ئیدارەکە، بەڵام ئەمجارە ئیدارەی ئەمریکا رووبەڕووی زنجیرەیەک کێشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتەوە، کە هەریەکەیان بە تەنیا هێندەی هەموو کێشەکانی پێشتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، هەر بۆ نموونە ئەگەر تەنها سەیری کێشەی سووریا بکەین، دەبینین تەنها ئەم کێشەیە خۆی لە خۆیدا کارەساتێکی ستراتیژیی مرۆیی زۆر گەورەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت ئەم ئیدارەیە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و تەحەددی جیاوازیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مامەڵە بکات، ئەگەر لەم روانگەیەوە



سەیری کێشەکان بکەین، هەست دەکەین کێشەکان تەنها پەیوەست نین بە دەوڵەتی فاشیلەوە، بەڵکو پەیوەستن بە سیستمی دەوڵەتەوە. هۆکاری سەرەکی لەم پرسەدا تەنها مەترسیی تیرۆریستانی داعش نییە، بەڵکو مەترسیی ئێرانیشە، ئێستا مەترسیی سەرەکی عەرەبستانی سعودی پرسی چەکی نیوکلیاری ئێران نییە، بەڵکو شەڕی بەوەکالەتی شیعەیە لە سووریا و لوبنان و بەحرێن و یەمەن. ئەمەش مانای ئەوەیە سعودیە بە شەڕێکی بەوەکالەت دەورەدراوەو دەیەوێت ئەو شەڕە لەخۆی دووربخاتەوە».

دینیس رۆس
ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیک
١ی نیسانی ٢٠١٥

## هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

تێگەیشتن لەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەی ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخۆیەوە دەیبینێت کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش نەك هەر بۆ ڕۆژنامەنووس، یان چاودێرێك لە سەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە سەر ئاستی ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوەی جیهان و هەروەها لەسەر ئاستی ناوەندەکانی سیاسەت دروستکردن و بڕیار دروستکردن لە خودی ئەمریکاشدا، ئێستا ئەم ناوچەیە بە تەنگژەیەکدا تێدەپەڕێت کە لە دوای ساڵی ١٩٧٩ پاشاگەردانیی وای بە خۆوە نەبینیوە، دیارە ئەمەش بەو مانایەی دوای ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران و هاتنی کۆماری ئیسلامی و بە بارمتە گرتنی ئەندامانی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە ئێران و پاشان شەڕی عێراق – ئێران بۆ ماوەی ٨ ساڵ و شەڕی ناوخۆی لوبنان کە بە خراپترین ماوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بەڵام پاشاگەردانیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو کاتەش زیاترە و تەواوی ناوچەکە لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی، جوگرافی، ئیتنی و ئایینی، لە سەروبەندی وەرچەرخانێکی گەورەدایە و هەموو ئەو ئاستانەش چاوەڕوانی گۆڕانکاریی گەورەیان لێدەکرێت. سەبارەت بە مەترسیی ئەم کێشە و تەحەددییانە سەنتەری وۆردۆ ولسن بۆ دیراساتی ستراتیژی لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ پەنێلێکی بە ناونیشانی: (ساڵێکی پرتەنگژە . ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ٢٠١٥) گرێدا، لەم پەنێلەدا خاتوو ڕۆبن رایس ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەوانی سیاسەتی دەرەوە و گەورە توێژەری ئامۆژگای ناوبراو کە بە شێوەیەکی مەیدانی سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردبوو، بەمجۆرە باسی بارودۆخی ئەم ناوچەیەی کردووە: «چەندین ساڵە باسی چەمکی دەوڵەتی فاشیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، بەڵام دوای ئەم سەردانەم بۆ چەندین وڵاتی ناوچەکە، باسی هەرێم، یان ناوچەی فاشیل دەکەم و ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکڕا بۆتە ناوچەیەکی فاشیل، هەر بۆ نموونە: جەزائیر لە سەروبەندی وەرچەرخانێکی سیاسیی گەورەدایە، ڕاستە لە تونس هەڵبژاردن کراوە، بەڵام زیاتر لە ٣٠٠٠ هاووڵاتی تونس لە ناو چەکدارانی داعشن و ڕێگری لە ٩-١٠ هەزار کەسی دیکە کراوە، لە میسر هەست دەکەین دەسەڵات بەرەو دەسەڵاتی تاکەکەس دەچێت، لەیەمەن بارودۆخەکە شڵەژاوە و حکومەت دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی نییە، شای عەرەبستانی سعودیە نەخۆشە و ناتوانێت کاروبارەکان بەڕێوەببات و ئەو وڵاتەش لە وەرچەرخانێکی گەورەدایە، لیبیا دەوڵەتێکی فاشیلە و لەناو شەڕێکی ناوخۆی گەورەدایە، ئوردن و لوبنان نوقمی شاڵاوی ئاوارەیەکی زۆر بوون، عێراق و سووریا لەبەریەك هەڵوەشاوە و لەناو ئاژاوەیەکی گەورەدان، هەر بۆیە پێشبینی دەکرێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمساڵ لە ساڵی پار زیاتر ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی گەورەتر ببێتەوە، وای دەبینم لەسەروبەندی ئەوەدایە لەسەر ئاستی سیاسی و جوگرافی پێناسەی خۆی بکاتەوە».

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو واقیعەی کە ڕۆبن رایت لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ خستوویەتەڕوو، تەنها سێ ڕۆژی جیاوازە لەگەڵ مردنی شا عەبدوڵڵای پادشای سعودیە و هاتنی شا سەلمان، هەروەها تەنها دوو مانگ پێش دەستپێکردنی هاوپەیمانی شاڵاوی پێداگرتن (عاصفە الحزم) کە لەلایەن شا سەلمانەوە بۆ لێدانی حوسییەکانی یەمەن دەستی پێکردووە، ئەم شاڵاوە وەك جیمس جیفری باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە بەغدا لە ڕۆژی ١ی نیسانی ٢٠١٥ ئاماژەی پێکرد، یەکێکە لە ڕووداوە گەورەکان و هاوشان لەگەڵ ڕزگارکردنەوەی تکریت بە پشتیوانی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا، دوو گۆڕانکاری گەورەن لەسەر ئاستی ناوچەکە. بەتایبەتیش کە ئەمریکا بە تەواوەتی پشتگیری خۆی بۆ هاوپەیمانی شاڵاوی پێداگیری بە سەرۆکایەتی سعودیە دەربڕی، هەروها ڕێگەی داوە کە میسر بتوانێت چەك بکڕێت، ئەمەش هەمووی مانای ئەوەیە، ناوچەکە لە بەردەم وەرچەرخانێکی گەورە و هەمەلایەن و لە ساتەوەختی هاوپەیمانییەکی هەمەلایەنەشدایە.

ئەوەی جیمس جیفری وەك دیپلۆماتکارێکی بەئەزموون و شارەزا لە کاروباری ناوچەکە بە ئاشکرا باسی کردووە، ئاماژەیە بەوەی کە سیستمی دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و هاووڵاتیانی ناوچەکەش هێندەی ئینتیمایان بۆ بزاوتە ئیسلامییە توندڕەوەکانی هاوشێوەی داعش و لقەکانی قاعیدە هەیە، هێندە ئینتمایان بۆ دەوڵەتی نیشتمانییان نەماوە، لەمەش زیاتر ناوچەکە بەرەو دابەشبوونێکی مەزهەبگەرایی لە نێوان سوننە و شیعە هەنگاو هەڵدەگرێت، لەلایەکی دیکەوە هەندێك ئاڵۆزکاری بە ڕادەیەك دروست بووە کە ئەمریکای خستۆتە نێوان دوو دوژمنەوە، هەر بۆ نموونە ئێستا ڕژێمێکی سەرکوتکاری وەك ڕژێمەکەی ئەسەد لە دژی تیرۆریستانی داعش و بەرەی نوسرە کە سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیە شەڕ

**بۆ ئێستا کە ناوچەکە لە بەردەم وەرچەرخانێکی گەورەدایە و گۆڕانکارییەکان ژینگەیەکی سیاسیی ئەوتۆیان هێناوەتەئاراوە کە هیچ لایەک نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پێش داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، ئەوا دەبێت ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی تازەش لەگەڵ بارودۆخە تازەکە لە دایک بێت**

**دیپلۆماتکارێکی گەورەی وەک دینیس ڕۆس دەڵێت: چیتر ناتواندرێت لە چوارچێوەی نەخشەی سایکس پیکۆ کار بکرێت و دەبێت بگەڕێنەوە بۆ نەخشەی لۆرانسی عەرەب، لەم نەخشەیەدا دەوڵەتێک هەیە ناوی کوردستانە**

دەکات، ئـــەم دوو لایەنە هەردووکیـــان پێکەوە دوژمنی ئەمریکا و ڕۆژئاوان، بۆیە لەنـــاو ئەم گێژاوەدا کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی سیاسیی ئەمریکا لەهەمبەر کێشـــە و تەنگژەکانـــی جیهان، ئەوا هەســـت دەکەین لەو مێژووەدا ئەمریکا هەمـــوو کات پێڕەوی لە چەند پرەنســـیپێکی دیپلۆماتی و ئاسایشـــی کردووە، بەڵام لە ئێســـتای کێشـــەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم پرەنسیپانە لە ئەولەوییەتی کارکردنی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما نابیندرێن. بۆیە لەم لایەنە جیمیس جیفری وەك ڕێگرتن لە هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی سیستمی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت داوا دەکات ئیدارەی سەرۆك ئۆباما هەنگاوی پێویســـت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددییانە بەمجۆرە بگرێتەبەر:

١. پێش هەموو شت دەبێت ئیدارەی ئەمریکا هەموو توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ پاراســـتنی شەرعییەتی دەوڵەتی نیشتمانی لە ناوچەکە.

٢. گرنـــگ و پێویســـتە وەڵامدانەوەی ســـەربازی پێویست بەرامبەر هەڕەشە سەربازییەکان هەبن کە ئێستا لە ناوچەکە بوونی هەیە.

٣. پێویســـتە مەزندەی مەترســـییەکان بکرێت و بە ئاستی ئەو مەزندانە خۆ ئامادەکردنی بۆ بکرێت.

سەبارەت بەم خاڵانە مەترسیی جیمس جیفری ئەوەیە ئەمریکا کۆمەڵێك خاڵی دیکەی کردۆتە ئەولەوییەتی سیاسەتی خۆی کە بریتین لە:

- ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران لەســـەر پرســـی چەکی نیوکلیاری.
- خۆ دوورخســـتنەوە لە ئۆپەراســـیۆنی سەربازی و مەترسی لە قوربانیدان و نەبوونی راویژکاری پێویستی ئەمریکا بۆ مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی عێراق.
- ســـتراتیژیەتی ئەمریکا بەرامبەر تیرۆریســـتانی داعش بێ ئومیدکردن و لەناوبردنە، بەڵام بەم شـــێوەی ئێستا ئەم ئامانجە نایەتەدی.

ئەگەر زۆر بە وردی هەڵوەســـتە لەســـەر قسەکانی جفیری بکەین و مەزندەکانی خۆی وەك دیپلۆماتکارێك لەگەڵ ئەولەوییەتی ئێستای سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بەراورد بکەین، ئەوا هەست دەکەین ئیدارەی ئۆباما لە ئێستادا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کێشەی دروستکردنی سیاسەت و بڕیـــاری هەیە، ئەمەش لە بـــەر ئەوەیە لە مێژووی دیپلۆماسیەتی ئەمریکا هەر کاتێك سەرۆك، یان ئیدارەی ئەمریکا کێشەی دروستکردنی بڕیاری هەبووبێت، پەنا بۆ دوو شـــێواز براوە، وەك لە ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٢ بۆ بەشداریکردنی ئەمریکا لە شـــەڕی دووەمی جیهانی ئەوا ڕۆزفەلت پەنای بۆ گەلی ئەمریکا برد، یان دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و شـــەڕی کوەیت و لوتکەی مەدرید، جۆرج بوشـــی باوك توانی قۆناخەکان پێکەوە گرێبداتەوە، بەڵام هەتا ئێستا ئیدارەی ئۆباما هیچ کام لەم دوو شێوازەی پیادە نەکردووە.

لەلایەکـــی دیکەوە و ســـەبارەت بە ئایندەی عێراق و پرسی سەربەخۆبوونی دەوڵەتی کوردستان، دیارە باڵیۆز جیفری وەك لە مەزندەکانی خۆی ئاماژەی پێکردووە و مەبەستێتی ئیدارەی ئەمریکاش بەو جۆرە ئەولەوییەتی سیاســـەتی خۆی دابڕێژێتەوە، بریتییە لە پاراســـتنی شەرعییەتی دەوڵەتی نیشتمانی، ئەمەش واتە پاراستنی ســـنوورەکانی ئێستا و ڕێگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی نوێ کـــە مەبەســـتی دەوڵەتی کوردســـتانە، جیفری راشـــکاوانە ئەو تەحەددییانە بە چەند پرسیارێکی بێ وەڵام بەمجۆرە ئاماژەی پێدەکات:

- چۆن دەتوانین یەکپارچەیی عێراق بپارێزین؟
- چـــۆن دەتوانیـــن وابکەین کـــورد لـــە عێراقدا بمێنێتەوە؟
- چۆن دەتوانین دەستڕۆیشـــتوویی ئێران لە عێراقدا کۆنترۆڵ بکەین؟

ئەگەر ئەم لایەنەی عێراق بەجێبهێڵین و ســـەرنجی ئەو هاوپەیمانییە بدەین کە ئێستا وەك پسپۆڕان ئاماژەی پێدەکەن دژی شـــەڕی بەوەکالەتی مەدی شـــیعییە لە ســـووریاوە بۆ لوبنان و بەحرێن و یەمەن، هەست دەکەین دیســـان لەناو تەنگەژەکەدا کێشـــەی پێناسەی دەوڵەت ســـەرهەڵدەداتەوە کە ســـێ چەمکی جیاواز لە خۆی دەگرێت، ئەوانیش بریتی دەبن لە:

١. چەمکی دەوڵـــەت لای داعش، کە درێژکراوەی چەمکی دەوڵەتە لە بیروبۆچوونی ئیخوان موسلمین و ســـەلەفی وەهابی، بەوەی پێویستە ئوممەی ئیسلامی لە دەوری یەك ســـەرکردە و یەك دەوڵەت کۆببنەوە، کە ئەویش دەوڵەتی ئیسلامییە، داعش لەم خاڵەدا جیاوازە لە ئەلقاعیدە لەبـــەر ئەوەی ئەلقاعیـــدە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی خســـتبووە دوای لێدانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا.

٢. چەمکی دەوڵەت بە مەفهومی ویلایەتی فیقهی لە مەزهەبی شـــیعەدا، بـــۆ ئەمەش وەك ئاشـــکرایە ئەم ڕەوتە لە ســـووریاوە بۆ لوبنـــان و بەحرێن و یەمەن دەســـت پێدەکات، ســـەبارەت بە مەترســـیی ئەم ڕەوتە عەرەبســـتانی ســـعودی و دەوڵەتانی کەنداو و میسر و ئەندامانی هاوپەیمانی شـــاڵاوی پێداگیری بە تورکیا

**سەرکردەکانی قاعیدە لە عێراق بۆچوونیان بەو جۆرە بووە کە مەترسیی سەرەکی شیعەیە و دەبێت شیعە پاکتاو بکرێت، ئەوان پێیانوایە شیعە لە عێراق کەمینەیە نەک زۆرینە و ئەگەر ئێستاش زۆرینە بێت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشی زۆری شیعەی ئێستا سوننە بوون و مەزهەبی خۆیان گۆڕیوە**

**ئەگەر ئیسرائیل نیاز، یان توانای لێدانی سەربازی لە ئێرانی هەبوایە، قەت ئاشکرای نەدەکرد و شاڵاوەکەی دەکرد، پێش ئەوەی هیچ لایەک هەستی پێ بکات**

و پاکستانیشــەوە لە مەترســیی دروستکردنی چەکی نیوکلیاری بە مەترسیتری دەزانن.

٣. چەمکــی دەوڵەت بە مەفهومی عەرەبســتانی ســعودی و دەوڵەتانی هاوپەیمانی شاڵاوی پێداگیری، ئەم چەمکە بریتییە لەو سیســتمە کۆنەی دەوڵەت کە ئێستا بوونی هەیە و بە بەرهەمی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ دادەنرێت.

سەبارەت بەم سێ چەمکەی دەوڵەت، ئێستا شەڕێکی هەمەلایەن و هاوپەیمانییەکی هەمەلایەن لە پێکداداندان، ڕەوتــی ڕووداوەکان ئامــاژە بۆ ئەوە دەکــەن هیچ کام لەم ســێ چەمکە ناتوانن ســەقامگیری بۆ ناوچەکە بگێڕنەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا بە شــێوەیەکی سەرەکی و جددی پشتگیری مانەوەی چەمکە کۆنەکە دەکات، بــەڵام وەك ڕیچارد هاس و فۆکۆیاما جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەو سیستمە کۆنە چیتر بوونی نەماوە و هۆکاری سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی داعشیش، ئــەوە نییە داعش وەك ڕێکخراوێــك زۆر بەهێزە، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە دەوڵەتانی نێو سیســتمە کۆنەکە فاشــیل و لاوازن، ســەرەنجامیش وەك ڕۆبن ڕایت بە جوانی پێناســەی کردووە، ناوچەکەی سەرتاپا کردۆتە ناوچەیەکی فاشــیل و پاشاگەردانییەکی سەرتاسەری تیا بەدی دەکرێت.

**● ڕێککەوتنی نێوان ئێران و ئەمریکا وەرچەرخان لەسەر ئاستی ناوچەکە**

ڕێککەوتنی ئەمریکا و ئێران لە ســەر پرسی چەکە نیوکلیارییەکانی ئێران، لە زۆر ڕووە لە ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێرانی ســاڵی ١٩٨٨ دەچێت لە چوارچێوەی بڕیــاری ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشــی نێودەوڵەتی، ئەمەش بەو مانایەی لە ســاڵی ١٩٨٨ کاتێك کۆماری ئیسلامی ئێران بە بڕیاری ٥٩٨ بۆ ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ عێراق ڕازی بوو، کــە وەك خۆیان دەڵێن «خواردنەوەی پەرداخێــك ژەهر» بوو، نەك ڕازیبوون بە ڕێککەوتنەکە، لە ئێستاشدا ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئەمریکا وەك پرۆ فیسۆر کینس پۆلاك ڕاوێژکاری پێشووی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا لە کتێبی (بیرلێنەکراوە.. Unthinkable) باســیکردووە، ئەمریکا بێجگە لە بــژاردەی ڕێککەوتن ڕێگەچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبووە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار:

١. ئەمریکا ناتوانێت هێرشــی سەربازی بکاتە سەر ئێران و کوورە ئەتۆمییەکانی لەناو بەرێت.

٢. ئەمریکا لە ســاڵی ١٩٧٩ تا ئێســتا سیاسەتی ئیحتواکردنی ئێرانی پیادە کردووە، ئەم سیاسەتە لەگەڵ ئەوەی ســوودی هەبووە، بــەڵام نەیتوانیــوە ئێران لە پەرەپێدانی نیوکلیاری ڕابگرێت.

ئەم دەستنیشانکردنەی پۆلاك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی پەرەپێدانی پرۆژەی نیوکلیاری ئێران چەند خاڵێکی گرنگی شــاراوە ئاشــکرا دەکات، ئەویــش ئەوەیە ئایا پرۆژەی نیوکلیاری ئێران دەبێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ عەرەبستانی سعودی؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پۆلاك پێیوایە پرۆژەی چەکە نیوکلیارییەکانی پاکستان بە پارەی ســعودیە بونیادنراون، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە چەکە نیوکلیارییەکانی پاکستان وەك چەکی نیوکلیاری عەرەبســتانی سعودیە وان، هەروەك چۆن دوای شاڵاوی پێداگیریش بە سەرکردایەتی سعودیە، پاکستان ڕایگەیاند هەر مەترسییەك بکەوێتە ســەر سعودیە بە ترسناکترین شــێوە وەڵام دەدرێتەوە، ئەم پێکــەوە گرێدانەوەی پۆلاك بەوەی چەکــە نیوکلیارییەکانی پاکســتان وەك چەکی نیوکلیاری سعودیە وان، جارێکی دیکە قسەکانی دینیس ڕۆس دیپلۆماتکاری ئەمریکی پشتڕاســت دەکاتەوە کە ڕۆژی چوارشــەممەی ڕابردوو لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراســاتی سیاســەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك ئاماژەی پێکردو گوتی: «ســعودیە لە چەکــە نیوکلیارییەکانی ئێران ناترسێت، ئەو لەو شەڕی بەوەکالەتە دەترسێت کە لە یەمەنــەوە بۆ کەنداوی عەقەبەی ئەردەنی دەورەی داوە، ســعودیە لە ئێستادا مەبەســتێتی ئەو شەڕە بەوەکالەتە لە خۆی دووربخاتەوە». کەواتە ئەم ڕێککەوتنەی نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر پرسی پرۆژەی نیوکلیاری ئێران کە ئێســتا کۆماری ئیسلامی ئێران وەك سەرکەوتنێکی گــەورە بۆ خۆی هەژمــاری دەکات، تەنها وەرچەرخان نییــە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکادا، بەڵکو وەرچەرخانیش دەبێت لە هاوســەنگیی هێز و پارسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا، ئەم هاوکێشە تازەیەش کە ئیســڕائیل ترســی ئەوەی هەیە ئەمریکا نەتوانێت وەك پێویســت جڵەوگیری بکات و هەڵوێســتی لەبارەوە وەربگرێــت، ئەو لێدوانانەی لێکەوتۆتەوە کە ئیســڕائیل بە ئاشــکرا ئاماژە بۆ ئــەوە دەکات ئامادەیە هەر کاتێك بیەوێت هێرش بکاتە ســەر پــرۆژەی نیوکلیاری ئێران، بەڵام سەبارەت بەم بانگەشە ئیعلامییانەی ئیسرائیلیش پسپۆڕان و چاودێرانی سیاسی لەسەر ئاستی ناوەندەکانی توێژینــەوە لە ئەمریکا و بە وانەشــی کــە خۆیان بە پرۆئیســرائیل دەزانن، ئەوان لەو بڕوایەدان ئیسڕائیل لە ئێســتادا ناتوانێت هێرشی ســەربازی بکاتە سەر ئێران، مێژووی شــاڵاوەکانی ئیسرائیلیش بۆســەر عێراق لە ١٩٨١ و ســووریا لە ٢٠٠٧ ئەوە ئاشکرا دەکەن، ئەگەر

**ئەم ڕێککەوتنەی نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر پرسی پرۆژەی نیوکلیاری ئێران کە ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خۆی هەژماری دەکات، تەنها وەرچەرخان نییە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکادا، بەڵکو وەرچەرخانیش دەبێت لە هاوسەنگیی هێز و پارسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٩ تا ئێستا سیاسەتی ئیحتواکردنی ئێرانی پیادە کردووە، ئەم سیاسەتە لەگەڵ ئەوەی سوودی هەبووە، بەڵام نەیتوانیوە ئێران لە پەرەپێدانی نیوکلیاری ڕابگرێت**

**رێككەوتنی ئەمریكا و ئێران لە سەر پرسی چەكە نیوكلیارییەكانی ئێران، لە زۆر رووەوە لە رێككەوتنی نێوان عێراق و ئێرانی ساڵی ١٩٨٨ دەچێت لە چوارچێوەی بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی**

**وەك ریچارد هاس و فۆكۆیاما جەختی لەسەر دەكەنەوە، ئەو سیستەمە كۆنە چیتر بوونی نەماوە و هۆكاری سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی داعشیش، ئەوە نییە داعش وەك رێكخراوێک زۆر بەهێزە، بەڵكو هۆكارەكەی ئەوەیە كە دەوڵەتانی نێو سیستەمە كۆنەكە فاشیل و لاوازن، سەرەنجامیش وەك رۆبن رایت بە جوانی پێناسەی كردووە، ناوچەكەی سەرتاپا كردۆتە ناوچەیەكی فاشیل و پاشاگەردانییەكی سەرتاسەری تیا بەدی دەكرێت**

**ئیدارەی ئۆباما لە ئێستادا بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست كێشەی دروستكردنی سیاسەت و بڕیاری هەیە**

ئیسرائیل نیاز، یان توانای لێدانی سەربازی لە ئێرانی هەبوایە، قەت ئاشكرای نەدەكرد و شاڵاوەكەی دەكرد، پێش ئەوەی هیچ لایەك هەستی پێ بكات.

لەم هاوكێشە ئاڵۆزەدا كە هەتا ئێستا ئاراستەی رووداوەكان بەرەو ئەوە دەچن ناوچەكە بەسەر هەر دوو مەزهەبی شیعە و سوننە دابەش ببێت و مەترسیی شەڕێكی گەورەی مەزهەبی و خوێناویش لە ئارادایە، پێشبینی ئەوە دەكرێت بێجگە لە ئەمریكا و رۆژئاواش، دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی سوننە مەزهەب بیر لە قۆناخی دوای داعش لە سووریا و عێراق بكەنەوە، ئەمەش لەو روانگەیەوە، داعش كاردانەوەیە بۆ مەترسییە ئیقلیمییەكان، راشكاوانەتر مەترسیی سوننە بەرامبەر بە ئێران. هەروەها ئەوانەشی كە كار لەسەر رەوتی رێكخراوە تیرۆریستییەكانی داعش و ئەلقاعیدە دەكەن، هۆكاری جیابوونەوەی داعش لە ئەلقاعیدە بۆ تێڕوانینی داعش بۆ دەوڵەتی ئیسلامی و خەلافەتی ئیسلامی لە بیروبۆچوونی ئەلقاعیدە دەگەڕێننەوە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای پەیدابوونی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە ٢٠٠٦ لە لایەن رێكخراوی ئەلقاعیدە (لقی عێراق)، سەركردەكانی قاعیدە بەتایبەتی ئەیمەن زەواهیری و عەتاڵا لیبی و سەیف عەدل لەگەڵ ئەبو موسعەبی زەرقاوی دوای ئەویش لەگەڵ ئەبو حەمزەی موهاجیر لە وتووێژدا بوون، راستە ئەلقاعیدە لەگەڵ ئەوە بوو كە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقدا رابگەیەندرێت بە مەرجێ ئەولەوییەتی دەركردنی سوپای ئەمریكا بێت، ئینجا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و پاشان فراوانكردنی جیهاد لە ناوچەكە و خۆئامادەكردن بۆ لێدانی ئیسرائیل، بەڵام سەركردەكانی قاعیدە لە عێراق بۆچوونیان بەو جۆرە بووە كە مەترسیی سەرەكی شیعەیە و دەبێت شیعە پاكتاو بكرێت، ئەوان پێیانوایە شیعە لە عێراق كەمینەیە نەك زۆرینە و ئەگەر ئێستاش زۆرینە بێت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بەشی زۆری شیعەی ئێستا سوننە بوون و مەزهەبی خۆیان گۆڕیوە، راشكاوانەتر لەمە، سەركردەكانی قاعیدە دژی ئەوە بوون ئەولەوییەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق كە دوای حوزەیرانی ٢٠١٤ بووە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، پاكتاوی شیعە بێت، بەڵام ئەگەر بە دیوێكی دیكە سەیری بكەین، وەك دینس رۆس ئاماژەی پێدەكات، ئەم حاڵەتە وەك كاردانەوەیەك بۆ مەدی شیعە لە ناوچەكە سەیر دەكرێت، هەر ئەمەش وایكردووە، كە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و دەوڵەتانی ناوچەكە، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش وەك پێویست پتەو نەبێت.

كەواتە لەم حاڵەتەدا ئەولەوییەتەكان لەسەر ئاستی سیاسەت و ستراتیژیی ناوچەكە لە بەردەم گۆڕانكارییەكی گەورەدایە، بەتایبەتیش وەك رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆكی توركیا راشكاوانە پەیامە توندەكانی ئاراستەی ئێران كرد، بەوەی دەبێت هێزەكانی ئێران لە عێراق و سووریا و یەمەن بكشێنەوە، ئەمە بەو مانایە دێت، پرسی ململانێی هاوسەنگیی هێز و پێگە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە وا پێویست بكات ئیسرائیل لە دەرەوەی هاوكێشەكە بێت و ئەمریكاش لە چوارچێوەی بەشدارییەكی راستەوخۆی ئاسمانی و ناڕاستەوخۆی زەمینی و تیكەڵكراو بە دیپلۆماتییەكی تازە رۆڵێك لە داڕشتنەوەی رێكخستنی هێز لە ناوچەكەدا بگێڕێت.

### ● كوردستان لەناو هاوكێشە ئاڵۆزەكەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

گەورەترین كێشەی ئێستای ئەمریكا ئەوەیە چی بكات بۆ ئەوەی كوردستانی باشوور وەك بەشێك لە ناو عێراقدا بمێنێتەوە؟ لەم پرسیارەش گرنگتر كە لە نێو هەموو ئەو پرس و بابەتانە سەرهەڵدەدەن كە پەیوەندییان بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، ئەوەیە كە ئایا ئایندەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەبێت، ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان رابگەیەندرێت؟ لەمەش زیاتر دەپرسن: ئایا ئامانجی سەرەكیی مسعود بارزانی سەرۆكی ئێستای هەرێمی كوردستان چییە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەسەر ئاستی ناوەندە فیكری و سیاسییەكان بە دوو ئاراستەن:

١. ئەو دیپلۆماتكار و سیاسەتمەدارانەی كە پێشتر لە ئیدارەی ئەمریكا كاریان كردووە و ئێستا پۆستی فەرمییان نییە، راشكاوانە رای خۆیان دەڵێن، هەر بۆ نموونە دیپلۆماتكارێكی گەورەی وەك دینیس رۆس دەڵێت: چیتر ناتواندرێت لە چوارچێوەی نەخشەی سایكس پیكۆ كار بكرێت و دەبێت بگەڕێنەوە بۆ نەخشەی لۆزانی عەرەب، لەم نەخشەیەدا دەوڵەتێك هەیە ناوی كوردستانە، كینس پۆلاك كە سەرۆكی سەنتەری سابانە لە ئامۆژگای برۆكینگز و چەندین ساڵ شرۆڤەوانی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریكا بووە، راشكاوانە دەڵێت: من چەندین جار سەرۆكی هەرێمی كوردستانم بینیوە، ئامانجی مسعود بارزانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستانە، جۆزیف بایدن كە ئێستا جێگری سەرۆكی ئەمریكایە، پێش ئەوەی ئەم پۆستە وەربگرێت، خۆی خاوەنی بیرۆكەی دابەشكردنی عێراق بوو بۆ سێ پارچە، بەڵام ئێستا هەر ئەو بایدنە وەك ئەو كات پشتگیری ئەو بیرۆكەیە ناكات.

**٢.** ئەو دیپلۆماتکار و سیاسەتمەدارانەی کە ئێستا لە ئیدارەی ئەمریکا کاردەکەن، بۆچوونەکانیان رەنگدانەوەی سیاسەتی فەرمی ئیدارەی ئێستای ئەمریکایە، ئەم خەڵکانە بەشی هەرە زۆریان دەزانن ئەوەی دەیڵێن رای خۆیان نییە و سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکایە، هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠١٤ باڵیۆز رۆبەرت فۆرد باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سووریا دەستی لەکارکێشایەوە و رایگەیاند: «چیدیکە ناتوانم بەرگری لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە سووریا بکەم»، ئەمە مانای ئەوەیە دیپلۆماتکارێکی وەك رۆبەرت فۆرد پێش ئەوەی دەست لە کار بکێشێتەوە، هەستی کردووە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر سووریا هەڵەیە، بەڵام تا ئەو کاتەی لەو پۆستە بووە، نەیتوانیوە رای خۆی بە ئاشکرا بڵێت، لەم چوارچێوەیەدا کاتێك گوێ لە گوتارەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بەرپرسانی دیکەی کۆشکی سپی سەبارەت بە کوردستانی باشوور و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە دەگرین، بە راشکاوی هەست دەکەین هەموو هەوڵی ئەمریکا بۆ ئەوەیە چۆن کوردستانی باشور وەك بەشێك لە عێراق بهێڵێتەوە، دیارە گوشارەکانیان لەسەر سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان و باسکردنی پێشمەرگە وەك بەشێك لە هێزی بەرگری عێراق و ئاماژەکردن بە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە وەك سەرکەوتنەکانی عێراق لە شەڕی تیرۆردا هێمای ئەو واقیعەن، هەروەها پیشاندانی حکومەتی عێراق وەك حکومەتێکی شەرعی هەڵبژێردراو و دیموکراتی، لە کاتێکدا هەر خۆیان ئەوە ناشارنەوە کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە سەر ناسنامەی مەزهەبگەرایی عەرەبی سوننە دەکوژن وماڵیان تاڵان دەکەن، ئەمانە هەمووی ئاماژەی راشکاوانەن بۆ ئەوەی بە هەر نرخێك بێت عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵنەوە و کوردستانی باشووریش بەشێك بێت لەو دەوڵەتە.

لەنێو ئەم کێشمەکێشەدا کە هەردوولایان باش دەزانن عێراق بە یەکپارچەیی نامێنێتەوە، پرسیارێکی دیکەیان وروژاندووە بەوەی: «ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی کوردستانی باشوور وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە؟»، وەڵامی ئەم پرسیارە هەتا ئێستا تەواو روون و ئاشکرا نییە، لەبەر ئەوەی لایەنی کوردی وەڵامی بۆ ئەم پرسیارە جێبەجێکردنی تەواوی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقە، ئەو دەستوورەی کورد و هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەنگیان لەسەرداوە، بەڵام سەبارەت بەم وەڵامەی کورد بۆ ئەو پرسیارە، ئایا ئەمریکا دەتوانێت پشتگیری بەغدا و هەولێر بکات بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو دەستوورە جێبەجێ بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئاشکرا نییە، لەبەر ئەوەی دەستووری عێراق لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوە و فرەئیتنی داڕێژراوە، نەك چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا، بۆیە ئەو مافانەی لە دەستووردا بۆ کوردستان دیاریکراون، وەك مافی هەرێمێکی فیدراڵی، یان پارێزگا دیاریکراون، نەك وەك ئەوەی نووسرا بێت کورد بەپێی ئەم دەسەڵاتەی پێی دراوە وەك بەشێك لە عێراق دەمێنێتەوە، تەنانەت ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیش وەك ماددەیەك بە کێشەی خاك و دیموگرافیا لە عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، نەك کێشەی خاك لە نێوان کوردستانی باشوور و عێراقی عەرەبیدا، ئەم حاڵەتە وایکردووە کە نەتواندرێت لە چوارچێوەی رێککەوتنێکدا کە تایبەت بێت بە چۆنیەتی مانەوەی کوردستان لەگەڵ عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش وایکردووە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: «چی بکەین بۆ ئەوەی کوردستانی باشور وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە؟»)

تەڵزگە و ئاستەنگی زۆری بێتە بەردەم، هەروەك چۆن لە مافی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان کە دەستووری عێراقی ئەو مافەی بە کوردستان داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردستان وەك کیان و نەتەوە لە دەستوورەکەدا بەشێوەیەکی تایبەت ناوی نەهاتووە کە ئەم مافەی هەیە، ئەمەش دەرگای لێکتێگەیشتنی ئەگەر داشنەخستبێت، بەڵام وایکردووە تەواو ئاسان نەبێت.

بۆ ئێستا کە ناوچەکە لە بەردەم وەرچەرخانێکی گەورەدایە و گۆڕانکارییەکان ژینگەیەکی سیاسیی ئەوتۆیان هێناوەتەئاراوە کە هیچ لایەك نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پێش داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، ئەوا دەبێت رێککەوتن و لێکتێگەیشتنی تازەش لەگەڵ بارودۆخە تازەکە لە دایك بێت، راستە ئەمریکا هەموو ئامانجی ئەوەیە کە پارێزگاری بە سیستمی دەوڵەتە کۆنەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بکات، بەڵام دەبێت ئەمریکا و کاربەدەستانی بەغداش راشکاوانە بگەنە ئەو قەناعەتەی مانەوەی هەیکەلی دەوڵەتە کۆنەکە بە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆن شتێکی مەحاڵە و دەبێت بیر لە شێواز و میکانیزمی تازە بکرێتەوە، ئەو شێواز و میکانیزمە نوێیەش، دەبێت کوردستان و عێراقی عەرەبی لە چوارچێوەی رێککەوتنێك پێکەوە گرێبداتەوە، نەك کوردستان وەك بەشێك لە چوارچێوەی عێراقدا بهێڵێتەوە.

**ئەمریکا هەموو کات پێڕەوی لە چەند پرەنسیپێکی دیپلۆماتی و ئاسایشی کردووە، بەڵام لە ئێستای کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم پرەنسیپانە لە ئەولەوییەتی کارکردنی ئیدارەی سەرۆک ئۆباما نابیندرێن**

**سیستمی دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و هاووڵاتیانی ناوچەکەش هیندەی ئینتیمایان بۆ بزاوتە ئیسلامییە توندڕەوەکانی هاوشێوەی داعش و لقەکانی قاعیدە هەیە، هێندە ئینتیمایان بۆ دەوڵەتی نیشتمانییان نەماوە، لەمەش زیاتر ناوچەکە بەرەو دابەشبوونێکی مەزهەبگەرایی لە نێوان سوننە و شیعە هەنگاو هەڵدەگرێت**

**شێواز و میکانیزمێکی نوێ دەبێت کوردستان و عێراقی عەرەبی لە چوارچێوەی رێککەوتنێك پێکەوە گرێبداتەوە، نەك کوردستان وەك بەشێك لە چوارچێوەی عێراقدا بهێڵێتەوە**



پرۆفیسۆر حوسێن باغچی پسپۆڕ لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئەمریکا پشتگیری نەکات، سعودیە ناتوانێت سەرکردایەتی هاوپەیمانی سەربازی دژی حوسییەکان بکات

**پرۆفیسۆر حوسین باخچی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی تیکنیکاڵ میدڵ ئێست لە تورکیا و تایبەتمەندە لە سەر پرسە هاوچەرخەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئاسایشی ئەورووپا و سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا و تورکیا، بۆ قسەکردن لەسەر هەڵوێستی ئەم دواییەی تورکیا بەرامبەر هاوپەیمانی پێداگیری بۆ لێدانی حوسییەکان لە یەمەن و دواکەوتنی لە سەر پرسی داعش و ئەو گۆڕانکارییانەی ناوچەکە بەخۆیەوە دەبینێت، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر باغچی ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** بۆچی تورکیا لە لێدانی حوسییەکان بەپەلە هەڵوێستی خۆی دیاری کرد، بەڵام لە مەسەلەی داعش دواکەوت؟**

- یەك لە هۆیەکان ئەوەیە کە حوسییەکان دوورن و لەوبەری دەریاوەن، بەڵام داعش نزیکە لە تورکیا. راستە تورکیا هەڵوێستی خۆی دیاریکردووە بەوەی پشتگیری لێدانی چەکدارانی حوسی دەکات لە یەمەن، بەڵام تورکیا بەتەنها هیچی پێناکرێت، پرسەکە زیاتر لە نێوان سعودیە و ئێران و ئەمریکادایە، لەمەش زیاتر تورکیا ئەگەر بیەوێت سەرباز رەوانەی ئەو شەڕە بکات، دیارە ئەوە پێویستی بە بڕیاری پەرلەمانی تورکیا هەیە، بەڵام لەسەر مەسەلەی داعش ئەردۆگان خۆی دوورخستەوە لەوەی بڕیارێکی بەپەلە بدات، ئاگادارن لە سەرەتاوە ٤٩ دیپلۆماتکاری تورکی لە کونسوڵخانەی تورکیا لە موسڵ لەلایەن داعشەوە دەستبەسەر کران، بۆیە دەبوو تورکیا لە مەسەلەی داعش بە حەزەرەوە هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی

سیاسەتی تورکیا بخوێننەوە تورکیا هەڵوێستی بەرامبەر بە داعش بەوجۆرە نییە.

*** هەست دەکرێت کە شا سەلمانی پادشای سعودیە لە ماوەیەکی کەم و خێرا بڕیارێکی قورسی داوە. ئێستا پێنج دەوڵەتی کەنداو و میسر و سودان هاتوونەتە ژێر سەرکردایەتی سعودیە و پشتگیری دەکەن. لەلایەکی تریشەوە تورکیا و پاکستان پشتگیری خۆیان دووپات کردەوە. ئایا وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی سوننە رازین بە سەرکردایەتی سعودیە بۆ ئەو هاوپەیمانییە سەربازییە؟**

- سەرەتا دەبێ وا لێکیبدەینەوە کە ئەم هێرشە بە پاڵپشتی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت. واتە هێرشێکی هاوپەیمانییە. لە لایەکی تریشەوە لەگەل ئەم ١٠ دەوڵەتدا، بێگومان بەشداری میسر زۆر گرنگ بوو کە ئەرکی ئابووری و سەربازی هێرشەکان لەسەر ئەستۆی میسر و سعودیەیە. لێرەدا تورکیا دوور خراوەتەوە، چونکە تورکیا لەبەر ناتۆ ناتوانێ بێتە ناو سوپای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوانیش نایانەوێ تورکیا بەشداربێت چونکە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ زۆر لە دەوڵەتە عەرەبییەکان باش نییە. پەیوەندی لەگەڵ لیبیا و میسر و ئەسەد خراپە. واتە لە هەر شوێنێك سەیری شەڕی یەمەن بکەین، دەبینین کە تورکیا دوور خراوەتەوە. ئیستاش چووەتە نێو شەڕێکی راگەیاندن لەگەڵ ئێران، کاردانەوەکانی ئەم دواییەی ئێران بەرامبەر لێدوانەکانی ئەردۆگان ئەمە دەخاتەڕوو.

*** هاتنە ناوەوەی پاکستان و تورکیا وەك دوو دەوڵەتی غەیرە عەرەب، تا چەند پەیوەندی بە هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا هەیە؟**

- لە ئێستادا ئێران راستەوخۆ بەشداری هێزی سەربازی ناکات، بەڵام دەیەوێت بە پشتگیریکردنی ئەم گرووپە کاریگەر بێت. ئەوەی من دەیبینم ئەمریکا و دەوڵەتە عەرەبییەکان نایانەوێت ئێران لە ناوچەکەدا کاریگەر بێت. هەر بۆیە بە خێرایی هێرشەکان دەستیپێکرد بە سەرۆکایەتی سعودیە، بەڵام بە پشتگیری ئەمریکا. چونکە بێ ئاگاداری ئەمریکا سعودیە ناتوانێت هەنگاوێکی وا بنێت، هەموو هەنگاوێکی هێرشەکە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکاوە ئەنجام دەدرێت و بنکەی سەربازی شەشەمی ئەمریکا لە دەوحەیە. بەڵام وا پیشان دەدرێت کە سعودیە سەرپەرشتی دەکات.

*** ئەو دەوڵەتانەی بەشداری لە لێدانی حوسییەکان دەکەن هەموویان هاوپەیمانی نێودەوڵەتین دژی تیرۆریستانی داعشیش، ئایا تا چەند دروستکردنی هێزێکی عەرەبی سەرەتایەکە بۆ هێرشکردنە سەر داعش لە عێراق و سووریا؟**

- بەڵێ دەبێت. ئێستا ئەمریکا بەشداری لە کۆنترۆڵکردنەوەی تکریت دەکات لەگەڵ سوپای عێراقی و لە سووریاش بەردەوامە لە بۆردومانکردنی داعش. لە لێدوانەکانی ئەسەد بۆ ئەمریکییەکان وا نیشان دەدات کە ئەویش نایەوێت بکەوێتە ململانێ لەگەڵ ئەمریکا. با ئەوەش بڵێم کە ئیستا ئەمریکا لە دانوستاندایە لەگەڵ بەشار ئەسەد. وتەکانی ئەسەد ئەمە دەخاتەڕوو کاتێك وتی: «هیچ کەسێکی عاقڵ حەز ناکات پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا خراپ بێت».

*** خەریکە لێدانی حوسییەکان گرێدەدرێتەوە بە رووخانی رژێمی ئەسەد، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هاوپەیمانییەکە بە سەرکردایەتی سعودیە، حوسییەکان و بەشار ئەسەد بەو جۆرە سەیر دەکەن کە شەرعیەتییان نییە. ئایە تا چەند ئەم هێرشەی سەر یەمەن سەرەتایەکە بۆ رووخانی رژێمی ئەسەد؟**

- پێموایە ئەسەد لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، چونکە لە ئێستادا ئەسەد لە پلەی سەرۆك دەوڵەتێکە کە رووبەڕووی گرووپە توندڕەوەکان دەبێتەوە. بە پێچەوانەوە ئەسەد بەهێزتر بووە. راستە توانای زۆری لەدەست دا، بەڵام دووبارە دەستی هێرش و لێدانی گرووپەکانی داعش و بەرەی نوسرەی کردۆتەوە. بەتایبەتی کە چەند لایەنێك یارمەتی دەدەن وەك رووسیا و چین و هیندستان. بۆیە بەشار ئەسەد تەنیا نییە. لە لایەکی تریشەوە ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی دژی ئەسەدن زۆر نین. لە ئێستادا پەیوەندی نێوان سووریا و میسر زۆر باشە. ئەوەی لێی قەوماوە تورکیایە، چونکە دواتر عەرەبەکان لەگەڵ ئێران دەکەونە رێککەوتن و تورکیاش لە دەرەوە دەمێنێتەوە. بۆیە تورکیا دەبێت زۆر بە حەزەر بێت. لە دوای ئەم خاڵەدا تورکیا هیچ دەرفەتێکی نییە بۆ ئەوەی لە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداربێت. ئەوەی کە قەدەری ناوچەکە دیاری دەکات، ئێران و سعودیە و میسر دەبن.

*** حکومەتی بەغدا هاوپەیمانی ئێرانە و دژی ئەو هێرشەیە بۆ سەر حوسییەکان. ئایا تا چەند حکومەتی عێراق لەم هاوکێشەیەدا زەرەرمەند دەبێت ئەگەر خۆی لەم پرسە بە دوور نەگرێت؟**

- نزیکبوونەوەی عێراق لە ئێران لەو چوارچێوەیە دەبێت کە ئەمریکا بۆ عێراقی داناوە و ناتوانێت زیاتر نزیکی ببێتەوە. لە لایەکی تریشەوە نزیکبوونەوەیەکی ئێران و ئەمریکا هەیە و دەبێ ئەمەش ببینین. ئێستاش لایەنی هاوبەشی عێراق و ئێران و ئەمریکا رووبەڕووبوونەوەی داعشە. وتەی دوژمنی دوژمنم دۆستمە نزیکی کردوونەتەوە.

*** لە کۆتاییدا چ پەیڤێکتان بۆ خوێنەرانمان هەیە؟**

- دژایەتیکردنی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە سەروویانەوە ئیخوان، ئامانجی هاوبەشی هەندێك وڵاتی عەرەبی و رۆژئاوایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەبەر ئەمە لە رۆژانی داهاتوودا رێککەوتنی نوێ و کارەکتەری نوێ سەرهەڵدەدات لە ناوچەکەدا. بەڵام ناوچەکە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا و رۆژئاوا بەردەوام دەبێت. هەر هێرشێکی سەربازی بکرێت، بە یارمەتی هێزە هاوپەیمانەکان دەبێت. لەبەر ئەوە حوسییەکان لە یەمەن بە هیچ شێوەیەك سەرناکەون، چونکە باس لە سوپایەکی ١٠٠ هەزار کەسی دەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی درووستبوونی سوپایەکی هاوبەشی عەرەبی کە کاریگەری ئێران لە ناوچەکەدا کەم دەکاتەوە. ئێران پشتگیری حزبوڵڵای لوبنانی و حوسییەکانی لە یەمەن کردووە. ئەمەش واتە پشتگیری گرووپە توندڕەوەکان دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە لە سووریا پشتگیری لە ئەسەد دەکرد دژی گرووپە توندڕەوەکان، ئەمەش دوو هەڵوێستی پێچەوانەی یەکە.

**باس لە سوپایەکی ١٠٠ هەزار کەسی دەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی درووستبوونی سوپایەکی هاوبەشی عەرەبی کە کاریگەری ئێران لە ناوچەکەدا کەم دەکاتەوە**

**لایەنی هاوبەشی عێراق و ئێران و ئەمریکا رووبەڕووبوونەوەی داعشە. وتەی دوژمنی دوژمنم دۆستمە نزیکی کردوونەتەوە**

**نزیکبوونەوەی عێراق لە ئێران لەو چوارچێوەیە دەبێت کە ئەمریکا بۆ عێراقی داناوە و ناتوانێت زیاتر نزیکی ببێتەوە**

**تورکیا لەبەر ناتۆ ناتوانێ بێتە ناو سوپای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوانیش نایانەوێ تورکیا بەشداربێت، چونکە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ زۆر لە دەوڵەتە عەرەبییەکان باش نییە**



**پێدەچێت ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی سەرۆک ئۆبامادا بیەوێت دەستی ئێران پتر واڵا بکات لە جیهانی عەرەبیدا لە بەرامبەر گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لە بارەی کێشە ئەتۆمییەکەوە**

**د. کۆل بۆنزل مامۆستای زانستی سیاسەتە لە زانکۆی پریستۆن و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی لەنێو تەیاری ئیسلامی سیاسی لە ئیخوان و سەلەفییەوە تادەگاتە قاعیدە و داعش، تازەترین توێژینەوەشی بە ناونیشانی: (لە دەوڵەتی وەرەقەوە بۆ خەلافەت: ئایدیۆلۆژیەتی دەوڵەتی ئیسلامی)ـە کە لە ئامۆژگای برۆکینگز بڵاوکراوتەوە و پەنێلێکی بۆ سازکراوە. بۆ قسەکردن لەسەر گەردەلوولی پێداگیری بە سەرکردایەتی سعودیە دژی چەکدارانی حوسییەکان لە یەمەن و کاریگەریی ئەم هاوپەیمانییە تازەیە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د.بۆنزل کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرکردایەتیکردنی سعودیە بۆ شاڵاوی سەربازیی گەردەلوولی پێداگیری هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراو بوو، وەك پسپۆڕێك لە بواری شەڕی تیرۆر و شارەزا لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئامانجی ئەم شاڵاوە چۆن دەبینیت؟**

- ئەمە دەکەوێتە سەر ئەوەی گەردەلوولی پێداگیری چ مانایەکی هەیە. ئایا تەنها ڕێوشوێنێکی سزادانە و ئامانج لێی هۆشداریدانە بە ئێرانییەکان؟ یاخود بارودۆخەکە بە چەشنێك بەرەو هەڵکشان دەچێت کە سعودیە دووبارە دەسەڵات بگێرێتەوە بۆ هادی عەبد ڕەبۆ لە عەدەن، بێگومان لە ئێستادا دوو حکومەتی ڕکابەر هەن لە یەمەن- حکومەتێکی سوننە و حکومەتێکی شیعە، هێشتا بەلای منەوە ئامانجی ئەم ئەرکە ڕوون نییە.

*** بەڵام عەربستانی سعودیە بەوە ناسراوە کە زۆر هەستیار و زۆر بە حەزەرە لە کاتی دەرکردنی بڕیارەکاندا، کەچی ئەمجارەیان بڕیارێکی زۆر توندی دا لە دژی حوسییەکان لە یەمەن و هەروەها زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەکانیش ئەم بڕیارەیان دا، یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاش پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاندووە بۆ ئەم بڕیارە. بەپێی بیروبۆچوونی ئێوە، ئایا ڕۆژئاوا ئامادەیە سعودیە ڕۆڵێکی پێشەنگ لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا ببینێت؟**

- باوەڕم وا نییە ڕۆژئاوا هەڵوێستێکی یەکگرتووی هەبێت. وا پێدەچێت ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی سەرۆك ئۆبامادا بیەوێت دەستی ئێران پتر واڵا بکات لە جیهانی عەرەبیدا لە بەرامبەر گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لە بارەی کێشە ئەتۆمییەکەوە. ئاشکرایە فەرەنسا، لە نێو هێزە ڕۆژئاواییەکاندا گومان و ڕاڕایی هەیە لەم بارەوە. ئیدارەی ئۆباما دەستبەرداری سعودیە نابێت، یاخود سەرزەنشتی کردەوەکانی سعودیە ناکات لە یەمەن، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە سەرۆك ئۆباما پتر دەیەوێت جیاوازییە تایەفەگەرییەکان تێپەڕێنێت وەك لەوەی پەرە بە کامپێکی سوننە بە سەرکردایەتی سعودیە و میسر بدات لە دژی کامپی شیعە بە سەرۆکایەتی ئێران. لە تێڕوانینی مندا، ئەگەری ئەوە هەیە واقیعە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا دژی ئەم پێکهاتنە بن.

*** لە دوا وتاریدا، سەرۆکی تورکیا، ئەردۆغان، هێرشی**

د. کۆل بونزل تایبەتمەند لەسەر ئایدیۆلۆژیەتی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# دەوڵەتانی عەرەبی سوننە هێندەی لە مەددی شیعە دەترسن هێندە لە دەوڵەتە ئیسلامییەکەی داعش ناترسن

**کردە سەر ئێران و بەو شێوەیە وەسفی ئێرانی کرد کە دەیەوێت دەسەڵاتی شیعە لە ناوچەکەدا بەرفراوان بکات، هەروەها داوای کشاندنەوەی هیزەکانی ئێرانی کرد لە سووریا و عێراق و یەمەن. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك ئەم هەڵوێستەی تورکیا پەیامێکی بەهێزە بۆ ئێران؟**

- پێموا نییە تورکیا ئامادە بێت لە رووی سەربازییەوە کار بکات بۆ پاشەکشەپێکردنی دەستڕۆیشتویی ئێران لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە غیابی پشتیوانییەکی چالاکی ئەمریکی بۆ ئەم کارە.

*** بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە بەغدا هاوپەیمانی تارانە، ئەمەش واتە کاری تورکیا لەم پرسە ئاسان نابێت؟**

- تا دەستڕۆیشتویی ئێران زیاتر بێت لە عێراقدا، ئەوا عێراق پتر دەبێتە دۆخی نەخوازراوی جیهانی عەرەبی.

*** هێرشکردنەسەر حوسییەکان گرێدراوەتەوە بە رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەدەوە، لەبەر ئەوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی بە سەرۆکایەتی سعودیە پێکهێندراوە، پێیوایە حوسییەکان و رژێمەکەی ئەسەد شەرعییەتیان نەماوە، ئایا تا چ رادەیەك ئەم هێرشەکردنەی سەر یەمەن سەرەتایەك بۆ رووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد دەبێت؟**


- هێشتا ڕوون نییە گەردەلوولی یەکلاکەرەوە دەبێتە هۆی پاشەکشەپێکردن، چ جای رووخاندنی ڕژێمی حوسییەکان لە یەمەن. پێموا نییە ئەم ئۆپەراسیۆنە ئاماژە بێت بە رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەد.

*** ئەو وڵاتانەی تێوەگلاون لە لێدانی حوسییەکان بەشێکیشن لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە رێکخراوی تیرۆریستی داعش. تا چ رادەیەك پێکهێنانی سوپایەکی عەرەبی بریتییە لە کۆتاییهاتنی داعش لە عێراق و سووریا؟**

- لە رووداوەکانی ئەم دواییەی یەمەن و سووریا گەردەلوولی یەکلاکەرەوە و گرتنی ئیدلب لە لایەن گروپێك لە یاخیبووانی سوننە - کە کەنداو پاڵپشتیان دەکات- ئەو راستییە روون بۆوە کە وڵاتە عەرەبییە سوننەکان زۆر زیاتر نیگەرانن لە بارەی گەورەبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا وەك لە نیگەرانییان لە ئاست گەورەبوونی دەوڵەتی ئیسلامی داعش. هیوادارم پیشنیارەکەی سیسی بۆ پێکهێنانی هێزێك بۆ بەرنگاربوونەوەی تیرۆریستان (بە مانای جیهادییەکان) بەرهەمی هەبێت، بەڵام زۆر ئومێدی لێناکرێت.

*** لەم دۆخە هەستیار و گۆڕاوەی ناوچەکەدا تا چ رادەیەك ستراتیژیەتی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆریستانی داعش بۆی هەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت؟ یان تا چ رادەیەك ئەمریکا و رۆژئاوا پشتیوانی ئەو سوپا عەرەبی و ئیسلامییە تازەپێکهاتووە دەکەن بۆ ئەوەی لە پاڵ ئەو هێرشە ئاسمانییانەی لە ئێستادا دژی داعش دەکرێت، هێرشی زەمینیش دەست پێ بکرێت؟**

- ئەمە زیاتر گریمانەیە. ئەوەی تۆماری ئەمریکا لەم رووەوە پێمان دەڵێت، ئەوەیە کە ئەمریکا ئامادەیە لەگەڵ هەر لایەنێکدا کار بکات کە شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی بکات. کەواتە ئایا کار لەگەل ئەو سوپایەدا دەکات کە سیسی پێشنیاری کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیهادییەکان؟ من هۆکارێك نابینم بۆ ئەوەی ئەم کارە نەکات، بەڵام ئەوەی دووپاتی دەکەمەوە ئەوەیە کە من گومانم هەیە لەوەی ئەم هێزە عەرەبییە هاوبەشە پێشنیارکراوە بێتەدی. چونکە مێژوویەکی دوور و درێژ هەیە لە هێز و فەرماندەیی هاوبەشی عەرەبی کە پێشنیار کراوە، بەڵام هیچ شتێکی هاوشێوەی ناتۆی عەرەبی دروست نەبووە.




**تا دەستڕۆیشتویی ئێران زیاتر بێت لە عێراقدا، ئەوا عێراق پتر دەبێتە دۆخی نەخوازراوی جیهانی عەرەبی**



**باروودۆخی ناوچەکە بەرەو گۆڕانکارییەکی ریشـەیی دەچێت، چۆن شەڕەکە تێکەڵ و هەمەلایەنە، بە هەمان شـێوە بۆچوونەکانیش تێکەڵ و هەمەلایەنن، بەڵام هەموو چاودێـران لەو بۆچوونـەدا یەکدەگرنەوە کە باروودۆخەکە بـە مەنگی نامێنێتەوە و گۆڕانکاری گەورەی بەسـەردا دێت. ئیبراهیم سـمێدعی سیاسەتمەدار و شـارەزای سـتراتیژی عێراق سەبارەت بەم پرسـانە و لە وتووێژێکی تایبەتدا بە مجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

### ئیبراهیم سمێدعی شارەزای ستراتیژی و ئەکادیمی عێراقی بۆ گوڵان:

# دروستبوونی هاوپەیمانی دژی حوسییەکان مەترسی لەسەر رژێمی ئەسەدیش دروست دەکات

*** بە شـێوەیەکی گشـتی ئەوەی ئێسـتادا لە عێراق روودەدات، هەر لە تەحەددییەکانی داعش و رزگارکردنی تکریتـەوە تا ئـەو گرفتانەی دیکـەی ناوخۆ و ئەو هاوپەیمانێتییە عەرەبییەی سوننە لە دژی حوسییەکان دروست بووە، چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

ـ لـەو بڕوایەدام عێـراق دوورە لـەو هاوپەیمانێتییە عەرەبییەی کە تورکیا و پاکستانیشی وەك دوو زلهێزی ناوچەکە لە خۆی گرتووە، بۆ وەستاندنی ئەو کێشانەی دەسەڵات و هەژموونی ئێران کە لە ناوچەکە دروست بووە، مەبەستی سەرەکی لە دروستبوونی ئەم بەرەیە راگرتنی ئـەو فراوانبوونەی هەژموونی ئێرانییە، باروودۆخەکە لە یەمەن پەرەدەسێنێت بۆ ناردنی هێزی زەمینی بەرەو ئەو ناوچانەی ئەوێ و لەو بارەیەوە سوپای میسر ئامادەیە، بۆ زامنبوونـی وەبەرهێنانەکانی کەنداو لەو ناوچەیەدا، لایەنەکانی ناو بەرە ئامادەن هێرشـی زەمینی بکەن بۆ گۆڕینی هاوکێشەکە، ئێسـتاش چەترێکی ئاسمانیی پێشـکەوتوو کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان کردووە و رەنگە پاکسـتانیش ئەو ئەرکە راپەڕێنێـت، یەمەن پرۆڤەیەکە بۆ دەسـتێوەردانێکی عەرەبی و ئیسلامی و سوننی لە سـووریادا، گەڕانەوەی ئۆپۆزسیۆنی سـووریا بۆ ناو ئیدلب و کردنی ئەو شـارە بە پایتەختی ئۆپۆزسیۆنی سـووریا پەرەسـەندنێکی گەورەتری ململانێی ناو ئەو وڵاتەی گەرم کردووە، ئەوەش بۆ گۆڕینی هاوکێشەکانە، ئەمە رژێمی سووریا پەلکێشی سەر مێزی گفتوگۆکان دەکاتـەوە بۆ ئەوەی ملکەچی بڕیارەکانی جنێف یەك و جنێف دوو ببێتەوە، یان بە هاندانی زیاتری ئۆپۆزسیۆن بـۆ رووخاندنی تەواوی رژێمەکە، عەرەب بڕیاریان داوە حاڵەتی بێدەنگی بشـکێنن و حاڵەتی رووبەڕووبوونەوە هەڵبژێرن، بەڵام وەك دەزانن گۆڕینی هاوکێشـەکە لە سـووریا بە دەرئەنجام گۆڕینی هاوکێشەکەی لوبنانە، چونکە دۆخی حزبوڵڵا بەستراوەتەوە بە هەبوونی رژێمی سـووریاوە، عێراق تا ئەم ساتەش بە تەواوی دابڕاوە لەو بەرە عەرەبییەی دروسـتبووە بە هۆی ئەوەی عێراق تا ئێستاش خراوەتە ناو بازنەی بایەخدانی ئەمریکاییەوە.

*** گەرچی عێراق لەو بەرەیەی دروست بووە دابڕێنراوە، بەڵام ئێسـتا رووبەڕووی گرفتێکـی دیکە دەبێتەوە بە ناوی حەشدی شەعبی، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

ـ بەڵێ گەورەترین گرفت لە عێراقدا حەشدی شەعبییە، تا ئێسـتاش حەشـدی شـەعبی پێدادەگرێت لەسەر بەرەنگاربوونـەوەی داعش بە سـتراتیژییەتی ئێرانی نەك عێراقی، سـەرکردایەتی و راوێـژکاران و تەنانەت تەقەمەنی و زۆربەی چەکەکانیان ئێرانین، حکومەتیش هیچ بژارێکی دیکەی بۆ نەماوەتەوە، یان واز لە حەشد بێنێت بەرەنگاری ببنـەوە، یان بوار بکاتەوە بۆ داعش،

ئەم دۆخە ناکرێت بەو شـێوەیە درێژە بکێشـێت، ئێمە یاسای پاسەوانی نیشتمانیمان هەیە، هێزەکانی حەشدی شەعبی ناتوانن موسڵ رزگار بکەن، چونکە نەخشەی موسـڵ لە هێزی ئەوان فراوانترە، نەخشەکە پێویستی بە سـوپایەکی نیزامییـە، ئەزموونـی رزگارکردنی تکریت ئەمەی بۆ سـەلماندووین، حکومەتی عێراق لە دواجاردا هانای بۆ دەستێوەردانی ئەمریکا برد، عەبادی بە راشـکاوانە گوتی: راوێژکارانـی ئێرانیمان هەن و راوێژیانمان پێ قبوولە، بەڵام بەپێی بەرژەوەندییەکانمان بریـار دەدەین، پرس و راوێژ بە کـێ بکەین و داوا لە کێ بکەین هاریکارمان بکات. ئەمڕۆ حکومەت درکی بـەو مەترسـییانە کردووە لە پاش گرتنـەوەی تکریت و لێپرسـینەوە لەگەڵ ئەوانە کـردووە خەریکی تاڵانی شارەکە بوون، بریار لە سوپاوە دەرچووە و ناکرێت شاری بێ حکومەت بێت.

*** بە بریاری حکومەت دەتواندرێت حەشـدی شەعبی کۆنترۆڵ بکرێت؟**

- کۆنتـرۆڵ نەکراون، بەڵام لـە دەمە دەمی ئەوە دایە کۆنترۆڵیان بکەن، رێککەوتنی ئەتۆمی ئێران و خۆرئاوا لە دەرئەنجامدا بووە بە رێککەوتنێکی ئێرانی- ئەمریکی، ئێران ناچار دەبێت ئەو هێزە رادیکاڵەی خۆی بکشێنێتەوە کە جڵەوی حەشدی شەعبییان بە دەستەوەیە، دڵنیام ئەو بابەتە لە پشت کەوالیسەوە باسیان لێکراوە، فرۆکەکانی هاوپەیمانـان بۆردومانی تکریتیان دەکـرد، هێزەکانی حەشدیش لە ئاقاری تکریت ماونەتەوە و دواتر پێویستە بکشێنەوە.

*** ئایا ئەگەر حوسـییەکان سوننە بوونایە سعودیە وەک ئێستا لێی دەدان؟**

- نەخێـر، بەڵام لە حاڵەتی حوسـییەکاندا، سـعودیە هەر دەسـتێوەردانی دەکرد، هەتا ئەگەر تەنیا حوشـتر و شمشێرشـیان هەبووایە، یەکێک لە زیندووترین بواری سـعودیە یەمەنە، بۆیە یەمەن هیچ بوارێکی زیندووی گرنگ نییە بۆ ئێران، هیچ سنوورێکی هاوبەشی نییە، یان بەرژەوەندیی بازرگانی، یان پیشەسـازی، تەنانەت شـیعە بە مەزهەبیش دوازدە ئیمامەکە نین، بەڵام ئێران ئەم هەرایەی نایەوە تاکو سعودیە رابکێشێتە نێو بازنەی ململانێکانەوە، تاکو دواتر تاکرەوی بکات لە ئیدارەکردنی دۆسـێی لوبنان و سـووریا و تەنانەت عێراقیش، ئێران چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە سعودیە ئەو هاوپەیمانێتییە عەرەبییە گەورەیە پێکبهێنێـت، ئەو جبەخانەیە و هێزە گەورەیـەی زەمینی و دەریایی و ئاسـمانی و پتر لە ١٠٠٠ فرۆکە کە دەتوانێ گورزی کوشـندە بوەشێنێت، وا بزانم ئێران لە کۆتاییدا پاشەکشـە دەکات، بەتایبەتی دوای هەڵگرتنی سـزاکانی سـەری و چارەسەرکردنی دۆسـێی ئەتۆمیـی وڵاتەکەی، چاودەخشـێنێتەوە بە سیاسـەتەکانیدا، چونکـە ئێران وایدەزانـی کە دوای دروسـتکردنی بۆمبی ئەتۆمی دەتوانێت هەموو جیهان بخاتە ژێر هەڕەشـەی خۆیەوە، بەڵام لە راستیدا ئێران لـە رووی ئابوورییەوە زۆر زیانی پێکـەوت و ماندوو بووە، زیاتریش بە هۆی گەمارۆی سـەری و ئەو شەڕە بچووکانەی ئەنجامـی داون، بەتایبەتیش کە ناتوانێت تا سـاڵێك یان دوو سـاڵی دیکە بەرگەی ئەو سزایانە بگرێت و دوای دابەزینی خێرای نرخی نەوت، بۆیە من پێموایە کە ئێران جارێکی دیکە چاو بە سیاسەتەکانیدا دەخشـێنێتەوەو بایەخ بە ئابووریی ناوخۆی وڵات دەدات و وردە وردە کاردەکات بـۆ لابردنی ئەو سـزایانەی لە سـەریەتی، تاکو رێگە نەدا رژێمەکـە هەرەس بێنێت، هەروەك چۆن سەدام حوسێن و موبارەك و وڵاتانی دیکە دووچاری دارمان بوونەوە، ئێران لەو تەوەرە یەکگرتووەی عەرەبی سوننە تەنیا بە یەمەن ناوەستێ، بەڵکو دەیەوێت بگاتە سووریا و لوبنانیش.

*** دەبینیـن یەکەم هێرشـی داعش بۆ سـەر هەرێمی کوردستان بوو، یەکسـەر دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمریکا هاتنەدەنگ، بـەڵام هیچ هەڵوێسـتێکمان لە عەرەب نەبینی، تۆ بڵێی هۆیەکە ئەمریکا بێت، یان شـتێکی دیکەیە؟**

- وا بزانـم عەرەب ئەوەندە ئامادە نین دەسـتێوەردان لە گۆڕەپانی عێراق بکەن، دیارە هەرێمی کوردسـتانیش مایـەی رێز و پێزانینە و پشـتیوانیی بەرزی عەرەبە، بەڵام عەرەب لە رووی سەربازییەو ئەوەندە توانایان نییە دەستوەردەنە کێشەی عێراق، لەبەر ئەوەی ئەمریکا لە نێو پرسەکەدایە و لە رووی فەرمییەوە گۆڕەپانی ئەمریکایە، بەڵام لە رووی واقیعەوە گۆڕەپانی هەژموونی ئێرانییە، بۆیە ئەمریکا نەخشـە و پلان بۆ عـەرەب دادەڕێژێت تا لەم رووەوە دەسـتێوەردان بکات، عەرەب ترسـیان لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئێرانە، تازە لە مەترسیی ئیخوان موسـلمین رزگاریان بووە لە میسر و هەرەس پێهێنانی مورسی و دانانی سیسی لە حوکم، تەنانەت میسر زۆر بەهێزە کە دەتوانێت لـە ماوەیەکی کەمدا زیاتر لە یەك ملیۆن چەکدار ئامادە بکات و هەمیشە دروشمی سیسی بریتی بووە لە (مسـافە السکە) واتا مەودای رێگە و دەگاتە شوێنی مەبەسـت، لەبەر ئەوە من لەو بڕوایەدا نیم کە مەسـەلەکە دەگاتـە رووبەڕووبوونەوەی هێز لە ناوچەکەدا، ئەوەی دەکرێـت تەنیا لە رێی بۆردومانی ئاسمانییەوەیە، لە کۆتاییدا ئێران دەکشێتەوە بۆ ناوخۆی خۆی و تەنیا لە عێراقدا بوونی دەبێت.

**ئێران چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە سعودیە ئەو هاوپەیمانێتییە عەرەبییە گەورەیە پێکبهێنێت، ئەو جبەخانەیە و هێزە گەورەیەی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی و پتر لە ١٠٠٠ فرۆکە کە دەتوانێ گورزی کوشندە بوەشێنێت**

**عێراق دوورە لەو هاوپەیمانێتییە عەرەبییەی کە تورکیا و پاکستانیش وەک دوو زلهێزی ناوچەکە لە خۆی گرتووە، بۆ وەستاندنی ئەو کێشانەی دەسەڵات و هەژموونی ئێران کە لە ناوچەکە دروست بووە**

دادوەر عەبدولکەریم هەمەوەندی
بڕیاردەری لیژنەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان بۆ گوڵان:

# دەستوور بۆ ئەم قۆناخەی کوردستان گرنگە و پڕۆژەی دەستوورەکە ئامادەیە و پێشنیار دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە و دواتر پێداچوونەوەی بۆ بکرێت

چەند ساڵێکە پرۆژەی دەستووری کوردستان بە تێکڕای دەنگ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراوە و ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کراوە بۆ ئەوەی فەرمانی بۆ دەربکرێت و بخرێتە راپرسییەوە. گەرچی لیژنەی نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری کوردستان نوێنەرایەتی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و نوێنەرانی تەواوی ئایین و نەتەوەکانی کوردستانی لەخۆ گرتووە، بەڵام لە بەر هەندێك تێڕوانینی سیاسی داوای پێداچوونەوە و هەمواركردنەوەی دەكرێت، پێش ئەوەی بخرێتە راپرسییەوە، لەم قۆناخەشدا کە کوردستان بە قۆناخێکی هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕێت، پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی دەستوور ماوەیەکی زۆری دەوێت و هێندەی دیکە بوونی دەستوور لە کوردستان دووردەخاتەوە. سەبارەت بە ئیشکالیەتی ئەم پرسە و چۆنیەتی پێداچوونەوە و هەموارکردنی و ڕێگەی دەستووری و یاسایی بۆ ئەوەی پڕۆژەی دەستوور بخرێتە دەنگدانەوە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندی بڕیاردەری لیژنەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



مسعود بارزانی کاریزمایەکی گرنگە بۆ گەیاندنی کەشتیی خەباتی گەلەکەمان بۆ لێواری سەرکەوتن و ئارامی، چونکە جگە لە رابردووی دەیان ساڵەی خەبات و تێکۆشانی لە پێناو بەدیهێنانی ئاواتی گەلەکەمان، توانای سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازیی خۆی سەلماندووە

*** چەند ساڵێکە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەنگی لەسەر دراوە بۆ ئەوەی بخرێتە ریفراندۆمەوە، بەڵام ئەم پرسە لەبەر هەندێك کێشەی سیاسی دواخرا، ئایا تاچەند دواکەوتنی پرۆژەی دەستوور لە کوردستاندا بۆشاییەکی یاسایی دروستکردووە؟**

- گرنگیی دەستوور لەوە خۆی دەبینێتەوە کە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان گەل و دەسەڵات و ئەرك و مافی هەردوولایەن رێکدەخات و رووخسارێکی دیموکراسییانە و پێشکەوتووخوازانە پیشانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەدات و مەشروعیەت و رەوایی دەبەخشێتە ئەو یاساو رێسایانەی دەردەچن و بە هۆیەوە دەستاودەستی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئەنجام دەدرێت و هاووڵاتیان دڵنیا دەبن لە پیادەکردنی ماف و ئازادییەکانیان و دامودەزگاکانی هەرێم بە شێوەیەکی موئەسەساتی ئەرکەکانیان پیادە دەکەن، جگە لەوەی کە دەستوور هێمای خودموختاری و خۆبەڕێوەبردنە. راستە کۆماری عێراقی فیدراڵ دەستووری هەیە، بەڵام حکومەتەکەی پێیەوە پابەند نییە و جێبەجێی ناکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی دیکەش لە پرۆتستۆکردنی پێشێلکارییەکان، پشت بە دەستوورەکە دەبەستن و زوو، یان درەنگ دەبێ ناچاری بکەن کە پابەند بێت بە پرەنسیپەکانیەوە، ئەگەرنا، گەل مافی ئەوەی دەبێت لە دەسەڵات دووری بخاتەوە لە رێگەی سندووقەکانی دەنگدان و لەسەر بنەمای دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەپێی دەستوورەکە و حکومەتێکی دیکە بخاتە سەرکار.

**هیچ ڕێگرییەکی دەستووری و یاسایی نییە لە پێش ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر ئەم پڕۆژە دەستوورەی کە ئێستاکە خراوەتە بەردەستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی فەرمان بدات ڕاپرسی لەسەر بکرێ**

**جیهان دانی بە لێهاتوویی گەلەکەماندا ناوە کە گەلێکی لێبوردە و شیاوی دەوڵەتداری و خۆبەڕێوەبردنە و دەبێ لەمەودوا حیسابێکی دیکەی بۆ بکرێت و چیتر ئاوات و ئامانجە سیاسییەکانی پشتگوێ نەخرێت**

*** ئاشکرایە هەموو پڕۆژەیەکی دەستوور کە دەنووسرێتەوە بێ کەموکوڕی نییە، هەر لەبەر ئەمەش بەردەوام دەستوور هەموار دەکرێتەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە: ئایا کەموکوڕییەکانی ئەم پڕۆژەی دەستوورە بەو ئاستەیە نەتواندرێت بخرێتە دەنگدانەوە؟ ڕاشکاوانەتر ئایا کەموکورتیەکانی ئەوەندە زۆرن کە دواتر چارەسەر نەکرێن؟**

- من وای بۆ ناچم کە هێندە کەموکورتی هەبێت، چونکە ئێمە وەك لیژنەی یەکەمی پێداچوونەوەی دەستوور کە دەتوانم بڵێم پێکهاتەکەی نوێنەرایەتی زوربەی هەرە زۆری چین و لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی هەرێمی کوردستانی دەکرد، هەوڵێکی لە رادەبەدەرمان دا بۆ ئەوەی کەموکورتی کەم بێت، بەڵام وەك دەڵێن: «بێ‌خەوشی تەنها بۆ خوایە و ئادەمیزاد پارێزراو نییە لە هەڵە و لەسەر چوون». تەنانەت ئەگەر ئێستا رەخنەشی لەسەر بێت، بەو ئەندازەیە نییە کە ئەو هەڵلایەی بۆ دەکرێت، چونکە ئێمە لەکاتی پێداچوونەوەی پرۆژە دەستوورەکە سوودمان لە گەلێك سەرچاوەی دەستووری و یاسایی وەرگرتووە وەك دەستوورەکانی: ئەمریکا، رووسیا، بەریتانیا، فەرەنسا، کەنەدا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، ئەڵمانیای فیدراڵ، کۆماری ڤەنزوێلا، سوودان، باشووری ئەفەریقیا، بۆسنیاهەرزەگۆڤینا، جزرولقەمەر، ویلایەتی کالیفۆڕنیا. جگە لە دەستوورەکانی وڵاتە عەرەبییەکان و راوێژکردن بە پسپۆڕانی دەستووریی بیانی و خۆمانە و ئەکادیمیەکانی ئەو بوارە، هەروەها دەرگای لیژنەکە واڵابووە بۆ هەر پێشنیار و رەخنەیەکی هاووڵاتیان لە هەر چین و توێژێك بووبن، لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان. لێرەدا مەبەستمە کە دووپاتی بکەمەوە کە پێکهاتەی لیژنەکەی ئێمە نوێنەرایەتی گشت پارتە سیاسییەکان و چین و نەتەوە و ئایینەکانی هەرێمی کوردستانی دەکرد وەك موسڵمان، کریستیان و ئێزیدی و لایەنە سیاسییەکانیش پارتی و یەکێتی بە گوڕانیشەوە کە ئەو کات لە رەحمی یەکێتی جیانەبووبوونەوە، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، شیوعی وسۆشیالیست. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش، ناوی ئەندامانی لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان دەخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی خۆیان حەکەم بن کە پێکهاتووە لەم بەڕێزانە:

دەستەی سەرۆکایەتیی لیژنە

١. فرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنە.
٢. تاریق محەمەد سەعید جامباز، جێگری سەرۆك.
٣. شێروان ناسیح حەیدەری، جێگری سەرۆك.
٤. عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندی، بڕیاردەری لیژنە.
٥. عەونی کەمال سەعید بەزاز، بڕیاردەری لیژنە

ئەندامانی لیژنە:

١. محەمەد ساڵح ئیسماعیل
٢. کەریم بەحری عەبدوڵڵا
٣. پەخشان زەنگەنە
٤. خەلیل ئیبراهیم
٥. قادر سەعید
٦. کەرخی نەجمەدین
٧. دادوەر ئەمیر حەوێزی
٨. رۆمیۆ هەکاری
٩. د.شێرزاد ئەحمەد نەجاڕ
١٠. شۆڕش حەسەن
١١. پیر خدر
١٢. د.محەمەد عومەر مەولود
١٣. دلێر محەمەد شەریف
١٤. د. نوری تاڵەبانی

بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەری بەڕێز، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە بە حوکمی ئەوەی ئەندامانی لیژنە، ئینتیمای سیاسی و ئایینی و نەتەوییان بۆ یەکێك لەو لایەنانەی سەرەوە هەبوو، رۆژانە ئەو لایەنانە ئاگاداری کاری لیژنەکە بوون و لە رێگەی نوێنەرانیانەوە راوبۆچوونیان دەگەیشتە لیژنەکە و لیژنەش بەو پەڕی خۆنەویستییەوە بۆچوونەکانیانی دەخستە بەرباس.

کەواتە نابێ پرۆژەکە کەموکورتی هێندە زۆر بێت، کە شیاوی خستنە راپرسی نەبێت. ئەوەی کە زۆر رەخنەی لێدەگیرێت لەلایەن نەیارەکانی پرۆژەکەوە دوو خاڵە کە ئەگەر لێکیان بدەینەوە، یەکتر دەگرنەوە بەرەو یەك خاڵ، بەم جۆرەی خوارەوە:

أ) پرۆژەکە سیستەمی حوکمی کردۆتە سەرۆکایەتی.

ب) دەسەڵاتی ڕەهای بە سەرۆکی هەرێم داوە.

بۆ وەڵامی ئەم خاڵانەش دەڵێین:

١. ئەگەر ئەم خاڵانەیان لەلا هێندە گرنگ بوو، بۆچی نوێنەرانیان لە لیژنە تێنەدەگەیاند بەرهەڵستی بکەن و نەهێڵن مادده دەستوورییەکە بەو ئاقارەدا بڕوات؟ خۆ پرۆسەی کاری لیژنەکە بە تەواوفوقی بەڕێوە دەچوو، زۆریش دیموکراسییانە بوو، هەر ئەندامێك دەیتوانی لەمپەر بێت لە پێش دەرچوونی هەر ماددەیەك.

٢. ئێستاش نازانم کام دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لە پرۆژە دەستوورەکە ڕەهایە، زۆربەی هەرە زۆری پرۆتۆکۆڵییە، ئەوانی تریشی پەیوەست کراوە بە رەزامەندی و پەسەندکردنی پەرلەمانی کوردستان. فەرموون ئەوانەش سەرجەم دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمن کە لە پرۆژەکەدا هاتوون:

دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم

ماددەی (٦٥)

سەرۆکی هەرێم سەرەڕای هەر دەسەڵاتێك کە بەیاسا پێی بدرێ، ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەش پیادە دەکا:

یەکەم: پێشکەشکردنی پرۆژەی یاسا و بڕیارەکان بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

دووەم: دەرکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دایاندەنێ، لەماوەی پازدە رۆژ لە وەرگرتنیەوە، بۆیشی هەیە لەو ماوەیەدا نارەزایی لەسەر هەموو، یان بەشێکیان دەربڕێ و بیاننێرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ چاوپێداخشاندنەوەیان و دواتر بڕیاری پەرلەمان لە بارەیانەوە بنبڕ دەبێ، ئەگەر سەرۆك لەو ماوەیەدا یاسا و بڕیارەکانی دەرنەکرد، بێ ئەوەی نارەزاییان لەسەر دەربڕێ، ئەوا بە دەرچوو دەژمێردرێن و سەرۆکایەتی پەرلەمان بڵاوکردنەوەیان لە رۆژنامەی فەرمیدا لە ئەستۆ دەگرێت.

سێیەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان، لەکاتی هەڵوەشانەوەی، یان تەواوبوونی خولەکەیدا، ئەمەش بەپێی ماددەی (٥٧)ی ئەم دەستوورە.

چوارەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ یەکەم دانیشتنی خولی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردنی لە ماوەی پازدە رۆژ دوای راگەیاندنی دوائەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئەگەر بانگهێشتکردنەکەشی نەکرد، پەرلەمان رۆژی دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە سەربەخۆ کۆدەبێتەوە.

پێنجەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، لەو حاڵەتانەی کە لەم دەستوورەدا هاتوون.

شەشەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ لەسەر کار لابردنی وەزیر، لەسەر پێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

حەوتەم: دەکردنی ئەو مەرسوومانەی کە هێزی یاساییان هەیە، پاش راوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر هەرێمی کوردستان و سیستمە سیاسییەکەی، یان ئاسایشی، یان دامودەزگا دستوورییەکانی کەوتنە بەر مەترسییەکی لەناکاو و پەرلەمانیش نەیتوانی کۆبێتەوە، بە مەرجێك ئەو مەرسوومانە بخرێنە پێش چاوی یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان، ئەگەر نەشخرانە بەرچاوی پەرلەمان، یان خرانە بەرچاوی پەرلەمان و ئەویش پەسەندی نەکرد، ئاکاری یاساییان نامێنێ.

هەشتەم: جاڕدانی باری نائاسایی، پاش راوێژکردن و رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە حاڵەتی شەڕ، داگیرکردن، یاخیبوون، ئاژاوە، کارەساتی سروشتی، یان بڵاوبوونەوەی پەتا، یان هەر حاڵەتێکی لەناکاوی دیکەدا، بە مەرجێك ماوەکە لە مانگێك پتر نەبێ و درێژکردنەوەی دواتریش بە رەزامەندیی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان و بۆ ماوەیەك دەبێ کە بۆ هەر درێژکردنەوەیەك، لەسێ مانگ تێنەپەڕێ. حوکمەکانی حاڵەتی نائاساییش بە یاسایەك رێکدەخرێن.

نۆیەم: لێبووردنی تایبەتی زیندانیان بە دەرکردنی مەرسوومێك بەپێی یاسا.

دەیەم: پەسەندکردنی حوکمی ئیعدام، یان سووککردنی بۆ زیندانی هەتاهەتایی.

یازدەم: بانگهێشتکردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی لەکاتی پێویستدا بۆ باسکردنی هەندێ پرسی دیارکراو کە کۆبوونەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێ، هەر بۆخۆشی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکا.

دوازدەهەم: رێگەدان بە هاتنی بەشێك لە هێزە چەکدارە فیدراڵییەکان بۆ کوردستان-عێراق لە کاتی پێویستدا، پاش وەرگرتنی رەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان —عێراق لەسەر هاتنە ژوورەوەی ئەم هێزانە لەگەڵ دیارکردنی ئەرك و فەرمانیان و جێگە و ماوەی مانەوەیان لە هەرێمدا.

سێزدەیەم: ناردنی هێزەکانی پێشمەرگەی (پاسەوانی هەرێم) یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بە رەزامەندی پەرلەمان.

چواردەیەم:

١. راسپاردنی پاڵێوراوی ئەو فراکسیۆنەی زۆرترین ژمارەی هەیە بۆ پیکهێنانی وەزارەت لە ماوەی چل وپێنج رۆژ لە مێژووی راسپاردنیەوە.

٢. راسپاردنی پاڵێوراوێکی دیکە لە هەمان فراکسیۆن بۆ پێکهێنانی وەزارەت، ئەگەر پاڵێوراوی یەکەم لە ماوەی چل و پێنج رۆژی دوای راسپاردنی نەیتوانی وەزارەت پێکبهێنێ.

٣. ئەگەر پاڵێوراوی دووەمیش نەیتوانی کابینە پێکبهێنێ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە هەر کەسێك پێی باش بوو هەڵیبژێرێ و رای بسپێرێ بۆ پێکهێنانی وەزارەت.

٤. دەکرێ ئەوەی رادەسپێردرێ وەزارەت پێکبهێنێ، یەکێك بێ لە ئەندامانی پەرلەمان، یان کەسێکی دیکە بێ.

پازدەهەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ پێکهێنانی وەزارەت پاش ئەوەی متمانەی پەرلەمانی وەرگرت.

شازدەهەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ لەسەر کارلادانی وەزارەت، یان وەزیر، ئەگەر متمانە لە هەریەکێکیان وەرگیرایەوە.

**نیازی داعش و ناحەزانی دیکەی گەلەکەمان ئەوەیە بەرخودان و خەباتی سەدان ساڵەی گەلەکەمان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی لەگۆڕ بنێن**

**بەداخەوە، لەبەر ناتەبایی لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی، تا ئێستا هەرێمی کوردستان نەبۆتە خاوەن دەستوورێکی نووسراو و پەسەندکراو لەلایەن گەلەوە، تاکو پابەند بین پێیەوە**

*حەڤدەهەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ ڕەزامەندیدان لەسەر دەست لە کارکێشانەوەی وەزارەت، یان وەزیر و ڕاسپاردنی بۆ ئەنجامدانی کارەکەی هەتا پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ.*

*هەژدەیەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ پێکهێنانی ئەندامانی دادگای دەستووری، پاش ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان لەسەر پاڵێوراوەکان.*

*نۆزدەیەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ دامەزراندنی دادوەرەکان و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری و سەرۆك و ئەندامانی داواکاریی گشتی، دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.*

*بیستەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ دامەزراندنی سەرۆکەکانی ئەو دەستە و کۆمیسیۆنانەی کە لە ماددەی (١٠٧)ی ئەم دەستوورەدا دەقنووس کراون، پاش ڕەزامەندیی پەرلەمان لە سەر پاڵاوتنیان.*

*بیستویەکەم: دەرکردنی بڕیارێك بۆ دامەزراندنی نووسینگەی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی بیانیدا لە سەر پێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند لە حکومەتی فیدراڵیدا.*

*بیست ودووەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکان، لەسەر پاڵاوتنی وەزیری پەیوەندیدار و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.*

*بیستوسێیەم: بەخشینی پلە سەربازییەکان بە ئەفسەرانی پێشمەرگەی (پاسەوانی هەرێم) و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەرکردن و خانەنشینکردنیان بە مەرسوومێك، بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.*

*بیست وچوارەم: بەخشینی نیشانە و میدالیا بە مەرسوومێك و بەپێی یاسا.*

ئەوەی من تێبینیم کردووە، ڕەخنەی سەرەکییان لە شێوەی ڕاستەوخۆی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمە لەلایەن گەلەوە کە ئەمە هەلی کێبڕکێ کەم دەکاتەوە بۆ دەرچوونی پاڵێوراوانی زۆربەی لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی باشوور، چونکە ئەو جۆرە هەڵبژاردنە پاڵێوراوی کاریزمای دەوێت، بۆ ئەوەی پانتاییەکی زۆر لە دەنگی دەنگدەران بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

*** ئێستا جارێکی دیکە باس لە پرۆسەی پێداچوونەوە و هەموارکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەم کارە دەبوو لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی بدایە، بەڵام ئەوەش دواکەوتووە، ئایا لەم ماوە کورتەی کە چەند مانگێکە دەتواندرێت پرسی هەموارکردنی دەستوور چارەسەر بکرێت؟**

- ئەمە ڕێك وەك ئەو کەسە وایە کە ماڵی لەسەر پشتی وڵاخ بێ و بڵێ: «دەبێ ئێستا کوڕەکەم فێرە خوێندن بکەیت» فەرموو، کەی لیژنەی پێداچوونەوە بۆ جاری دووەم پێك دێت؟ کەی لیژنەکە لە پێداچوونەوەی دەبێتەوە؟ کەی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێت و دەنگی بۆ دەدرێت؟ کەی وەك جاری پێشوو، چاپ دەکرێت و بە ملیۆنان دانەی لێ کۆپی دەکرێت؟ کەی کۆپییەکانی دەبەخشرێنەوە بەسەر هاوڵاتیانی دەنگدەر بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی دڵنیا بن و دەنگی پێ بدەن؟ جگە لەو ماوەیەش کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان پێویستیەتی بۆ ئامادەکاری ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە کە بەلای کەمەوە شەش مانگی بۆ داوا دەکات. خۆ هەر باسی گوڕمەی تێچوونی پرۆسەی ڕاپرسییەکە مەکە کە بیستوومە زیاتر لە شەست ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، کە ئەو بڕە پارەیەش بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان زۆر ئەستەمە دابین بکرێت، لەکاتێکدا ماوەی ساڵێکە بەغدا بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستانی بڕیوە.

*** وەك بڕیاردەری لیژنەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان ئایا چ ئیشکالیەتێك دەبینن ئەگەر ئەم پرۆژەدەستوورەی ئێستا بخرێتە دەنگدانەوە و لەلایەن گەلەوە پەسەند بکرێت؟ ئایا ئەگەر ئەم دەستوورە پەسەند بکرێت دواتر ناتواندرێت هەموار بکرێتەوە؟**

- نەخێر، هیچ ڕێگرییەکی دەستووری و یاسایی نییە لە پێش ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر ئەم پرۆژە دەستوورەی کە ئێستاکە خراوەتە بەردەستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی فەرمان بدات ڕاپرسی لەسەر بکرێت، ئینجا دوای ئەوەی گەلی کوردستان پەسەندی کرد، دەکرێ، ئەگەر هەر خەوشێکی لێ بەدیکرا، بەزووترین کات هەموار بکرێتەوە. بەپێچەوانەوە، ئەنجامنەدانی ڕاپرسی و کێشانەوەی پرۆژەکە لە سەرۆکایەتی هەرێم پێش ئەوەی ڕاپرسی لەسەر ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی جارێکی دی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، نادەستوورییە و پێچەوانەی عورفی دەستوورییە و تا ئێستا پێشینەی ئاوا لە هیچ وڵاتێك ڕووی نەداوە.

*** وەك دەزانن پرۆسەی هەموارکردنی دەستوور لەلایەن لیژنەیەکی یاساییەوە لە دەرەوەی پەرلەمان دەکرێت، بۆ ئەمەش پێویستە پەرلەمان سەرلەنوێ لیژنەیەك بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور دابمەزرێنێت، دوای هەموارکردنەکەش دەبێت پرۆژەی دەستوورەکە چاپ بکرێت و دابەش بکرێت بەسەر هاوڵاتیاندا بۆ ئەوەی لەماوەی مانگێکدا هاوڵاتیان سەرنج و تێبینی خۆیان بنێرن، ئایا لەو ماوە کەمەی ماوە ئەم هەموو کارە پێکەوە دەکرێت؟ وەك ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور پێشنیارت لەو بوارەدا چییە؟**

**ئەنجامنەدانی ڕاپرسی و کێشانەوەی پرۆژەکە لە سەرۆکایەتی هەرێم پێش ئەوەی ڕاپرسی لەسەر ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی جارێکی دی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، نادەستوورییە و پێچەوانەی عورفی دەستوورییە و تا ئێستا پێشینەی ئاوا لە هیچ وڵاتێك ڕووی نەداوە**

- هەر وەك لە پێشـــەوە روونم كردەوە، ئەو ماوە كورتەی لەپێش پێداچوونەوی پرۆژەكە و راپرســـی لەســـەری مـــاوە زۆر لـــەوە كەمترە كـــە نیـــازی هەمواركردنی پرۆژەكە بخەیتە بەر گەنگەشـــە پێـــش ئەنجامدانی راپرســـی لەسەری، بۆیە من ئێســـتاش پێشنیار دەكەم پرۆژەكـــە بخرێتە بەر پرۆســـەی راپرســـی و دواجار ئەگـــەر كەموكورتییەكی هەبوو دەكـــرێ لە رێگەی هەمواركردنەوەی كەموكورتییەكـــە لاببرێت، هەر وەك دەســـتووری زۆرینەی وڵاتە پێشـــكەوتووەكان چەندین جار هەمواركراونەتەوە بەپێی هەلومەرج و پێشهاتەكان. ئەوەتا دەســـتووری هیند زیاتر لە بیست هەمواری بۆ ئەنجامدراوە، دەســـتووری ویلایەتـــە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش بەهەمان شێوە.

*** ئێســـتا كوردســـتان بە قۆناخێكی زۆر هەســـتیار و مەترسیدار و شەڕێكی نەخوازراودا تێدەپەڕێت، نەبوونی دەستوور بۆشایەكی دروستكردووە كە پەیوەستە بە پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە، ئەگەر لەو ماوەیەی كە ماوە پرسی پۆستی سەرۆكی هەرێمی یەكلا نەكرێتەوە، ئایا مەخرەجی قانوونی بۆ ئەم پرسە چۆن دەبێت؟**

- بـــۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە دەبـــێ هانا ببرێتە بەر هەمواركردنەوەی یاســـاكانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم، بەتایبەتی كە ئەو یاسایانە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچوون و هەرخۆشـــیان دەتوانن هەمواریان بكەنەوە، چونكـــە بەداخەوە، لەبەر ناتەبایی لایەنەكانی ســـەر گۆڕەپانی سیاسی، تا ئێستا هەریمی كوردستان نەبۆتە خاوەن دەستوورێكی نووسراو و پەسەندكراو لەلایەن گەلەوە، تاكو پابەند بین پێیەوە و بڵێین دەســـتوور رێگرە لەپێش هەنگاوێكی لەم جۆرە.

*** لەم قۆناخەدا كەســـایەتیی بەڕێز مســـعود بارزانی وەك ســـەرۆكی هەرێمی كوردســـتان بـــۆ تێپەڕاندنی ئـــەم بارودۆخە زەروورەتێكی مێژوویـــە، لەم قۆناخەدا كوردستان پێویستی بەوەیە كە لە پۆستەكەی بمێنێتەوە، نەك بەڕێزیان پێویســـتی بە پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردســـتان بێت، ئایا لە رووی یاساییەوە چۆن دەتوانین سوود لە كەسایەتی مســـعود بارزانی وەربگرین تا ئەم قۆناخە هەســـتیارە تێدەپەڕێت، وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان بمێنێتەوە؟**

- بێگومان لە هەلومەرجی ئێســـتادا مســـعود بارزانی كاریزمایەكی گرنگە بۆ گەیاندنی كەشـــتی خەباتی گەلەكەمان بۆ لێواری ســـەركەوتن و ئارامی، چونكە جگە لە رابردووی دەیان ساڵەی خەبات و تێكۆشانی لە پێناو بەدیهێنانی ئاواتی گەلەكەمان، توانای سیاســـی و دیپلۆماسی و سەربازیی خۆی سەلماندووە بەجۆرێك كە بۆتە داشـــی یەكلاكـــەرەوە لە یاریی هەســـتیاری شەترەنجی سیاسی و ســـەربازیی ناوچەكە، هەرچەندە ئەگەر لە پۆستەكەشی نەمێنێتەوە، كاریگەری سیاسی و ســـەربازی خۆی لە دەســـت نادات و بڕوام وایە ئەو كاتیش لەو ســـەرۆكەی كە دێتە شـــوێنیەوە بەهێزتر و كارامەتر دەبێت و هەر خۆی مەرجەعی یەكلاكەرەوەی گرێ كۆڵەكان دەبێت.

*** تاچەنـــد گرنگە لـــە پرۆســـەی هەمواركردنەوەی دەســـتووردا حزبە سیاســـییەكان موزایەداتی سیاسی تێكەڵ بە پرۆژەی دەســـتوور نەكەن؟ ئایا تێكەڵكردنی موزایەداتـــی سیاســـی لە پـــرۆژەی دەســـتووردا لە رووی یاســـاییەوە چ زیانێـــك بە ئایندەی كوردســـتان دەگەیەنێت؟**

- لـــە وڵاتی دیموكراتیـــدا هەموو كەســـێك ئازادە لە دەربڕینـــی را و بۆچوونی خۆی و چی بە پەســـەندی دەزانێ بیخاتە بەر دەم رای گشتی و رەخنە و پێشنیاری بنیادنەری خۆی لە كێشـــە سیاسییەكاندا پێشكەش بە ســـەركردایەتی سیاســـیی وڵاتەكەی بكات، بەڵام ئەم ئازادییـــە ئەمە ناگەیەنێت كە بـــەم بیانووە ببیتە رێگر لە بەردەم پێشـــهاتەكانی پرۆسەی سیاسی و هەرێمی كوردســـتان بخەیتە دووڕیانی دوارۆژێكی تەمومژاوی كە دوواجار دەربازبوون لێیەوە ببێتە كارێكی ئەســـتەم و پەشـــیمانی بەدواوە بێت. هیوادارم و بڕواشـــم هەر وایە لایەنەكان وحزبە سیاســـییەكانی كوردســـتان زۆر لەوە وشـــیارترن كە موزایەدەی سیاســـی بەم بابەتەوە بكەن، بەتایبەتی كە ئێســـتا وڵاتمان و نیشتمانی كوردستان و گەلی كوردمان بەتایبەتی لە هەموو كاتێك زیاتر كەوتۆتە بەر شـــاڵاوی دڕندانەی ڕێكخراوێكی تیرۆریستی بە ناوی «دەوڵەتی ئیســـلامی لە عێراق و شام» و ئەگەر بە تەبایی و یەكدەســـتی بەرەو رووی نەبینەوە، نیازی داعش و ناحەزانی دیكەی گەلەكەمان ئەوەیە بەرخودان و خەباتی سەدان ساڵەی گەلەكەمان لە پێناو ئازادی و ســـەربەخۆیی لەگۆڕ بنێن. دەبێ ئەمەش لەیاد نەچێت كە لە ئەنجامی بەرگری وچاونەترســـیی پێشـــمەرگە قارەمانەكانی كوردستان و پێشكەشكردنی نزیكەی دوو هەزار شەهیدی گەلی كورد و كوردستانمان، گرەوەكەی بردۆتەوە و بۆتە سیمبوڵی بەرخودانی گەلانی ناوچەكە و لەسەر ئاستی دەوڵەتە زلهێزەكانەوە بۆتە پێشەنگی خەبات دژی تیرۆریستان و بەربەستێكی پۆڵایین بۆ بەرگری لە ئازادی و هێمنی و ئارامیی سەرجەم گەلانی جیهان. لە ئاكامدا جیهان دانی بە لێهاتوویی گەلەكەماندا ناوە كە گەلێكی لێبوردە و شیاوی دەوڵەتداری و خۆبەڕێوەبردنە و دەبێ لەمەودوا حیسابێكی دیكەی بۆ بكرێت و چیتر ئاوات و ئامانجە سیاسییەكانی پشتگوێ نەخرێت.

**جگە لەوەی كە دەستوور هێمای خودموختاری و خۆبەڕێوەبردنە، هاووڵاتیانیش دڵنیا دەبن لە پیادەكردنی ماف و ئازادییەكانیان و دامودەسگاكانی هەرێمیش بە شێوەیەكی موئەسسەساتی ئەركەكانیان پیادە دەكەن**



**پرۆفیسۆر هێنار فۆرتیگ بەڕێوەبەری ئامۆژگای GIGAی ئەڵمانییە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی میسر، دەوڵەتانی کەنداو و عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر وەرچەرخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو شەڕە هەمەلایەنەی ئێستا لەناوچەکە بوونی هەیە، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە راو سەرنجەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

**بیرۆکەی هێزێکی عەرەبی هاوبەش کە عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر لە لوتکەی عەرەبیدا پێشنیاری کرد، ئەمە تەنها پێشنیارێکە و جێی گومانە هێزێکی عەرەبی هاوبەش لە کۆتایی ئەمساڵدا پێکبهێندرێت**

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو شەڕی هەمەلایەن و هاوپەیمانی تێکەڵ هەنگاو هەڵدەگرێت، وەك پسپۆڕێك چۆن سەیری پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەیت؟**

- بەلای کەمەوە لە دوای بەهاری عەرەبییەوە، یان لە ساڵی ٢٠١١ـەوە هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشێوی تێکەوتووە و پەرەسەندنی بنەڕەتی هاتوونەتە ئاراوە، هاوپەیمانێتی نوێ و یەکێتی نوێ و کەلێنی نوێ دروست بوون. هەروەها پشێوی لە ڕەوشەکەدا دروست بووە کە ئێستا دەوڵەتە تەقلیدییەکانی وەك عێراق و سووریا چیتر یاریزانی چالاك نین، لەبەر ئەوەی بەلای کەمەوە بەشێکیان لەلایەن هێزەکانی وڵاتانی دیکەوە داگیرکراون، بۆ نموونە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی داعشەوە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمیشە رکابەری هەبووە لە نێوان سعودیە و ئێراندا، بەڵام ئێستا مەترسی راستەقینە لە نێوان هەردوو وڵاتەکەدا هەیە، ئەمەش شتێکی زۆر نوێیە. ئێستاش ئەو شەڕەی لە یەمەندا هەیە هەڵکشانێکی دیکەی ئەو رکابەرییەیە کە زۆر کۆنترە.

*** لەو هێرشەی سعودیە بۆ سەر حوسییەکانی یەمەن تاچەند سعودیە پێش ئەم هێرشەی ئەمریکای ئاگادار کردۆتەوە؟**

- سعودیە بە چەند سەعاتێك پێش ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە دژی حوسییەکان لە یەمەن ئەمریکای لێ ئاگادار کردەوە، ئەمە شتێکی زۆر نائاساییە لەبەر ئەوەی پرس و راوێژی بەهێز هەبوو لە نێوان سعودیە و ئەمریکا، هەروەها ئەمە ئاماژەیەکی بەهێزە کە سعودیە زیاتر سەربەخۆیە و بەڕاستی گوێ بۆ راوێژەکانی ئەمریکا ناگرن لەو رووەوە ئەوان خۆیان بڕیار دەدەن و بەشێك نین لە حکومەتی ئەمریکا، یان ناتۆ، یان هەر لایەنێکی دیکە لە ڕۆژئاوا. ئەوان هەوڵ دەدەن بڕیارێك بدەن کە کاریگەریی راستەقینەی هەبێت، پێموایە حکومەتی سعودیە پتر سەربەخۆیانە هەڵسوکەوت دەکات.

**●ئێستا تورکیاش بە توندی هاتۆتە سەرخەت و راشکاوانە دژایەتی ئێران و پشتگیری سعودیە دەکات، ئایا ئەم هەڵکشانە چۆن دەبینن؟**

- بە دڵنیاییەوە حکومەتی تورکیا و ئەردۆغان رۆڵێکی دیاریکراویان هەبووە لە بەهاری عەرەبیدا و لەگەڵ رووخاندنی رژێمەکەی حوسنی موبارەکدا بوون، پشتیوانێکی بەهێزی سەرۆك مورسی و میسری سەردەمی ئیخوان موسلمین بوون. بەڵام دوای رووخانی مورسی و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سیسی و دەستپێکردنی شەڕ لە دژی ئیخوان موسلمین، هەڵوێستی تورکیا گۆڕانکاری بەسەردا هات، لە ئێستاشدا تورکیا پشتیوانی و هاوکارییەکی زۆری سعودیە دەکات، لەبەر ئەوەی دوای رووخانی ئیخوان دۆخێك دروستبووە کە بووە هۆی ئەوەی دواتر تورکیا بکەوێتە گۆشەگیرییەوە بەهۆی ئەو پشتیوانییانەی بۆ مورسی و ئیخوان موسلمین هەیبوو، ئێستا دەرفەت و هەلێکی باش هەڵکەوتووە بۆ تورکیا بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە بۆ شانۆکە و ببێتە هاوپەیمانێکی بەهێزی سعودیە و هاوپەیمانەکانی لە دژی ئێران. بۆ تورکیا ئەمە دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی ببێتە یاریزانێکی گەورە، نەك تەنها تەماشاکاری پەرەسەندنەکان بێت.

*** لەم هاوکێشەیەدا حکومەتی عێراق کەوتۆتە بەرەی پشتگیری لە ئێران و دژی سعودیە، ئایا تاچەند ئەمە لە ئایندەدا کاریگەری لەسەر عێراق دەبێت؟**

پرۆفیسۆر هێنار فۆرتیگ  بەڕێوەبەری ئامۆژگای GIGAی ئەڵمانی بۆ گوڵان:

# لە مێژووی نوێماندا شتێکی تازەیە بەمجۆرە خەڵکی ئەڵمانیا پشتگیریی پێدانی چەک بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکات

- بە دڵنیاییەوە ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە و دەگەڕێتەوە بۆ رووخانی سەددام حوسێن و شەڕی عێراق، ئەوە پتر لە دە ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و هەروەك هەموو لایەك دەزانن لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەستی پێکرد کە پێکهاتەیەکی ئیتنی و نەتەوەیی تایبەتی هەیە و ئاشکرایە لە سەدا ٦٠ی ئەو پێکهاتەیە شیعەن و حکومەتێکی شیعە لە ئارادایە. ئێستا بەراورد بە رابردوو پەیوەندییەکی زۆر بەهێزە هەیە لە نێوان ئێران و ئەو گرووپ و پارتانەی دەسەڵاتیان بەدەستە لە عێراقدا، ئەمە گومانی تێدا نییە. لەلایەکی دیکەوە ناسیۆنالیزمێکی عەرەبی بەهێز هەیە لە عێراقدا، بەلای کەمەوە لە حکومەتدا کەسانێکی عەرەب هەن کە نابنە بووکەڵەی دەستی ئێران، کەواتە سەرەڕای پەیوەندی بەهێزی نێوانیان، ئەوا هێشتا حکومەتی عێراقی حکومەتێکی عەرەبییە.

*** هێرشکردنە سەر حوسییەکان لەیەمەن، رژێمی ئەسەد لە رووخان نزیك دەکاتەوە؟**

- چەند شوێنێك هەن لە ناوچەکەدا کە بوونەتە جێی ئەولەوییەتی ئەمریکا و باوەڕم وا نییە چیتر سووریا لە سەرووی ئەولەوییاتەکانی ئەمریکاوە بێت. بە دڵنیاییەوە ئێران و گفتوگۆکانی پەیوەست بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی کە لای ئەمریکا زۆر گرنگە، هەروەها لە یەمەن دەڕوانن و لە داعش لە عێراقدا. لەو رووەوە چیتر ئەسەد لە سەرووی ئەولەوییاتەکانی واشنتۆنەوە نییە لەم کاتەدا.

*** بەڵام ئەو وڵاتانەی بەشدارن لە لێدانی حوسییەکان بەشێکیشن لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە رێکخراوی تیرۆریستی داعش. ئایا ئەمە چۆن دەخوێندرێتەوە؟**


- رەنگە ئەمە حاڵەتەکە بێت، بەڵام عێراق و سووریا، یەمەن نین، چونکە بە دڵنیاییەوە دەستێوەردانی عەرەبی، یان سەربازی لە عێراق و سووریا دۆخەکە زۆر دژوارتر دەکات. پێموایە دووجار بیر دەکەنەوە لەوەی ئایا بەڕاستی کاتەکە گونجاوە بۆ بوونێکی تۆکمەی سوپای عەرەبی، یان سوپای عەرەبی هاوبەش لە باکووری سووریا، یان لە عێراق. تەنانەت بیرۆکەی هێزێکی عەرەبی هاوبەش کە عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر لە لوتکەی عەرەبیدا پێشنیاری کرد، ئەمە تەنها پێشنیارێکە و جێی گومانە هێزێکی عەرەبی هاوبەش لە کۆتایی ئەمساڵدا پێکبهێندرێت، دەکرێت بیرۆکەکە لە ئارادا بێت، بەڵام واقیعەکە شتێکی دیکەیە. من لە ئایندەیەکی نزیکدا پێشبینی روودانی شتێکی لەم چەشنە ناکەم.

*** کورد، هاوکارییەکانی ئەڵمانیا بۆ پێشمەرگە بەرز دەنرخێنن، ئایا چۆن لە پێگەی پێشمەرگە دەڕوانن لەم کاتەدا کە شەڕ لەگەڵ دوژمنی جیهاندا دەکات و ئایا راتان لەسەر بەرگرییەکانی هێزی پێشمەرگە لە دژی داعش چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە پێشمەرگە کارێکی زۆر زۆر گرنگی ئەنجامدا لە شەڕکردن لە دژی تیرۆریستان و بێگومان لە بەرەی پێشەوەدایە و شایستەی هەر هاوکاری و هەر پشتیوانییەکە، لەبەر ئەوە خەڵکی ئەڵمانیا پشتیوانییەکی زۆری پێشمەرگەیان کرد. ئەمە شتێکی نوێیە لە مێژووی ئەم دواییەی ئەڵمانیادا کە خەڵکانێکی زۆر پشتیوانی پێدانی هاوکاری سەربازی بکەن بۆ هێزێکی وەك پێشمەرگە کە شەڕ لە دژی داعش دەکات، ئەمەش ئاماژەیەکە کە ئێمە - بە دڵنیاییەوە کە دەڵێم ئێمە خۆیشم دەگرێتەوە- پشتیوانێکی زۆر بەهێزی خەباتی ئێوەین لە دژی داعش.

**ئێستا دەرفەت و هەلێکی باش هەڵکەوتووە بۆ تورکیا بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە بۆ شانۆکە و ببێتە هاوپەیمانێکی بەهێزی سعودیە و هاوپەیمانەکانی لە دژی ئێران**

# ناوازەیی کوردستان



بەختیار کەریم

سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بەسەر هێزەکانی تاریکی و جەهالەتدا، نمایشی باڵاترین ئیرادەی ئازادە لە ناوچەکەدا کە چەندین سەدەیە ئیرادەی ئازادی نەتەوەکان رووبەڕووی سەرکوتکردن دەبێتەوە، لە ناوچەیەکدا کە مرۆڤ هێشتا رێگەی چونە ناو مرۆڤایەتی پێنەدراوە، ناوچەیەک کە چەند سەدەیەکە بەهۆی چەند فۆرمێک لە کینەوە، چەند نەتەوە و ئایینێک کراونەتە قوربانی. نمایشی ئیرادەی ئازاد لە هەلومەرجێکی لەم جۆرەدا بەتەنها سەرنجی جیهان راناکێشێت، بەڵکو جیهان کەمەندکێش و سەرسام دەکات.
لەئاستی ناوخۆدا، سەرکەوتنەکان ئاماژەی گەورەی تێدایە لەسەر گرنگیی پێکەوەژیان، فرەیی و فیداکاری لەپێناوی یەکتردا. ئەگەرچی هەندێک دەنگی نەشاز، هەمیشە کار لەسەر کاڵکردنەوەی گرنگی ئەم ئاماژانە دەکەن و دەیانەوێت درز بخەنە ناو یەکڕیزیی پێکهاتەکانی کوردستانەوە، بەڵام ئەم ئەزموونانە پێمان دەڵێن، کە هیچ پێکهاتەیەک لە کوردستان دەستەوسان و پەراوێزخراو نییە، هاوکات ئیرادەیەکی سیاسی هەیە بۆ پتەوکردنی بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی فرەیی و یەکسان و چێکردنی نەتەوەیەک لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون.
لەسەر ئاستی جیهانیدا، پەیامی ئەم سەرکەوتنانە لە پەیامە ناوخۆییەکەی گرنگترە. لەکاتێدا هەندێک وەک هەمیشە گوێیەکانیان بەسەر ئەم جۆرە پەیامانەدا دادەخەن، جیهانی ئازاد زیاتر لە هەموو کات گوێبیستی ئێمەیە.
بۆ نموونە پەیامی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پەیڕەوانی کۆنترین ئایینەکانی ناوچەکە (کوردانی ئێزیدی) لەگەڵ هاونەتەوەکانیان وێڕای جیاوازی ئایینییان، دیاردەیەکی دەگمەن و فرەئاماژەیە لە ناوچەکەدا. لە ناوچەیەکدا کە هەموو شۆڕشەکان بە دروشمی مرۆڤانە دەستپێدەکەن و لە کوشتار و یەکترسڕینەوەدا کۆتاییان دێت، ئەزموونی پێکەوەژیان لە کوردستان بەهای تایبەتی هەیە و بێهۆ نییە کە جیهان بەهەندی وەردەگرێت. جیهان هاوشان لەگەڵ ئەم ئەزموونە ناوازەیەی کوردستاندا، بینەری خوێنڕێژییەکە بە ناوی شۆڕش لە سووریا کە ئامانجی سەرەکیی سڕینەوەی هەموو جیاوازییەک و هەموو سیمایەکی پێکەوەهەڵکردنە.
بۆ ئەوەی بزانین مەبەست چییە کاتێک دەڵێین کوردستان ناوازەیە، پێویستە سەرەتا وەک چەمکێکی سیاسیی گرنگ پێناسەی ناوەزایی بکەین. ناوازەیی (Exceptionalism) رەگ و ڕیشە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رۆمانتیسیزمی ئەڵمانی، بەتایبەتی (هێردەر) و (فیختە). زۆر بە کورتی، بە بڕوای ئەم دوو فەیلەسوفە، هەر نەتەوەیەک بەچەندین شێوەی جیاواز دەگمەنە، چەندین شت هەیە کە ناوازە رایدەگرێت بە بەراورد بە نەتەوەکانی دیکە، شتێک کە بە «رۆحی نەتەوە» ناویان برد. بێگومان رۆمانتیسیزمی ئەڵمانی زەمینەسازی کرد بۆ بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی دواتر لە فەڕەنسا و تەنانەت هەندێک بۆچوون هەیە کە ئەم هێڵە لە بیرکردنەوە لە فاشیزم و نازیزیسمدا کۆتایی دێت. لەپاش جێگیربوونی «دەوڵەتی نەتەوەیی» وەک فۆرمێکی باڵای حوکمڕانی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان، هەموو نەتەوەیەک کۆمەڵێک ئەفسانە و وێناکردنی جیاوازی لەسەر خۆی بەرهەمهێنا، تەنها بە مەبەستی خۆنیشاندانی وەک «ناوازە»، یان دەگمەن و جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لەم ناوکۆییەدا، بانگەشەکردن نییە بۆ «رۆحی نەتەوە» کە نەتەوە ناوازە رادەگرێت لەبەرامبەر نەتەوەکانی تردا، تەواو بەپێچەوانەوە لێرەدا ناوەزایی تەنها لە پەیوەست بەو بەهایانە بەکاردەهێنین کە نەتەوەیەک بڕوای پێیەتی و کاریان پێدەکات. ئەگەر ئەفسانەکانی نەتەوە جێگیر بن و بە درێژایی مێژوو بەرهەم بهێندرێنەوە بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی و دەرەکی، ئەوا بەهاکانی نەتەوە لە گۆڕانی بەردەوامدان، هەندێک جار لە ژێر فشاری گۆڕانە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆدا و هەندێک جاری دی لە ژێر هەژموونی دیاردە جیهانییە تازەکاندا دەگۆڕێن. لە رۆژگاری

ئەمرۆدا بەدەگمەن نەتەوەکان باس لە سەروەرییەکانی مێژوو دەکەن و رۆمانسییانە بەناو مێژووە وێناکراوەکانی نەتەوەدا رۆدەچن، بەڵکو نەتەوە زیندووەکان هەمیشە جەخت لەو بەهایانە دەکەنەوە کە لەلایەکەوە جوانن و لەلایەکی دیکەوە گەردوونین و پەیوەستن بە کۆی مرۆڤایەتییەوە.، نەك تایبەت بن بە نەتەوەیەک.

دەتوانین بە نموونەیەک ئەم دیدە و تێڕوانینمان لەسەر ناوازەیی روونتر بکەینەوە. هەمان بۆچوونی ناوازەیی نەتەوە لە ئەمریکا بەشێوەیەکی دی سەیر دەکرێت. ئەوەی پێی دەگوترێت: «ناوازەیی ئەمریکا» (American Exceptiona-ism) کە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەمریکا تایبەتە، ناوازەیە و خاوەنی کۆمەڵێک بەهایە، کە دەکرێت نەتەوەکانی تریش ئەم بەهایانە قبوڵ بکەن، چونکە لە بنەڕەتدا ئەمریکی نین، بەڵکو گەردوونین. دەکرێت بەهاکانی وەک فرەیی، دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بەشداری سیاسی، بکرێنە بەهای هەر نەتەوەیەک لە هەر شوێن و سەردەمێک بێت، بەڵام ئەمریکا وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە پەیڕەوکردنی ئەم بەهایانەدا، رێگە بە خۆی دەدات بانگەشەیان بۆ بکات و برەویان پێبدات، بگرە هەندێک جار بەسەر نەتەوەکانی تردا بیانسەپێنێت.

کەواتە بەدەر لەوەی کە کورد وەک یەکێک لە نەتەوە سەرەکییەکانی کوردستان، خاوەنی مێژوو، زمان و ئەفسانەیە، خاوەنی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی رۆمانسییە، پێویستە جەخت لە شوناسێکی گشتگیرتر و فرەییتر بکەینەوە، کە شوناسی کوردستانییە. ئەم شوناسە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا هێشتا وەک پێویست جەختی لێنەکراوەتەوە، دەکرێت وەک شوناسێکی نوێ بۆ نەتەوەیەک کە فرەیی قبوڵ دەکات، پشت ئەستور بێت بە بەها هاوبەشە مرۆییەکان، زیاتر لەو وێنا خەیاڵییانەی ناسیونالیزمی رۆمانسی بەرهەمی دەهێنێت. لە ئەدەبیاتی سیاسیی ناسیونالیزمی رۆمانسیی کوردیدا، هەمیشە خولیای گەڕانەوە هەیە بۆ «سەردەمی مەزنییەکان»، بەڵام پێویستە فۆرمە تازەکەی ناسیونالیزم، مۆدێرن بێت و هەمیشە جەخت لە «بەها هاوبەشە مرۆییەکان» بکاتەوە. تا ئەو جێگەیەی ئێمە ئاگاداربین، لە ئاستی تیۆریدا هەندێک هەوڵ هەیە بۆ پێناسەکردنی ناسیونالیزمی مەدەنی، بەڵام گرنگە ئەم جۆرە لە گوتار و تیۆر شۆڕبکرێتەوە بۆ ئاستی سیاسەتی رۆژانە، بۆ ئاستی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتیمان. لە ئاستی پراکتیزدا، سەرەداوەکانی گوتاری شوناسی کوردستانی، کە فرەییترە لە شوناسی کوردبوون، لە هەندێک وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستاندا دەبینەرێن. گرنگە ئەم گوتارە لە هزرێکی دەستەبژێرییەوە بگۆڕین بۆ بڕوایەکی جڤاکی، بڕوایەک کە شوناسی کوردستانی رێگە بە هیچ جیاوازییەک نادات لەنێوان کورد و نەتەوە و ئاینزاکانی تردا. هاوکات ئەم جۆرە گوتارە پێویستی بە وەرگێڕان هەیە بۆسەر یاسا و جێگیرکردنی لە دەستوردا.

بێگومان جیاکاری لەنێوان ناشیونالیزمی خێڵەکیی و ناشیونالیزمی مۆدێرندا، شێوازێکی ترە بۆ روانین لەم بابەتە، بەڵام تەنانەت ئەزموونەکانی ناشیونالیزمی مۆدێرن نەیتوانیوە دەرباز ببێت لە گرفتی خۆبەسەروەرزانینی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەکانی تردا. کەواتە دەکرێت جەخت کردنەوە لە بەها هاوبەشەکانی وەک فرەیی، پێکەوەژیانی ئاشتییانە، قبووڵکردنی جیاوازیی، مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی مافی ئازادیی ویژدان و دەربڕین، زامنی دروستبوونی فۆرمێکی گونجاو لە نەتەوە بکات، کە هەوڵ نادات هەموو پێکهاتەکان لە بۆتەقەی نەتەوەی زۆرینە، یان باڵادەستدا بتوێنێتەوە، وەک ئەزموونی تورکیا و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەوڵێکە بۆ گردبوونەوە لەدەوری شوناسێکی هاوبەش، کە زامنی یەکسانیی نێوان هەموو پێکهاتەکان دەکات.

رووداوەکانی نێوان داگیرکردنی هەندێک ناوچەی کوردستان، کە مۆزاییکێکی بێوێنەی پێکهاتەی جیاوازن، لەلایەن (داعش) و ئازادکردنی بەشێکی زۆریان لەلایەن پێشمەرگەوە، وێڕای چەندین هەوڵ بۆ لەمرۆڤخستنی کوردانی ئێزیدی لەلایەن ژمارەیەک گرووپی ئیسلامییەوە، ئاماژەی گرنگیان تێدایە بۆ بڕوابوونی خەڵکی کوردستان بە پێکەوەژیانی بێمەرج، پێکەوەژیانێک کە شوناسەکان ناسڕێتەوە، بەڵام هاوکات ڕیزبەندیشیان بۆ دانانێت. ئامادەباشی کورد بۆ لەئامێزگرتنی پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان، لەوەش گرنگتر ئامادەباشی بۆ خۆ فیداکردن لەپێناوی ئەوانی دیکەدا، سەرمایەیەکی گەورەی کوردستانە، کە دەکرێت بکرێتە بنەما بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی کوردستانی، کە هەمووان بەدەر لە زمان و کەلتوور و ئایینمان، تێیدا ئەندامێکی یەکسان بین. سەرەتاکانی فراژانی ئەم ناسیونالیزمە مۆدێرنە، هۆکار بوو بۆ ناساندنی کوردستان وەک ناوازە، تۆخکردنەوەی ئەم ئاراستەیە و جێگیرکردنی لە یاسا و دەستووردا، دەبێتە هۆی تۆخکردنەوەی ئەم شوناسە کوردستانییە، کە لە ناوچەکەدا وێنەی نییە و جیهانی سەرسام کردووە.

لەکۆتاییدا گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە ناوازەیی شوناسێکی ئەبەدی نییە کە نەتەوەیەک وەریگرت، ئیتر هەر بە بەرۆکییەوە دەمێنێتەوە، بەپێچەوانەوە ناوازەیی دۆخێکی کاتییە و هەمیشە پێویستی بە تۆخکردنەوە و ژیانەوە هەیە. ئەو بەهایانەی ئەمرۆ جێگەی شانازی ئێمە و سەرنجی جیهانن، هەمیشە و هەردەم لەژێر هەڕەشەی هێزە تاریکەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا دەبن. ئەو هێزانەی بڕوایان بە سەروەریی خۆیان هەیە بەسەر کۆی مرۆڤایەتیدا، دوژمنی سەرەکیی پێکەوەژیان و فرەیین، لەبارترین چەکیش بۆ لاوازکردنی هێزی لەم جۆرە و پووچەڵکردنەوەی بنەما هزرییەکانیان، خودی فرەیی و پێکەوەژیانە.

**سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بەسەر هێزەکانی تاریکی و جەهالەتدا، نمایشی باڵاترین ئیرادەی ئازادە لە ناوچەکەدا کە چەندین سەدەیە ئیرادەی ئازادی نەتەوەکان رووبەڕووی سەرکوتکردن دەبێتەوە**

**ئامادەباشی بۆ خۆفیداکردن لە پێناوی ئەوانی دیکەدا، سەرمایەیەکی گەورەی کوردستانە، کە دەکرێت بکرێتە بنەما بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی کوردستانی، کە هەمووان بەدەر لە زمان و کەلتوور و ئایینمان، تێیدا ئەندامێکی یەکسان بین**



د.عیرفان نەقشبەندی
پرۆفیسۆری یاریدەر لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی بۆ گوڵان:

# تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئیسلام کوردانەیە، نەک ئیسلامی هاوردەکراوی سعودیە و کەنداو و وڵاتانی دیکە

**کێشـــەی کورد و کوردستان، کێشەی خاك و نەتەوەیە، نەك کێشـــەی ئایین و مەزهەبگەرایی. ئەو پێکەوەژیان و فرەیـــی و لێبوردەییە بە درێژایی هەزاران ســـاڵ لە کوردستان بوونی هەبووە و بەرهەمی تێگەیشتنی کورد و زانایانـــی کورد بووە لە ئایینی پیرۆزی ئیســـلام و لە نێو قوتابخانە ئایینییەکانی کوردســـتانیش بە سەدان سەرکردە و شاعیر و بیرمەند هەڵکەوتوون، بۆیە ئەوەی جێگەی پرســـیارە ئەوەیە: بۆچی لەسەر ئەم پاشخانە بێگـــەردە مێژووییە لێرەو لەوێ شـــێوازی توندڕەوی و توندوتیژی دەردەکەوێت؟ چی بکەین بۆ ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیســـلام بە تێگەیشـــتنی کوردانە وەك خۆی لە کۆمەڵگە بمێنێتـــەوە و ببێتە هۆکارێك بۆ هەوێنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی؟ چۆن بە تێگەیشـــتنی کورد بۆ ئیســـلام دژی تیرۆریستانی داعش و ئەوانەشی کە فیکری داعش بەرهەم دەهێنێن کار بکەین؟ بۆ قســـەکردن لەســـەر ئەم پرسە گرنگانە سەردانی د.عیرفان نەقشبەندی پرۆفیسۆری یاریدەر لە زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانیمان کرد و لەم دیدارە تایبەتەدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئێستا هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان لە شەڕێکی گەورەدایـــە لەگەڵ تیرۆریســـتانی داعش، ئایا چۆن ســـەیری ئەم شـــەڕە دەکەن کە لە ژێر پەردەی ئایینی ئیســـلامدا تیرۆریســـتان دژی کوردســـتان بەرپایان کردووە؟**

- بە ناوی خوای بەخشـــندە و میهرەبان، دیارە گەلی کوردستان زۆربەی موســـڵمانە و ئیسلامییەتیشی بە شـــێوەیەکی میانڕۆ پیـــادە کـــردووە و پارێزگاری لە ئایینی خۆیشـــی کردووە، ئـــەوەی جێگەی داخە ئەم گەلە موسڵمانە لەلایەن تاقمێکەوە رووبەڕووی شەڕێك کراوەتەوە، کە نەك هەر پێویستە گومان لە ئیسلامبوونیان بکرێت، بەڵکو دەبێت گومان لە مرۆڤبوونیشیان بکرێت. بۆیە پێویستە وەزارەتی ئەوقاف کۆنفرانسێك ساز بکات و لەم کۆنفرانسەدا ئەو پرســـیارە بورووژێندرێت بەوەی ئایا تیرۆریســـتانی داعش مرۆڤن، یـــان نە؟ چونکە گەلی کوردستان رووبەڕووی تاقمێك بۆتەوە کە گومان دەکرێت مرۆڤ بن، نەك باســـی ئـــەوە بکرێت ئەمانە موسڵمانن یان نە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا گەلی کوردســـتان لە پیرۆزترین قۆناخـــی بەرگریکردندایە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە جیهادێکی گەورەیەدا بۆ پاراستنی خاك و ئایین و مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی تیرۆریستانی داعش دژی خاك و ئایین و مرۆڤایەتی و خەڵکی کوردستانن، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی لەم شەڕەدا قوربانییەکی گەورەمان داوە، بەڵام گەلی کوردســـتان ســـەلماندی لەســـەر گۆی ئەم زەوییە پارێزگاری لە کەرامەتی مرۆڤایەتی دەکات.

*** ئامـــاژەت بەوە کرد کە هێزی پێشـــمەرگە بەرگری لە ئایینی ئیســـلام دەکات، ئەگەر لەســـەر ئەم لایەنە روونکردنەوەی زیاتر بە خوێنەرانی گوڵان بدەیت؟**

- دیارە ئایینی ئیســـلام خۆی لـــە دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانـــی پێغەمبـــەر (د.خ) دەبینێتەوە، ئایینی ئیســـلام ئایینی ئاشـــتی و پێکەوەژیان و لێبووردەییە و رێز لـــە مرۆڤەکان دەگرێت، بۆیـــە کاتێك داعش دێت و مرۆڤەکان ســـەردەبڕێت و هێزی پێشمەرگە بەرگری دەکات، ئـــەوا ئەمە مانای ئەوەیە هێزی پێشـــمەرگە بەرگری لـــەو ئایینە دەکات کە ئایینی ئاشـــتییە بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر (د.خ) پیادەی کردووە، بێگومان ئەگەر بە درێژایی مێژووش ســـەیر بکەین لەو مێژووەدا دەبینین ئێمە بە سەدان قوتابخانەی ئایینی ئیسلامیمان هەبووە و ئـــەم قوتابخانانە هەر هەموویان خەڵکیان بەو جۆرە پـــەروەردە کردووە کە بەرگری لە ئایینی پیرۆزی ئیســـلام بکەن، هەر ئەو پیاوە ئایینییانەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وڵاتی ئێمەیان بەڕێوە بردووە، لەوانە شێخ سەعیدی پیران، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی،

**بەشێکی گرنگی ئەم سەرکەوتنانە بۆ رۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە کە لەم قۆناخەدا سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە**

**مامۆستایانی ئایینی لە کوردستان رۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان بەرز نرخاندووە**

**حەواندنەوەی دوو ملیۆن ئاوارە لە کوردستان و ئەو سەرکەوتنانەی بەدەست هاتوون، دوای فەزڵی خوای پەروەردگار بەرهەمی قارەمانی پێشمەرگە و سەرۆکەکەیەتی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە**

شێخ مەحمودی حەفید، قازی محەمەد، مەلا مستەفا بارزانی، هەر ئەم سەرکردانەش بناخەی کوردایەتییان دارشتووە و بناخەی ئەو پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوانەیان دارشتووە کە ئێستا لە کوردساندا بوونی هەیە، لەلایەکی دیکەوە و لەسەر ئاستی ئەدەبیاتی کوردی هەست دەکەین زۆربەی شاعیرە گەورەکان دەرچووی قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستانن، لەوانە مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، مەحوی، مەلا خدری نالی و چەندانی دیکە. ئەم مێژووە پێمان دەڵێت: ئێمە وەك کورد خاوەنی باکگراوندێکی ئایینی خۆرسکین، نەك بیروباوەڕێك لە دەرەوە هاوردەی کوردستان کرابێت، بۆیە ئەو بیروباوەڕەی کە لەناو داعش دەیبینین، ئەو بیروباوەڕە هاوردەکراوە و دژی مرۆڤایەتییە، بۆیە ئەو ئیسلامییەتەی ئێمە هەمانبووە، دەکرێت پێی بگوترێت ئیسلامی کوردی، ئەمەش زۆر گرنگە پێداگیری لەسەر بکەین، ئێمە ناتوانین پێداگیری لەسەر ئیسلامێك بکەین کە لە سعودیە، یان وڵاتانی کەنداو، یان وڵاتێکی دیکە هاوردە بکرێت، ئێمە ئیسلامێکمان دەوێت، ئیسلامێکی کوردی بێت، راشکاوانەتر ئیسلامێك بێت کە بریتی بێت لە تێگەیشتنی ئێمە وەك کورد بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز، هەروەها بتوانین کەلتوور و فەرهەنگی خۆمان بپارێزین بە مەرجێ پێچەوانەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام نەبێت، هەر بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین سەدان ساڵە میللەتی ئێمە موسڵمانە، سەدان زانای گەورە لە مێژوودا هەڵکەتوون، کەچی لەو مێژووەدا بە ڕێکەوتیش لەنێوان دوو بیروبۆچوونی ئایینی جیاوازدا توندوتیژی روونەداوە، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی کوردستان موسڵمان بوون، بۆ نموونە ئەگەر سەیری سلێمانی بکەین تەنها ١٠٠ خێزانی کریستیانی هەبووە لە گەڕەکی سەرچیمەن کەنیسەیەکی کریستیانەکانی لێیە، پێشتر جولەکە هەبووە، گەڕەکێکی سلێمانی ناوی گەڕەکی جولەکەکان بووە، ئەمە لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش هەر بەهەمان شێوە بووە، رۆژێك لە رۆژان کەس زۆری لێ نەکراوە، کەواتە ئێمە پێویستمان بەم ئیسلامە کوردییە هەیە، ئەمەشمان لە پێغەمبەر (د.خ) بۆ ماوەتەوە، بەڵام لێرەدا هەقە گلەیی خۆم ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم کە وەك پێویست بایەخی بەم لایەنە نەداوە و هەتا ئێستا لە ناو ئەنجوومەنی وەزیراندا راوێژکارێکی ئایینی بوونی نییە.

**شەڕی نێوان شیعە و سوننە، پاشماوەی شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوییە، شەڕی ئێمەی کوردیش شەڕی ئایینی نییە و شەڕی نەتەوەییەکە**

**ئێمە وەك کورد عەلامەیەکی گەورەی وەك مامۆستا سەعیدی نەورەسیمان هەیە کە ساڵانە تورکیا کۆنفرانسی بۆ گرێدەدات و هەموو نووسینەکانی بۆ زمانەکانی جیهان وەرگێڕاون، بەڵام ئێمە خۆمان سوودمان لێ نەبینیوە و نەمانتوانیوە کۆنگرەیەکی بۆ گرێبدەین**

**دەوڵەتە عەرەبییانەی ئێستا زۆربەیان لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی دروستبوون و هیچیان خاکی عەرەب نین**

*** بەڵام لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتێك بەناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەیە، ئایا ئەرکی ئەم وەزارەتە نییە ئەو کەموکورتییانە چارەسەر بکات؟**

- من پێموایە دانانی کەسێك لە شوێنی خۆیدا نەبێت دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ کەموکورتییەکان، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (**إذا وُسِّدَ الأمر إلي غير أهله فانتظر الساعة**)، ئەمەش واتە ئەگەر یەکێك لە شوێنی خۆی دانەنرا و کەسەکە پسپۆڕ نەبوو لە کارەکەی خۆیدا، ئەوا دەبێت چاوەڕوانی خراپبوونی بارودۆخەکە بکەین، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی ئەگەر کەسێك لە شوێنێك دانرا، پێویستە لانیکەم لە ٥٥٪ی کارەکانی خۆی پسپۆڕ بێت و بۆ ٤٥٪ی پەنا بۆ راوێژکار، یان کەسەکانی دیکە بەرێت، لەم چوارچێوەیەدا گرنگ بوو وەزارەتی ئەوقاف خوێندنەوەیەکی تازەی بۆ دیاردەی داعش بکردایە، کۆنفرانسێکی گرێبدایە و زانا گەورەکانی جیهانی بانگهێشت بکردایە، لایەنێکی دیکە کە دەبوو لەبەرچاو بگیرایە، ئەویش مەسەلەی وتاربێژی سەر مینبەری مزگەوتەکانە، ئێمە ئەم هەموو مزگەوتەمان هەیە، ئایا توانیومانە هێندەی ژمارەی ئەو مزگەوتانەی نوێژی هەینییان تێدا دەکرێت، کادری وتاربێژ پەروەردە بکەین؟ بۆ نموونە وتاربێژی نوێژی هەینیمان کەسێکە دەرچووی پەیمانگەی ئایینی، یان کۆلێژی زانستە سیاسییەکانە، کەسێکی لاوی کەم ئەزموونە و خولی وتاربێژی بۆ نەکراوەتەوە، راستەوخۆ کراوەتە وتاربێژ و چۆتە سەر مینبەری مزگەوت و بەجۆرێك و بە حەماسەوە قسەی کردووە و توندوتیژی بڵاوکردۆتەوە کە ئەسڵەن نازاندرێت چ دەستێکی لەپشتەوەیە.

*** لەم قسانە ئەوە دەردەکەوێت کە وتاری رۆژی هەینی پێویستی بە رێکخستن هەیە و وتاربێژەکان پێویستیان بە خولی راهێنان و پسپۆڕی و تایبەتمەندی هەیە، ئایا مەبەستت ئەوەیە؟**

- بەڵێ، بێگومان لەبەر ئەوەی لە هیچ وڵاتێکدا ئەمە بوونی نییە کە ئێستا لە کوردستان بوونی هەیە، هەتا پێشتر لە عێراقدا، ئەو مزگەوتانەی بۆ نوێژی هەینی قەرەباڵغ بوون، کەسی ئەکادیمی و خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستی ئیسلام دادەنران وتار بدەن، لەبەر ئەوەی نەك ئەو وتاربێژە قسەیەك بکات لە سەر مزگەوت، یان حکومەت بکەوێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی ئەوقاف پەیمانگەیەك بکاتەوە جیاواز لەم پەیمانگەیەی ئێستا هەیە و تایبەت بێت بە پەروەردەکردنی وتاربێژ و بانگخوازی ئیسلامی، پرۆگرامی ئەم پەیمانگەیە لەلایەن کۆمەڵێك کەسی زانا و بیریار لە زانستی ئیسلامی و میانڕۆ دابنرێت و لەگەڵیدا وانەکانی مێژووی کورد و کوردۆلۆژی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی بخوێندرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك ئەو مامۆستایە بۆ وتاردان دەچێتە

سەر ئەو مینبەرە، دەبێت شارەزای سایکۆلۆژیەت و کۆمەڵناسی ئەو کۆمەڵە بێت کە قسەیان بۆ دەکات و نابێت بە شێوەیەك قسە بکات برینداریان بکات، یان تەشهیریان پێبکات.

*** بەڵام لە ئێستادا چەندین مزگەوت هەیە کە وتاری رۆژی هەینی تێدا دەخوێندرێتەوە و وتارەکان هانی توندوتیژی دەدەن، ئایا لەمبارەوە وەزارەتی ئەوقاف دەتوانێت هیچ شتێك بکات، یان چ سنوورێکیان بۆ دابنێت؟**

- ئێستا ژمارەیەکی ئێجگار زۆری مزگەوتەکان نوێژی هەینی تێدا دەکرێت و هەمووشیان وتاری تێدا دەخوێندرێتەوە، بۆیە دەبێت لەم رووەوە وەزارەتی ئەوقاف پێداچوونەوەیەکی ورد بکات، هەر بۆ نموونە تەنها لە ناو شاری سلێمانی لە ١٠٠ مزگەوت نوێژی هەینی دەکرێت و وتاری تێدا دەخوێندرێتەوە، من ئەو پرسیارە دەکەم: ئایا ئێمە ١٠٠ وتاربێژمان هەیە کە هێندە بەتوانا بێت تەنها رووداوە راستییەکانی هەفتە بۆ موسڵمانان بخاتەڕوو، پاشان پارێزگاری لە شار و وڵاتی خۆیشی بکات، بە بڕوای من هەڵەی وەزارەتی ئەوقاف لەو خاڵەدایە کاتێك بڕیار لە کردنەوەی مزگەوتێك دەدات، بیر ناکاتەوە وتاربێژەکەی کێیە؟ دەبێت لە پێشدا بیر لە وتاربێژەکەی بکرێتەوە، ئینجا بڕیار لە کردنەوەی مزگەوتەکە بدرێت، پاشان بڕیار بدرێت نوێژی هەینی تێدا بکرێت.

*** ئایا ئەمە نابێتە هۆی دروستبوونی سانسۆر لەسەر وتاربێژەکان؟ ئایا لە شوێنانی دیکە ئەمە چۆن رێکخراوە؟**

- کێشەی سەرەکیی وتاربێژی کەم ئەزموون ئەوەیە بە شێوەیەکی ئیرتیجالی وتار دەدات و حەماس دەیگرێت و پاشان دەکەوێتە هەڵەوە، بۆیە گرنگە ئەمە بەدواداچوونی لەسەر بکرێت و وتارەکان بنووسرێتەوە بۆ ئەوەی ئەوە روونەدات، هەروەها لە هەندێك گەڕەکی سلێمانی لە ٦ مزگەوت نوێژی هەینی دەکرێت، با کەمبکرێتەوە و لە ٢ مزگەوت نوێژی هەینی بکرێت، ئەوکات کۆنترۆڵی ئەو حاڵەتانە دەکرێت، ئەمە لە وڵاتانی دیکەش وایە، بۆ نموونە لە سعودیە و لە هەردوو مزگەوتی حەرەمی مەککە و مەدینە، وتاربێژی رۆژی هەینی وتارەکەی بۆ نووسراوە و دەیخوێنێتەوە، وتارەکەش لەلایەن لیژنەی هوشیاری ئایینی سعودیەوە نووسراوە، بەمەش ئەو حاڵەتە، یان هەڵە روو نادات.

*** ئایا پێویستە پێداچوونەوە بە پرۆگرامی خوێندنی ئیسلامیدا بکرێت؟**

- من پێموایە پرۆگرامی قوتابخانە و ئامۆژگا و کۆلێژەکانی زانستی ئیسلامی دەبێت هەر هەموویان لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پێداچوونەوەی وردی بۆ بکرێت، هەروەها دەبێت پێداچوونەوە بە کادر و مامۆستاکانیش بکرێت کە وانە دەڵێنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر پرۆگرامەکەش میانڕۆ بێت، بەڵام مامۆستاکە، یان کادرەکە توندڕۆ بێت، پرۆگرامەکە بەرەو توندڕۆیی دەبات.

*** ئەی سەبارەت بە ئایین و حزبایەتی، یان دروستکردنی حزبی سیاسی لە ئیسلامدا، ئایا ئەمەیان چۆن رێکخراوە؟**

- دروستبوونی حزبی ئیسلامی لە خاڵێکدا جائیزە، ئەگەر زاڵمێك هەبوو زۆرداری بکات، کۆمەڵێك کۆدەبنەوە بەناوی ئایین رووبەڕووی دەبنەوە، یان گرووپێك کۆدەبنەوە و حزبێکی ئیسلامی پێکدەهێنن کە بەرگری لە خاکی خۆیان بکەن، تا ئێرە هیچ کێشەیەك نییە، بەڵام گرفتەکە لەو کاتە دروست دەبێت کەسانێك بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە حزبێك دروست بکەن، کە نە بتوانێت بەرگری لە ئیسلام بکات، نە وەك پێویستیش بتوانێت خزمەتی گەل و وڵاتەکەی خۆی بکات.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە سەر رۆڵی پێشمەرگە لە شەڕ تیرۆریستاندا، دیارە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەم شەڕەدا خۆی هەر وەك پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ بووە، ئایا تاچەند مامۆستایانی ئایینی توانیویانە لە وتارەکانی رۆژی هەینی پشتگیری پێشمەرگە بکەن؟**

- لەم دواییەدا مامۆستایانی ئایینی لە کوردستان رۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان بەرز نرخاندووە، راستە لە هەندێك مزگەوت هەندێ قسە کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایانی ئایینی ئەوەیان بۆ خەڵکەکە روونکردۆتەوە کە نوێژکردنمان بە ئازادی و سەقامگیری و ئاسایشی وڵات و کاروکاسبیمان بەرهەمی خۆڕاگری و قوربانیدانی پێشمەرگەیە، هەروەها حەواندنەوەی دوو ملیۆن ئاوارە لە کوردستان و ئەو سەرکەوتنانەی بەدەست هاتوون، دوای فەزڵی خوای پەروەردگار بەرهەمی قارەمانی پێشمەرگە و سەرۆکەکەیەتی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە، ئەگەر پێشمەرگە سنگی خۆی نەکات بە قەڵغان و پارێزگاری لە خەڵك و خاکی کوردستان نەکات، ئێمە چۆن دەتوانین لێرە بە ئازادی بژین؟ دیارە هەموو هێزێکیش پەیوەستە بەو ئاڕاستە و بەرنامەیەی کە سەرۆکەکەی بۆی دادەنێت و ئاڕاستەی دەکات و فەرمان لەسەر جێبەجێکردنی پلانە سەربازییەکان دەدات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا بەشێکی گرنگی ئەم

**لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا جۆرێک لە فیدراڵی هەیە، هەر هەرێمێک داهاتی سەر زەوی و ژێر زەوی بۆ خۆیەتی و بۆ ئەوەیە گەلەکەی خۆشگوزەران بکات**

**ئێمە خەبات بۆ سەربەخۆیی دەکەین، هیچ ئایینێکیش نییە هێندەی ئیسلام جەخت لەسەر سەربەخۆیی بکاتەوە**

**بێجگە لە نەتەوەی کورد، هەموو گەلانی جیهانی ئیسلامی سوودیان لە ئیسلام وەرگرتووە بۆ سەرکەوتنی نەتەوەی خۆیان**

**ئێستا گەلی کوردستان لە پیرۆزترین قۆناغی بەرگریکردندایە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە جیهادێکی گەورەیەدا بۆ پاراستنی خاک و ئایین و مرۆڤایەتی**

**گرفتەکە لەو کاتە دروست دەبێت کەسانێک بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە حزبێک دروست بکەن، کە نە بتوانێت بەرگری لە ئیسلام بکات، نە وەک پێویستیش بتوانێت خزمەتی گەل و وڵاتەکەی خۆی بکات**

**گرنگ بوو وەزارەتی ئەوقاف خوێندنەوەیەکی تازەی بۆ دیاردەی داعش بکردایە، کۆنفرانسێکی گرێبدایە و زانا گەورەکانی جیهانی بانگهێشت بکردایە**

سەرکەوتنانە بۆ ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە کە لەم قۆناغەدا سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە.

*** هەر لە میانەی شەڕی تیرۆریستانی داعش لەسەر راسپاردەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بڕیاری پەرلەمان پێشمەرگە چووە کۆبانێ بۆ هاوکاری کوردانی ڕۆژئاوا، ئایا چۆن سەیری چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ دەکەیت؟**

- راسپاردەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ هەنگاوێکی حەکیمانە و بوێرانە بوو، ئەم هەنگاوە وەڵام بوو بۆ چەند پرسیکی گرنگ لەوانە:

١. وەڵامێك بوو بۆ ئەو وڵاتانەی بەشێکی کوردستانیان لە بندەستە بەوەی هەر کاتێك ئێمە دووچاری گەورەترین شەڕیش ببینەوە، ئەوا کوردستان یەك پارچەیە، بۆیە نەك ١٥٠ پێشمەرگە، بەڵکو یەك پێشمەرگەش بچوایە زۆر بوو.

٢. ئەم هەنگاوە سەلماندنی گەلی کوردستان پێش ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆش، لە هەر شوێنێك زۆرداری و چەوسانەوە هەبێت، هێزی پێشمەرگە لەوێ بوونی هەیە.

٣. سەرکەوتنی کورد لە کۆبانێ بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ چوون و هاوکارییەکانی پێشمەرگە، کە ورەیەك بوو بۆ کۆبانێ.

*** ئێمە وەك کورد گەلێکی موسڵمانین، بەڵام هەرچی بەسەرمان هاتووە لەلایەن عەرەب و فارس و تورك کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن بە سەرماندا هاتووە، ئایا لەمبارەوە وەك زانایەکی ئایینی ئیسلام ڕاتان چی چییە؟**

- بێجگە لە نەتەوەی کورد، هەموو گەلانی جیهانی ئیسلامی سوودیان لە ئیسلام وەرگرتووە بۆ سەرکەوتنی نەتەوەی خۆیان، ئەمەش هەقیقەتە، ئەگەر سەیری عەرەب بکەین، توانیویانە بە سوود وەگرتن لە ئیسلام جۆرێك لە سیاسەتی خۆیان لە ناوچەکە بسەپێنن، تورك و فارسیش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەگەر سەیری گوتار و تێڕوانینی کورد بکەین، هەست دەکەین هەوڵیداوە بۆ پرسی نەتەوەکەی خۆی لە ئیسلام دووربخاتەوە و نەیتوانیوە سوودی لێوەربگرێت، هەر بۆ نموونە ئێمە خەبات بۆ سەربەخۆیی دەکەین، هیچ ئایینێکیش نییە هێندەی ئیسلام جەخت لەسەر سەربەخۆیی بکاتەوە، هەر بۆ نموونە خودا لە قورئاندا دەفەرموویت: (**یاأیها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله أتقاكم**)، ئەمەش واتە ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێ دروستکردووە و کردوومانن بە گەل و هۆز بۆ ئەوەی یەکتری بناسن، ئەمەش واتای ئەوەیە کاتێك من یەکتری ناسین لەگەڵ گەلێکی دیکە دەکەم، ئەو سەروەریی خۆی هەیە و دەبێت گەلی منیش سەروەری خۆی هەبێت، پاشان لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا جۆرێك لە فیدراڵی هەیە، هەر هەرێمێك داهاتی سەر زەوی و ژێر زەوی بۆ خۆیەتی و بۆ ئەوەیە گەلەکەی خۆشگوزەران بکات، بۆیە دەکرێت لەم لایەنەوە سوود لە ئیسلام وەربگرین، پاشان لەمەش گرنگتر ئەو دەوڵەتانەی ئێستا دەوڵەتیان هەیە، هەموویان بێجگە لە کورد وڵاتی خۆیان نییە و داگیریان کردووە، ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی ئێستا زۆربەیان لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی دروستبوون و هیچیان خاکی عەرەب نین، بەڵام کورد بە درێژایی مێژوو هەر لە ماددەکانەوە تائێستا لەسەر خاکی خۆی خەباتی کردووە، عەرەب هاتووە گوتاری خۆی لەسەر بنەمای ئوممەی عەرەبی و ئیسلامی دارشتووە، وەك ئەوەی عەرەب و ئیسلام دووانەیەك بن لێکجیانەکرێنەوە، لە کاتێکدا عەرەب نەتەوەیە و ئیسلام ئایینە، هەروەك چۆن کورد نەتەوەیە، راستە زۆرینەی موسڵمانە، بەڵام کوردی ئێزیدی و کریستیان و کاکەیی و ...هتد هەن، ئەم نەتەوەیە راستە ئایینی جیاوازی تێدایە، بەڵام هەموویان یەك نیشتمانیان هەیە و هەموویان لەیەك سەنگەرەوە بەرگری لێدەکەن، بەڵام ئێمە خۆمان نەمانویستووە کە سوود لە مێژووی خۆمان وەربگرین، هەر بۆ نموونە ئێمە وەك کورد عەلامەیەکی گەورەی وەك مامۆستا سەعیدی نورەسیمان هەیە کە ساڵانە تورکیا کۆنفرانسی بۆ گرێدەدات و هەموو نووسینەکانی بۆ زمانەکانی جیهان وەرگێڕاون، بەڵام ئێمە خۆمان سوودمان لێ نەبینیوە و نەمانتوانیوە کۆنگرەیەکی بۆ گرێبدەین، لەکاتێکدا ئەم زانا گەورەیە خەڵکی نورەسی کوردستانی باکوورە و زۆر کات هەر بە سەعیدی کورد ناسراو بووە.

*** لایەنێکی دیکە کە لەگەڵ هاتنی داعش بەرچاومان کەوت و پێشتریش هەندێك گرووپی توندڕۆی ئیسلامی ئەنجامیانداوە، تەقاندنەوەی نزرگە و شوێنی پێغەمبەران و شوێنەوارە دێرینەکان بووە، ئایا تاچەند لە مێژووی ئیسلامدا ئەمە بوونی هەبووە و تاچەند ئیسلام ڕێگە بەم کارە دڕندانەیانە دەدات؟**

- هەر میللەتێك شارستانییەتی نەبێت، پێی ناگوترێت میللەت، ئەو شوێنانەش بەشێکن لە شارستانییەتی نەتەوەیەك و مرۆڤایەتیش، بەڵام تیرۆریستانی داعش هاتوون مێژووی گەلان بسڕنەوە، لە مێژووی ئیسلامدا کردەوەی وا بوونی نەبووە، هەر بۆ نموونە کاتێك

ئیسلام میسری فەتح کرد، پەیکەرەکانی فیرعەون هەبوون، کاتێك عێراقی فەتح کرد ئەو پەیکەرانەی ئاشوورییەکان هەبوون، هەروەها کاتێك ئەفغانستانی فەتح کرد پەیکەری بوزا هەبوون، هیچیان نەشکێندران و تێکنەدران، بۆیە ئەم مەسەلەیە هەڵەیە، سەبارەت بەوەی لەسەردەمی پێغەمبەردا ( د.خ) پەیکەرەکان شکێندراون، لەبەر ئەوە بووە ئەو پەیکەرانە پەرستراون، بەڵام خۆ ئەو پەیکەرانە ئێستا ناپەرسترێن، بۆیە تێکدانی ئەو پەیکەرانە تەقاندنەوەی نزرگەی پێغەمبەران و پیاوچاکان، هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی شارستانییەتی ئیسلامی.

*** ئەوەی هەستی پێدەکەین لەم شەڕەی داعش وڵاتانی ئیسلامی زۆر هاوکاری کوردستانیان نەکرد، بەپێچەوانەوە رۆژئاوا زیاتر هاوکاری کرد، لەسەر ئەم لایەنە راتان چییە؟**

- لەم لایەنەوە گلەیی لە وڵاتانی ئیسلامی دەکەین و هەروەها دەبێت گلەیی لە خۆشمان بکەین، دیارە هەموو وڵاتانی ئیسلامی زۆر کەمتر لە وڵاتانی رۆژئاوا هاوکاری کوردستانیان کردووە، بۆیە لەم لایەنەوە گلەیی لە هەڵوێستی وڵاتانی ئیسلامی دەکەین لەبەر ئەوەی ئەگەر پێیانوایە پریشکی تیرۆر لە وڵاتێك هەبێت و ئەوان ناگرێتەوە، ئەمە هەڵەیە، بەڵام گلەیی لە خۆشمان دەکەین دەبوو چالاکانەتر لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی کارمان بکردایە، بەتایبەتی عەرەبستانی سعودی کە ئێستا سەرۆکایەتی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دەکات دژی حوسییەکان لە یەمەن، هەروەها قەتەر و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامیش.

*** ئێستا خەریکە شەڕی تیرۆریستانی داعش، دەبێتە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان شیعە و سوننە، ئایا تاچەند گرنگە کورد لەم شەڕەدا بێلایەن بێت؟**

- شەڕی تیرۆریستانی داعش مەسەلەیەکە و شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە مەسەلەیەکی دیکە، ئێمە شەڕی تیرۆریستانی داعشمان کرد لە بەر ئەوەی هێرشیان کردە سەر کوردستان، بەڵام شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نییە و ئێمە ئایینی ئیسلاممان قبوڵ کردووە و براوەتەوە، زۆریش ویستوویانە بە ناوی ئایین کورد سەرکوت بکەن، بەڵام شەڕی نێوان شیعە و سوننە، پاشماوەی شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوییە، شەڕی ئێمەی کوردیش شەڕی ئایینی نییە و شەڕی نەتەوەیەکە، ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش زۆر حەکیمانەیە کە دەڵێت: کورد نابێتە بەشێك لە شەڕی سوننە و شیعە.



د.عیرفان رەشید شەریف، پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی. سەرۆکی لیژنەی فەتوای یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانە لقی سلێمانی و وتاربێژە لە مزگەوتی دارولسەلام لە سلێمانی.

# ئیسلام
# لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئایینەوە

بەشی دەیەم و کۆتایی



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

### • کتێبێکی پیرۆز

کتێبی پیرۆز دەبێتە بنەمای سێیەمی دەرکەوتەی ئایین لە نـــاو مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئێمە لێـــرەدا وا تێدەگەین کە ئەگەر کتێبێکی پیرۆز لە ئارادا نەبێت، مانای وایە ئایین دەرناکەوێ. ئەگەر مێژووی ســـەدان هەزار ساڵەی بوونی ئایین لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤ بخوێنینەوە، ئەم بۆچوونە بـــە هەڵە دەردەچێت، چونکە دەرکەوتنی کتێب دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاش مێژوو، واتە ئەو سەردەمەی کە نووســـین تیایدا دەردەکەوێ، لەو ساتەوە ئیتر کتێبی پیرۆزیـــش دەبێتە بنەمایەکی دیکەی دەرکەوتنی ئایین. ئێمە وتمان لە سەرەتاوە کە مرۆڤ چەمکێکی بۆ بوونی خودا داڕشت، زۆرێک لە ســـیفاتەکانی خۆی بەسەردا ڕشت، ئەگەر پاشایەک لە سەرووی گشت مرۆڤاکانیەوە بوویێت و نوێنەری بۆ خۆی دیاریکردبێت، دەبێت خودایەک کە شـــای شاکانە چۆن نوێنەری تایبەتی خۆی نەبێت؟ جا ئەگەر مرۆڤ بە هۆی داهاتنی نووســـینەوە بووبێتە خاوەن کتێب، ئەی ئەو خوایە کە لە گشـــت مرۆڤەکان مەزنترە، چۆن دەبێت ئەویش کتێبی خۆی نەبێت؟! کەواتە ڕەنگدانـــەوەی بوونی خودا، بە پێکهاتەی بوونی مرۆڤ و کەلتووری مرۆڤ و جیهانبینی مرۆڤەوە بەندە. ئەگەر کتێب نووســـینەوەی گوتەی مـــرۆڤ بێت، واتە ئەوەی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە و بیری پێدەکاتەوە و بە خەیاڵیدا دێت، ئـــەوە بێت مرۆڤ دەینووســـێت و دەیکاتە کتێب، ئـــەدی خودا چۆن دەبێت گوتـــەی خۆی نەبێت؟ ئەگەر کەلام سیفەتێکی زیندووی مرۆڤ بێت، ئەی چۆن دەبێت خودایەک کە خۆی زیندوویەتی دەبەخشێت، ئەو سیفەتی کەلامەی هەڵنەگرتبێت؟ واتە ئەگەر خودا کەلامی خۆی هەبێت و بیکاتە تێکســـت، ئەوا دەبێتە کتێبێکی پیرۆز، واتە کەلامی خودا، مانای کتێبی پیرۆز دەبەخشێت. ئەو خودایەی کە مەبەســـت و کەلامی خۆی لەم بوونەوەرەدا هەیە، نوێنەری خـــۆی وەک پەیامبەران دەنێرێت، دەبێت کەلامێکیشی هەبێت لە دووتوێی کتێبێکی پیرۆزدا خۆی ئاشـــکرا بکات. ئەم خەیاڵە مۆنۆلۆگ ئامێزەی مرۆڤە لە سەرزەمینی واقیعدا، ئایینێک لەسەر ئەو سێ پایەیە

(خودا، پەیامبەر و کتێب) لــە ناو مێژوودا، دەردەخات. ئەگەر بە جۆرێکیتر ئەم بۆچوونە دابڕێژینەوە، ئەوا دەڵێین؛ بەڵگەی زانستی و بەڵگەی فەلسەفی سەختە بتوانێ، کە ئایینێک بەم چەشـــنە دەرکەوێ، بیسەلمێنێت. بەڵگەی بوونی ئەم ئایینانە تەنها بەڵگەی ســـایکۆلۆژییە، واتە خواستی مرۆڤە وا بێت، نەک خواستی خودا وا بووبێت. ئیســـلامیش وەک گشت ئایینێک لەم ڕەوتە بەدەر نییە. هەنووکە زۆرینەی جیهانی ئیســـلامی باوەڕی وایە کە قورئـــان موعجیزەیەکی تایبەتە و خـــودا بەتایبەتی لە ڕێگەی (محەمەد)ـەوە بە زمانی عەرەبی بۆ مرۆڤایەتی ناردووە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو لەم پەیامەدا ئیتر خودا کۆتایی بە پەیامی خۆی هێنـــاوە و لە زمانی عەرەبی و نەتـــەوەی عەرەبدا کەلامی خـــۆی خەتم کردووە. ئەم باوەڕە کە زیاتر لە هەزار و چوارســـەد ساڵ لەمەوبەر بە هۆکاری ماریفی ســـایکۆلۆژییانە و بە هۆکار سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی توانی خۆی لەو ســـەردەمەدا بســـەلمێنێت، ئیتر مرۆڤ لە پاش ئەوان و بە تێپەڕبوونی کات بەســـەر ئەوانیتردا، ئەمەی لا بووە بە هەقیقەتێکی سەلماوی بە موعجیزەکراوی بێ چەند و چۆن.

خوازیـــارم لێرەدا ئەوەش ڕاگەیەنم، ئەم پرۆســـەیە هەر بۆ ئایین ڕوو نادات، مـــرۆڤ هەندێجار کاری مرۆڤانەی پێش خۆشـــی لێدەبێتـــە کاری خودا. لە مێـــژوودا ئەوە ڕوویـــداوە کـــە چۆن بۆچوونـــی فەیلەســـوفێک، یان بۆچوونێکی فەلسەفی لای خەڵکی دەبێتەوە بە سروشی خودا. بۆ نموونە بیرۆکەی جیۆسەنتریسم (زەوی ناوەندی گەردوونـــە)، لە پێـــش دەرکەوتنی ئایینی مەســـیحی، بووە باوەڕێکی چەســـپاوی ئەوتـــۆ، لادان لەو باوەڕە بە کوفـــر و دژ بە خـــودا دەبیندرا. ئەمە هـــەر بۆ ئایینی مەســـیحی ڕاســـت نییە، بەڵکو بۆ ئایینی ئیسلامیش هەروا بووە، چونکە قورئان سیســـتەمی گەردوونی خۆی لەسەر گریمانەی جیۆسەنتریسم دامەزراندووە. ئەوەی کە ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتـــەوە، ئەو فەتوایەی موفتی سەعودییە بەناوی شێخ بن باز وتوویەتی: ئەوەی باوەڕی بەوە بێت کە زەوی دەســـووڕێتەوە، ئەوە کوفری کردووە، چونکە زەوی لە سیســـتەمی گەردوونـــی ناو قورئاندا، وەستاوە و ناجووڵێتەوە.

پسپۆڕانی بواری ئایینناسی لەو بڕوایەدان کە هەروەک فەلســـەفە دەرەنجامی کارلێکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤە لە تەک گەردوونـــدا، ئایینیش دەرەنجامی کارلێکردنی ڕۆحی مرۆڤە لەم گەردوونەدا. پاشخانی هزر و کەلتوور و ڕۆشنبیری و ئاستی هوشـــیاریی کۆمەڵگە، لەم دوو دەرکەوتنەدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. ئێمە تا ئێســـتا لەوە تێگەیشتین کە مرۆڤ بۆ کتێبێکی پیرۆز بەناوی خوداوە دەهێنێتە ئـــاراوە، قورئانیش لەو جۆرە کتێبە پیرۆزە بەدەر نییە. وەک وتمان کەلام سیفەتێکی زیندووی خودایە، وا دەکات کە کتێبی پیرۆزیـــش بۆ خۆی بەرهەمبهێنێت. بـــەڵام لە مێژوو هزری ئیســـلامدا، ناســـینی خودا بەم چەشـــنە، گرفتێکی زۆری خوڵقاند. ئەو کۆششەی کرا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە فکرییە، زانستی کەلامی هێنایە ئاراوە.

ناسینی خودا، یان پێناسەیەکی پڕاوپڕ بۆ خودا بە ناوی (ألله) لە مێژووی ئیسلامدا، گرووپ و مەزهەبی فکری جۆراوجۆری جیاکردەوە. ئـــەوەی کە ئێمە لێرەدا بتوانین پوختی بکەینـــەوە و بە کەلامی خوداوە ببەســـتینەوە، هەروەها قورئان بکاتە کتێبیکی پیرۆز، بەگشتی ئەوەیە کە ئەشعەرییەکان سیفاتەکانی خودا دەکەنە دوو بەشەوە: زاتەکی و کردەکی. سیفاتی زاتی وەک ژیان، توانست، زانست، ویســـت، بیستن، بینین، گوتن، سیفاتی کردەیی لە کردارەکانـــی خوداوە پەیدا بـــوون وەک خالق، رازق و دادگەر. موعتەزیلەکانیش ســـیفاتەکانی خودا دەکەنە دوو بەشـــەوە وەک ئەشـــعەرییەکان، بەڵام لە ســـیفاتی کەلامدا، لەوان جیادەبنەوە. واتە کەلام سیفاتی کردەکی خودایـــە و زاتی نییە. هەرچەنـــدە هەردووکیان باوەڕیان بەوە هەیە کە قورئان کەلامی خودایە، بەڵام موعتەزیلە قورئان دەکاتە کەلامێکی مەخلوق و ئەشعەریش دەیکاتە ســـیفاتی خالق و نایەوێت بڵـــێ قورئان مەخلوقە، بەڵکو سیفاتێکی بنەڕەتی و هەمیشەیی خودا بووە، بۆیە قورئان لای ئەوان وەبـــەر ئەوە ناکەوێت کـــە مەخلوق بێت. بە ناچاری ئەشـــعەری کەلامی خـــودا دەکاتە کەلامێکی نەفســـی، واتە ئەو کەلامە وەک سیفاتێکی هەمیشەیی خـــودا لە دەروونی یاخود لە ناخی خودایا هەر بووە، بەڵام لە سەردەمێکی تایبەتدا و بە گوێرەی پێویست لە شێوەی قورئاندا دەرکەوتووە. واتە قورئان وەک زمان و ڕســـتە و وشـــە و پیت، وەک دەرکەوتەیەک لای ئەشعەرییەکان مەخلوقە، وەلێ قورئـــان وەک کەلامی خودای ئەزەلی و وەک ســـیفەتێکی دەروونـــی خـــودا، نابێتە مەخلوق. موعتەزیلـــە باوەڕی بە کەلامی دەروونی نەبووە، چونکە کەلام لای ئەوان هەر ئەو پیت و وشە و ڕستانە بووە کە بـــەدەرەوەن نەک لە ژوورەوەن. لە هەمانکات موعتەزیلە ئەم بۆچوونەی بە مەترســـی زانیوە لە ســـەر بیروباوەڕی ئیسلام. چونکە بە بۆچوونی ئەوان ئەگەر قورئان سیفەتی زاتـــی و ئەزەلی خودا بێت، واتە خودا چۆن لە عیســـادا خۆی نیشانداوە وەک مەسیحییەکان باوەڕیان وایە، ئاوا خـــوداش لە قورئاندا خۆی نیشـــان دەداتەوە، ئەمەش بۆ خـــوی کوفرە و پێچەوانەی عەقیدەی ئیســـلام دەبێتەوە. واتە ئەگەر خودی عیســـا بە جەستە و ڕۆحەوە کەلامی خودا بووبێت، کە دواجار ئەوەی لێکەتەوە خودا لە پێست و گۆشـــتی عیسادا هاتۆتە ســـەرزەوی، کەواتە ئەگەر

پرۆسەی مێژوویی و بە کۆمەڵایەتیکردن، بە تێپەڕبوونی کات زۆرێک لە ئۆبژێکتەکان دەکاتە سەبژێکت، بۆیە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئایینی کارێکی سەختە و ئاسان نییە و زەمەنێکی زۆر دەخوازێت تا ڕووبدات

جۆری گوتاری قورئان سەبارەت بە محەمەد کاراکتەرێکی خودایانە ئاشکرا دەکات. قورئان بەجۆرێک فەرمان بۆ محەمەد دەردەکات و بە جۆرێک محەمەد ئاڕاستە دەکات، ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە کەسێکیتر لە دەرەوەی ویستی خۆی، بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکاری بهێنێت

لە ڕووی زمانەوانییەوە قورئان خاوەنی بەلاغەیەکی بانسرووشتی و موعجیزە ئامێزە. هەرچەندە قورئان بە زمانی عەرەبی نووسراوە، بەڵام بە چەشنێک داڕێژراوە کە لە توانای مرۆڤدا نییە بەو چەشنە نووسینێک دابڕێژێتەوە



قورئانیش سیفاتی زاتی خودا بێت وەک ئەشعەرییەکان باوەڕیان پێیەتی، دیارە قورئانیش دەبێت خودا خۆی بێت و لەو کتێبەدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم ترسەی موعتەزیلە وایکردووە کە قورئان بە سیفەتی خودا نەزانێت و وەک مەخلوقێکی خودا باوەڕی پێبکرێ. لەوە ترساوە کە ئەگەر قورئان قەدیم و ئەزەلی بێت، ئەوە دەبێتەوە بە شەریکی خودا، ئەم خاوێن ڕاگرتنەی خودا لە گشت هاوبەشێك، ئەو خەمەی بۆ دروستکردوون کە قورئان وەک کەلامێکی مەخلوقی خودا ببینن.[1]

ئیدی کێشەکە ئەوەندە سەخت کەوتەوە، جیهانی ئیسلامی شپرزە کردبوو. هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی زانستی کەلام، کۆمەڵێك لە حەدیس خوازان، بەرەوڕووی ئەم زانستە بوونەوە. تا وایان لێهات ئەم دروشمەیان دژ بەوان هەڵگرت: هەروەک چۆن لە دەستی شێرێك هەڵدێی، ئاوهاش لە دەستی زانستی کەلام دەبێ هەڵبێی. مالیکی کوڕی ئەنەس ١٧٩ك لە هەندێ بابەت پرسیارکردنی حەرام کردبوو و بە بیدعەی دەزانی. شافعی ٢٠٤ك دەڵێ: گەر خەڵکی بزانن کە کەلام چ هەوا و هەوەسێکی تێدایە، هەروەک چۆن لە شێر هەڵدێن، ئاواش لە زانستی کەلام هەڵدەهاتن. هەروەها دەیوت دەبێ ئەمانە بە چڵی دارخورما دارکاری بکرێن و بەناو خێڵ و هۆزەکاندا ببرێن، ئەوجا بوترێت ئەمە سزای ئەو کەسانەیە کە سوننەتیان وازلێهێناوە و بە دووی کەلام کەوتوون. ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ٢٤١ك، زۆر بەتوندی دژیان وەستاوەتەوە و هەموویانی کافر کردووە، تا وای لێهات کە ئازار و ئەشکەنجەی زۆری بەدەستیانەوە چەشت. دەیوت ئەهلی کەلام هەرگیز سەرکەوتوو نابن، هەرکەسێک بە کەلامەوە خۆی خەریک بکات، ئەوە دڵی نەخۆشە، زانایانی کەلام هەموویان زەندیقن.[2]

ئەم دژایەتیکردنەی کەلام لەلایەن ئەهلی حەدیس و فیقهەوە، وای لە گشتەی خەڵکی کرد کە بە گومانەوە لە کەلام بڕوانن، نەک هەر کەلام بەڵکو وایلێهات کە هەموو زانستێکی ئەقڵانی بە خراپ و بە گومانەوە دەبینران و خەڵکی دژیان هاندەدران. بۆ نموونە کتێبی وەک (ذم الكلام و أهله)، (إلجام العوام عن علم الكلام)، (تحريم النظر فی كتب أهل الكلام)، وایکرد جیهانی ئیسلام دژی فەلسەفە و زانستی کەلام بوەستنەوە. هەروەک زانستی کەلام لایەنگیر و دۆستی هەبوون، دوورگیر و ناحەزیشی هەبوون، ئەوانەش هەبوون کە چاکی و خراپیی زانستی کەلامیان دەبینی و بە چەکی دووسەرە دەیانخوێندەوە. ئێرە جێگەی ئەوە نییە کە درێژە بەو باسە بدەین، چونکە بابەتی ئێمە لیرە تەنها شرۆڤەکردنی پایەی سێیەمی ئایینی ئیسلامە کە خۆی لە قورئاندا دەبینێتەوە.

ڕەنگە ئەو کێشەیە لەو سەردەمەدا چارەسەر ببوایە ئەگەر ئەوان لە بری ئەوەی کتێبێک کە بە زمانی مرۆڤ نووسراوەتەوە، کێشەی مرۆڤی ئەو سەردەمە و سەردەمانی تریشی لە خۆ گرتووە، ئەو کتێبەیان هەر بە کەلامی مرۆڤ بناسیبایە، واتە قورئان کەلامی مرۆڤ بێت، بەڵام دەرەنجامی کارلێکردنی ڕۆحی مرۆڤ و بوونی خودا، ئەو کتێبە دەرکەوتبێ. لە بری ئەوەی قورئان بکەنە کەلامی خودا، بوونەوەریان بکردایەتە تاقە کەلامی خودا، هەروەک موسڵمان باوەڕی بەوە هەیە کە گەردوون کەلامی بینراوی خودایە و قورئانیش کەلامی نووسراو، یان خوێندراوی خودایە، ئیتر ئەو هەموو کێشە و گرفتەی لەو سەردەمە و پاشتریش کە ڕوویدا، ڕووینەدایە. بە مانایەکیتر قورئان دەبووە بەرهەمی کەلامی بینراوی خودا، واتە قورئان وەک بەرهەمی تێکەڵبوونی ڕۆحی محەمەد بە کەلامی بینراوی خودا و پەیوەندی ئەو بە خوداوە، دەرکەوتووە.

کاتێ بە وردی بیر دەکەینەوە، دەبینین، قورئان تاقە

**هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی زانستی کەلام، کۆمەڵێک لە حەدیس خوازان، بەرەوڕووی ئەم زانستە بوونەوە. تا وایان لێهات ئەم دروشمەیان دژ بەوان هەڵگرت: هەروەک چۆن لە دەستی شێرێک هەڵدێی، ئاوهاش لە دەستی زانستی کەلام دەبێ هەڵبێی**

**بە هۆی قورئانەوە توانیومانە پەیوەندی خودا و محەمەد بدۆزینەوە، چونکە تەنها قورئان وەک بابەتێکی دەرەکی و شایەتحاڵ لەبەردەستایە، بەڵام ئێستا وا قورئان چۆتە جیهانی ناخی مرۆڤی موسڵمان. لە هەمانکات پەیامی خودا هەر لە ڕێگەی ناخی محەمەدەوە بە ئێمە گەیشتووە**



**قورئان له چوارچێوەی ڕێزمانی زمانێکی مرۆڤانەدا دەرکەوتووە، خودا بە زمانی عەرەبی بە محەمەدی نەوتۆتەوە، بەڵکو بە شێوازێک بووە کە ئێمە نازانین چی بووە، هەروەک خۆی جۆرەکانی وەحی باسکردووە**

**موفتی سەعودیبە شێخ بن باز وتوویەتی: ئەوەی باوەڕی بەوە بێت کە زەوی دەسووڕێتەوە، ئەوە کوفری کردووە، چونکە زەوی لە سیستەمی گەردوونی ناو قورئاندا، وەستاوە و ناجووڵێتەوە**

شتە ئێمە بە خودایەکەوە ببەستێتەوە، کە ئیسلام ئاماژەی بۆ دەکات، ئەویش لە ڕێگەی مرۆڤێکەوە کە ناوی محەمەدە. واتە ئەگەر محەمەد ئەو کتێبەی نەخستایەتە بەردەستمان، نەماندەزانی چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان خودا و محەمەددا ڕوویداوە. ئەو پەیوەندییە ئەگەر بەپێی باوەڕی ئیسلام بێت، یان ڕۆحیگەری بێت، یاخود بەپێی باوەڕی زانستیش بێت، ئەو کتێبە بە ناچاری هەر دەبێت وەک بەرهەمی مرۆڤێک بخوێنینەوە. چونکە قورئان لە چوارچێوەی ڕێزمانی زمانێکی مرۆڤانەدا دەرکەوتووە، خودا بە زمانی عەرەبی بە محەمەدی نەوتۆتەوە، بەڵکو بە شێوازێک بووە کە ئێمە نازانین چی بووە، هەروەک خۆی جۆرەکانی وەحی باسکردووە، وەلێ هیچیان وا نەبووە کە بە زمانی عەرەبی ڕەوان بە محەمەد گەیشتبێت، بەڵام ئەوەی کە محەمەد خۆی هەستی پێکردووە و بەو شێوەیەی تێگەیشتووە، ئەو، ئەو هەستەی بۆ زمانی عەرەبی گۆڕیوە. بێگومان کاتێ ئەو بە زمانی خۆی و لە دەمی خۆیەوە ئەو تێکستانە دەکەوێتەوە، بە مێشکی محەمەددا بە کۆمەڵێک پاڵفتەی جیاوازدا تێپەڕیوە، تا دەبێتەوە بە تێکستێک کە لە زاری محەمەد خۆیەوە دەیبیستینەوە. واتە سرووش بە ناو ناخی محەمەددا تێپەڕیوە، ئەوجا گەیشتۆتە لای ئێمە، کە دەبێتەوە بە خودەئەزموونێک، لە دەرەوەی محەمەدەوە نەهاتووە تا وەک بابەتێک وەک خۆی ببینین. ئەگەر کەلامی خودا کە کەلامێکی بێ سنووری ئەزەلی و ئەبەدی بێت، ئەو کەلامە بشکاتە ناخی محەمەد، چۆن دەکرێ لە چوارچێوەی ڕێزمانێکی دیاریکراودا جێگەی بێتەوە؟!.

سەرەڕای ئەمانەی لە سەرەوە ئاماژەمان دایە، لە ڕۆحی موسڵماندا دۆخێکی سایکۆلۆژی ئەوتۆ خوڵقاوە، لەچاوی ئەواندا واتە لە باوەڕی موسڵماندا، قورئانی کردووە بەو تاکە موعجیزەیەی کە لە وێنەی دووبارە نابێتەوە، قورئان ئەو ڕشتە زمانەوانییەیە کە لەو جۆرە جارێکیتر نابێتەوە، قورئان ئەو موعجیزە زانستییەیە کە هەرچی نوێیەک دەردەکەوێت، لە قورئاندا دوور یا نزیک ئاماژەیەکی داوەتێ و پێشبینی کردووە و دەبێتەوە، قورئان ئەو زمانە شیرینەیە، ئەوەی یەکجار گوێی لێبێت، ئیدی شەیدای دەبێت، قورئان ئەو حیکمەتەیە، ئەوەی گوێی بۆ ڕادێرێت، هەرگیز سەرگەردان نابێت، قورئان ئەو کتێبەیە، کە هەرچی فکر و فەلسەفەیە لە ئاستیدا مل کەچ بووە، قورئان ئەو پەرتووکە پیرۆزەیە، کە دەرمانی گشت دەردێکە، قورئان ئەو بەرنامەیەیە، هەر گەل و نەتەوەیەک پەیڕەوی بکات، پێش دەکەوێت و گەشە دەکات، جا قورئان چی نییە؟ قورئان هەموو شتێکە.

لەم بۆچوونەدا ئیتر قورئان وەک کتێب لەوە دەردەچێت کە بابەتێکی دەرەکی و بەرجەستە بێت، قورئان لەوە دەردەچێت وەک کتێبێکی دەرەکی ڕەخنەی لێبگیرێت، چونکە ئەو قورئانە کە لە سەرەتادا بابەتێکی دەرەکی بوو، کە تازە خۆی دەردەخست و عەرەبی ئەوکات ڕەخنەیان لێدەگرت، کەچی قورئان وەڵامێکی هەبوو بۆیان، پاش ساڵان و زەمانە، ئەو کتێبە بووە خودەئەزموونی موسڵمانان و ڕەخنە نایگرێتەوە. واتە هەر ڕەخنەیەکت لە قورئان هەبێت و بتەوێ کاریگەر بێت، دەبێ خوت بکەی بە ناخی موسڵماندا و لەوێوە دەبێ بەرەو ڕووی قورئان بێتەوە. واتە کتێبی پیرۆز ئەو کتێبە نییە کە لەبەردەستماندایە، بەڵکو ئەو کتێبەیە وا لە ناخی موسڵماندایە.

ئێمە لە پێشەوە وتمان بە هۆی قورئانەوە توانیومانە پەیوەندی خودا و محەمەد بدۆزینەوە، چونکە تەنها قورئان وەک بابەتێکی دەرەکی و شایەتحاڵ لەبەردەستمایە، بەڵام ئێستا وا قورئان چۆتە جیهانی ناخی مرۆڤی موسڵمان. لە هەمانکات پەیامی خودا هەر لە ڕێگەی ناخی محەمەدەوە بە ئێمە گەیشتووە. ئەمە وامان لێدەکات کە بە ناخی پەیامبەر محەمەد تا بتوانین شۆڕ بینەوە تا هەر لەوێشدا خودایەک بە ناوی (ألله) بناسینەوە. نە دەتوانین خودا لە ئۆبژەکتێکدا بدۆزینەوە و نە قورئانیش وەک ئۆبژەکتێک بخوێنینەوە، تەنها مرۆڤێکمان لە بەردەستایە کە لە مێژوودا بتوانین شی بکەینەوە.

بەهەرحاڵ ئێستا قورئان لە ناخی موسڵماندا لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە، وەک موعجیزەیەک دەبینددرێت:

١. لە ڕووی زمانەوانییەوە قورئان خاوەنی بەلاغەیەکی بانسرووشتی و موعجیزە ئامێزە. هەرچەندە قورئان بە زمانی عەرەبی نووسراوە، بەڵام بە چەشنێک دارێژراوە کە لە توانای مرۆڤدا نییە بەو چەشنە نووسینێک دابرێژێتەوە. هەڵبژاردنی وشەکان، ڕێکخستنی ڕستەکان، ڕیزبەندیی ئایەت و سوورەتەکان، گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و وێناکردنی چیرۆکەکانی ناو قورئان، لەم دیدەوە گشتیان موعجیزەن و بانسرووشتین و لە توانای مرۆڤدا نییە بەم چەشنە دەربببڕێت.

٢. جۆری گوتاری قورئان سەبارەت بە محەمەد کاراکتەرێکی خودایانە ئاشکرا دەکات. قورئان بەجۆرێک فەرمان بۆ محەمەد دەردەکات و بە جۆرێک محەمەد ئاراستە دەکات، ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە کەسێکیتر لە دەرەوەی ویستی خۆی، بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکاری بهێنێت. بۆ نموونە چۆن سەرزەنشتی محەمەد دەکرێت، کاتێ عەبدوڵلای کوڕی مەکتوم بۆ خاتری سەرانی قورەیش پشتگوێ دەخات. ئەوەی کە محەمەد سەرزەنشت دەکات، گەر خودا نەبێت، ئەی کێیە؟!

٣. لە قورئاندا زانیاری سەبارەت بە ڕابردوو و ئایندەی تێدایە کە جگە لە خودا کەسیتر ناتوانێت بیانزانێت،

چونکە محەمەد کەسێکی نەخوێندەوار بووە و لەتوانایدا نەبووە ئەو شتانە بزانێت.

٤. قورئان زەروورەتێکی مێژووییە، دەبوایە هەربهاتایە، چونکە مرۆڤ پێویستی بە ڕێگەیەکە کە خودا بۆی دابنێت ئەگینا سەری لێدەشێوێت. خودا مەبەستی هەیە لە دروستکردنی بوونەوەر و دانانی مرۆڤ بە جێگری خۆی، بۆیە دەبێت بەرنامەشی بۆ بنێرێت تا لەسەر ئەو بەرنامەیە کاری خۆی جێبەجێبکات، ئەو بەرنامەیەش تەنها لە قورئاندایە.

٥. لە تەورات و ئینجیلدا ناوی محەمەد هاتووە کە خودا وەك پەیامبەرێك دەینێرێت. ئەمەشیان بەڵگەیەکە کە خودا پەیمانی بە مرۆڤایەتی داوە کە پاش عیسا پەیامبەرێکیتر دەنێرێت و خوداش پەیمانەکەی خۆی لە کەسێکی وەك محەمەد و کتێبێکی وەك قورئان هێناوەتە دی.

٦. لە قورئاندا زانیاری زۆری تێدایە کە ڕۆژبەڕۆژ زانست ئاشکرای دەکات. ئەم بەڵگەیە ناوی لێنراوە ئیعجازی زانستی. واتە زۆر لەو زانیارییانەی زانستی نوێ دەیدۆزێتەوە، قورئان ئاماژەی پێداون.

٧. قورئان تەحەددای مرۆڤی کردووە کە ئەگەر قورئان بە کەلامی خودا نابینن، با کتێبێکی وەك قورئان بنووسنەوە، تائیستا کەس نەیتوانیوە ئەو تەحەددایە بشکێنێت. هەرچەندە قورئان بە زمانی عەرەبی نووسراوە و لەسەر ڕێساو نەریتی زمانی عەرەبی داڕێژراوەتەوە، کەچی تا ئێستا کەس نەبووە بتوانێت وەك قورئان نووسراوێکیتر دابڕێژێتەوە.

٨. جیا لە هەموو کتێبێکیتر، مرۆڤ هەرگیز هەست بە بێزاری ناکات لە خوێندنەوەی قورئاندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەردەوام قورئان خۆی نوێدەکاتەوە و مرۆڤیش چێژی لێدەبینێت. ئەمە مانای وایە کە قورئان کەلامی ئەبەدی خودایە کە هەرگیز پیرنابێت و پەکی ناکەوێت و لاوێتی و گەشاوەیی خۆی دەپارێزێت، چونکە کەلامی خودا سیفاتی خودایە و وەك خۆی گۆڕانی بەسەردا نایێت، وەك ئەوەی بەسەر شتەکانیتردا دێت.

لەسەر ئەم بنەمایانەی سەرەوە، موسڵمانەکان باوەڕیان وایە کە یەکپارچە قورئان بە پیت و وشە و ڕستەکانیەوە، بە کورتییەکەی دەقی قورئان بەگشتی لە خوداوە بە زمانی عەرەبی بۆ محەمەد هاتووە تا مرۆڤایەتی لە لادان و تێکدان قوتار بکات.

کاتێ لەم بنەمایانە ورد دەبیتەوە و توێژینەوەی زانستی بۆ دەکەی، تێدەگەی کە بنەماکان گشتیان بنەمایەکی سایکۆلۆژین و لە ناخی موسڵماندا خۆی گرتووە، واتە بۆتە خودەئەزموونێك کە ناتوانی بە لێکۆڵینەوەی ئۆبژێکتی لەسەر قورئان ئەو سەبژێکتە بپێکیت. ئەمە ئاماژەیەکی ترمان پێدەبەخشێت کە پرۆسەی مێژوویی و بە کۆمەڵایەتیکردن، بە تێپەڕبوونی کات زۆرێك لە ئۆبژێکتەکان دەکاتە سەبژێکت، بۆیە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئایینی کارێکی سەختە و ئاسان نییە و زەمەنێکی زۆر دەخوازێت تا ڕوودات. لە کتێبی (خودا.. قورئان کامیان سەرچاوەی هەقیقەتە) شیکارییەکمان بۆ ئەو بنەمایانە کردووە و وەڵامان داوەتەوە. لێرەدا تەنها مەبەستمان بوو بزاندرێ کە قورئان وەك پایەی سێیەمی دیاردەی ئایینی ئیسلام، لە چ شێوازێکدا لای موسڵمان دەردەکەوێ، کە تەنها ئیعجازی بەلاغی لە زەمەنی محەمەد خۆیدا هەبووە، ئەو بنەمایانەی تر نەبوون. ئەو تەحەددایەش کە قورئان کردوویەتی هەر تەنها متمانە بووە لەسەر بەلاغەتی قورئان کە زمانێکی خوداوەندانەیە، بنەماکانیتر ڕۆژگار و پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ململانێ لەم سەردەمەدا هێناونیەتە ئاراوە.

## ● کۆتایی

ئەم زنجیرەوتارە بە پوختەیەك لە ناوەڕۆکەکەی کۆتایی پێدەهێنن. ئەم باباتە بە پاشخانێکی فەلسەفەی ئایین، دەرکەوتەی ئایینی ئیسلام دەخوێنێتەوە. سەرەتا بە ناساندنی چەمکی فەلسەفەی ئایین و بیروبۆچوونی توێژەرانی ئەم بوارە دەستمان بە نووسین کرد. پاشان ویستمان دیاردەی ئیسلام کە لەسەر سێ پایە خۆی ڕاگرتووە بخوێنینەوە. ئەو سێ پایە بریتیبوون لە چەمکی خودا، پێناسەکانی کە بۆ ئەو چەمکە کراوە و درێژەمان دا بە چەمکی مۆنۆتەییسم کە باوەڕی ئیسلام خۆی لەسەر ڕاگرتووە. پایەی دووەم کە باسی پەیامبەرێتی و پەیامبەر محەمەد بوو، درێژەمان دایە و لەسەر بنەمای فینۆمینۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا، شیکاریمان بۆ ناسینی پەیامبەر محەمەد کرد تا وەك مرۆڤ، وەك گشت مرۆڤێ، بۆ ئێمە دەرکەوێ. ئەم بەشە بە پایەی سێیەم کۆتایی هات کە تیشکێك بوو خرایە سەر کتێب، واتە کتێبی پیرۆز، هەروەها ڕوونکردنەوەیەك لە مەڕ قورئان وەك کەلامێکی خودا، یان وەك کەلامێکی مرۆڤ باشترە بخوێندرێتەوە. کۆتایی ئەوەیە کە گشت ئایینێك لەم سەردەمەدا لە نێوان خودا و مرۆڤێکدا ڕوو دەدات کە کتێبێکی پیرۆز دەبێتە شایەتی نێوانیان. ئەم بابەتە بە درێژتر لە دوو توێی کتێبێك چاپدەکرێت. لەوێدا بە شێوەیەکی درێژیتر تیشك خراوەتە سەر پەیامبەر محەمەد و پتر بە ناخی ئەودا شۆڕبووینەتەوە.


---

١. علی عبدالفتاح المغربي، الفرق الكلامية الاسلامية، القاهرة ١٩٩٥، پ ٢٩١-٢٩٦ .

علی عبدالفتاح المغربی، الفرق الكلامية الأسلامية، القاهرة ١٩٩٥، پ ١٠٢-١٠٩.

**پسپۆڕانی بواری ئاییناسی لەو بڕوایەدان کە هەروەک فەلسەفە دەرەنجامی کارلێکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤە لە تەک گەردووندا، ئایینیش دەرەنجامی کارلێکردنی ڕۆحی مرۆڤە لەم گەردوونەدا. پاشخانی هزر و کەلتوور و ڕۆشنبیری و ئاستی هوشیاریی کۆمەڵگە، لەم دوو دەرکەوتنەدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت**

**بیرۆکەی جیۆسەنتریسم (زەوی ناوەندی گەردوونە)، لە پێش دەرکەوتنی ئایینی مەسیحی، بووە باوەڕێکی چەسپاوی ئەوتۆ، لادان لەو باوەڕە بە کوفر و دژ بە خودا دەبیندرا**



# دراوی نەتەوەیی داهاتووی کوردستان

د. لەتیف کەریم واحید



# سیاسەتی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ؟

د. حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا





# رۆڵی دەزگای بانکی لەپەرەپێدانی ئابووریدا

د. ئەمین محمد سەعید ئەل ئیدریسی



# دراوی نەتەوەیی داهاتووی کوردستان

د. لەتیف کەریم واحید



**● پێشەکی**

هاتنەگۆڕێی باسکردنی دراوی سەربەخۆیی کوردستان پرسـێکی نـوێ نییـە. سیاسـەتمەداران و زۆر خەڵکی رۆشـنبیری کوردی بە شێوەیەکی گشـتی شانابەشانی بیر لە سـەربەخۆیی کوردستان باسیان لە دراوێکی تایبەت (نەتەوەیی) بە کوردستان کردۆتەوە. بەڵام ئەم پرسە دوو جار لە مێژووی بیست و سێ ساڵەی پێشوودا بەتایبەت هاتووەتە بەر رای گشـتی. یەکەم، لە دوای کشـانەوەی رژێمی بەعـس و هەبوونی دراوی بەناو دیناری سویسـری وەک دراوی تایبەت بە کوردستان و دووەم جار دوای سەرهەڵدانی قەیرانی پارە و بودجە لەگەڵ حکومەتی ناوەندا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ دا. ئەڵبەتە لە یەکەم جاردا بە کردار دراوێکی تایبەت بە کوردستان هەبوو، بەڵام شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لـە تایبەتمەندییەکانی ئەو دراوەو کێشـەکانی و دوا جار لابردنی لە بازاڕدا بابەتی ئەم وتارە نییە، بەڵام هاتنەکایەی پرسی دراوێکی سەربەخۆ بە کورستان بۆ دووەم جار شایەنی هەڵوێستە و شیکردنەوەی خۆی هەیە.

پێویسـتە ئەوە بگوترێت کە هەبوونی دراوی تایبەت بەم ناوچەیـە دیاردەیەکی نوێ و سـەردەم نییە. هەر زۆر لە مێژەوە ئەم ناوچەیە شارسـتانییەتی تێـدا هەبووەو بەپێی پێویسـتی بازاڕ دراو هەبووە و سـەودای پێوە کراوە. هەر لـە پێش داهاتنی دینار و فلسـی عێراقی لە سـەردەمی سـەرهەڵدانی دەوڵەتی عێراقدا لە سـایەی داگیرکەرانی ئینگلیـزدا، لیرەی تورکی و تمەنی ئێرانی بەکارهێنراوە و عانە و درهەم و ڕوپیێ هێشـتا لە بیرەوەری زۆر کەسدا هەر ماون. پێش ئەوانەش زۆربـەی زۆری فەرمانڕەوایانی ئەم ناوچەیە بەپێی پێویسـتی جێگیربوونی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان سـکەی خۆیانیان لێداوە و لە هەڵسورانی ئابووری و بازرگانیـدا مامەڵە و سـەودای پێوەکـراوە. هەر بۆیە ئێستاش لە کاتی هاتنە کایەی پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئەم بابەتە دەبێتە جێگەی مشت و مڕ و لێدوان. لایەنێکی ئەرێنی خسـتنەڕووی ئەم بابەتەش سـەرەڕای زەمینەسازی بۆ داهینانی، ئامادەکردن و هوشیارکردنەوەی خەڵکە لە بابەتێک کە زۆر جار تێکەڵ دەکرێت بە هەستی نەتەوایەتی، بـەڵام لایەنە تەکنیکـی و ئەکادیمیاکەی فەرامۆش دەکرێت. ئەم گوتارە دەستپێشخەرییەکە بۆ زیاتر لێدوان و ڕێخۆشـکرن بۆ هاتنەکایەی دراوێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان.

**● بۆ دراوی سەربەخۆ؟**

دراوی نەتەوەیی و دروسـتبوون، یـا هەبوونی وڵاتێکی سیاسی سەربەخۆ بە تەواوکەری یەکدی هەژمار دەکرێن. واتە وڵاتی سـەربەخۆ پێویستی بە دراوی نەتەوەیی هەیە، بەڵام ئەمە مەرج نییە لە هەموو بارێکدا ڕاسـت بێت. زۆر وڵاتان هەن کە سـەربەخۆن و دراوی نەتەوەیی خۆیان نییە. بۆ نموونـە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا کـە وازیان لە دراوە نەتەوەییەکەی خۆیان هێنا و یۆرۆیان کرد بە دراوی خۆیان. لـە هەمان کاتدا، هەندی وڵات هەن کە دراوی نەتەوەییان نییە و دۆلاری ئەمریکییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. لەوانەش وڵاتی پەنەما کە دۆلاری ئەمریکی کرد(١٩٠٤-١٩٩٠) بە دراوی نەتەوەیی خۆی.

بەهەمـان شـێوە زۆر وڵات هـەن کە بەهـای دراوە نەتەوەییەکەیان دەبەستن بە بەهای دراوی وڵاتێکی بێگانەوە کە بە شـێوەی لەنگەر بەدەوریدا دەچەرخێ، بە ڕادەیەک کە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی دراوەکەیان تیشـکدانەوەی گۆڕانی بەهـای دراوی لەنگەرە. بـە واتایەکی دیکە، وڵات دراوی هەیـە، بـەڵام بەرزبوونـەوە و نزمبوونەوەی

بەهاکەی لە دەســت خۆیدا نییە. بۆ نموونە لە هەشتاکان و نەوەدەکانی ســەدەی پێشوودا بەهای دراوەکانی زۆربەی زۆری وڵاتانی باشــووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکای لاتینی بەســترابوون بــە بەهــای دۆلاری ئەمریکییەوە. یەکێــک لە هەرە هۆیــە گرنگەکانی ئەم سیاســەتەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆپاراســتن لە ناجێگیری باری ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان. لەژێر سایەی سیاسەتێکی لەو چەشــنەدا، سیاسەتمەداران و بڕیاردەرانی دارایی وڵات دەستەوەســان دەبن و ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان سیاســەتی بێپرســیارانە و دەســتبڵاوانە بگرنەبەر بۆ مەرامی سیاسی خۆیان. بۆ نموونە، زۆر جار پێشبینی دەکرێت کە کاتێک سیاسەتمەداران پێویســتیان بە ڕاکێشانی دەنگی خەڵکی بێت، سیاســەتی هەڵکشانی گشــتگیری و دارایی بگرنە بەر(Expansionary fiscal and monetary policy). یەکێک لە دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی ئەو سیاسەتانەش هەڵئاوسانی نرخە. بۆیە ئەو وڵاتانەی بەهای دراوەکانیان بە دراوێک، یان چەند دراوێکی بیانییەوە دەبەستن بە هیوای ئەوەن ڕێگە بگرن لە وەبەرگرتنی سیاسەتی لەو جۆرە. بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت کە ڕێژەی هەڵئاوســان لەو وڵاتانەی دراوەکانیان بەســتراوە بە دۆلاری ئەمریکییــەوە نزمتر بێت لە وڵاتانی دیکە. بەڵام ئەم پێشــبینییە مــەرج نییە هەموو کاتێک بە ڕاســت دەرچێت. بۆ نموونە قەیرانی بانکی ئەرجەنتینی ساڵی ٢٠٠٠ لە کاتێکدا ڕوویدا کە دراوی وڵات بە توندی بەستراوبوو بە دۆلاری ئەمریکییەوە.

ئەوەی لێرەدا شــایانی باسە ئەوەیە کە هەبوون و نەبوونی دراوی نەتەوەیی شتێکەو و شێوازی دیاریکردن و بەڕێوەبردنی دراوەکە بابەتێکی تەواو جیــاوازە. بۆیە پێش ئەوەی بێینە ســەر ئەو پرســیارەی کە ئایا چ دراوێکمان دەوێ، دەبێت باســی ئەوە بکەین کە ئایا دراوێکی نەتەوەیی پێویستە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ؟

● **لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دراوی سەربەخۆ**

ڕاگرتنی بەهای دراوی ســەربەخۆ لە هەموو وڵاتێکدا تێچووی خۆی هەیە. گرنگترینیان ئەوەیە کە دەســەڵاتی دارایی پێویســتی بۆ بەرگریکردن و سەقامگیریی بەهای دراوەکەی بە یەدەکی دراوی بیانی هەیە. ئەم ئاراستەیەش لەوەوە دێتەکایەوە کە ناســەقامگیریی بەهای دراو کاری نەرێنی دەکاتە ســەر گەشــەکردنی ئابــووری و ڕادەی وەبەرهێنان و لە دواییشــدا کارتێکەری نەخوازراوی دەبێت لە سەر باری گوزەرانی زۆربەی خەڵکی وڵات. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ کە وڵات چەند یەدەکی دراوی بیانی پێویســتە بۆ ئەوەی بەرگری لــە دراوی نەتەوەیی بکات، بەتایبەت لە کاتی قەیران و هەڕەشەی مەزندەیی (spec-lative attack) نەخوازراو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرانە، بەڵام لێرەدا دەتوانین ئەوەندە بڵێین کە ئەم کێشەیە بەستراوە بە قــەوارەی ئابووریی وڵات و ڕادەی کراوەیی و داخراوی ئابوورییەکەی بە ڕووی ئابووریی جیهاندا. بۆ نموونە، گەر ئابووری وڵاتێک زۆر کراوە بێت (پێوەری کرانەوەی جیاواز هەیە) ئەگەری دروستبوونی قەیرانی دارایی زیاتر هەیە و وڵات زیاتر لە ژێر ئەگەری هاتنە ناوەوەی قەیرانی دەرەکی هەیــە، بۆیە وڵات پێویســتی بە یەدەکــی دراوی بەهێز زیاتــرە. لە هەمان کاتدا، گــەر ئابووریی وڵات لە ڕووی قەوارەوە گەورە بێت، پێویســتی بــە تێچووی دراوی زیاتر هەیە بۆ وەڕێخســتنی کاروبــاری بازرگانی و گۆڕینەوە، بۆیە پێویســتی بە یەدەکی دراوی بیانی زیاترە. بێگومان تێچووی هەڵگرتنی یەدەکی دراوی بیانیش لە دەســتدانی ڕێژەی سوودەکەیەتی. پارە بە موڵکێک هەژمار دەکرێت کە خۆی لە خۆیدا ســوود نابەخشــێت گەر گلبدرێتەوە. (Money is considered as a non-interest bearing a-set). بۆیــە هەتا یەدەکی دراوی بیانی زیاتر بێت، ئەوەندە تێچووەکانیشی بەرزتر دەبێت.

تێچوویەکی دیکەی هەبوونی دراوی نەتەوەیی تێچووی گۆڕینەوەیەتــی بە دراوە بیانییــەکان. ئەم تێچووەش هەتا ئابــووری وڵات کراوەتر و قەبارەی گــەورە بێت بەڕووی ئابــووری جیهانــدا هێندە زیاتــر دەبێت. ئــەم تێچووە لە ڕووی بەکاربــەرەوە ڕەنگە زۆر بەرچــاو نەبێت، بەڵام بۆ بازرگان و وەبەرهێنەران لەدەســتدانی ڕێژەیەکی بەرچاوی قازانجەکانیانە.

بێگومان هەبوونی دراوی نەتەوەیی و بەستنەوەی بەهاکەی بە دراوی بیانییەوە تێچووی دیکەی خۆی هەیە کە نابێت پشــتگوێ بخرێت. یەکێک لەو تێچووانە لاوازکردن و لە کارخســتنی سیاســەتی دراوی وڵاتە (Weak monetary policy). لــە هەموو بارێکدا، ئەم سیاســەتە، بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتاکانی گەشەکردنی ئابووریدا، سیاسەتمەداران بێبــەش دەکات لە چەکێکی ئابووری کاریگەر کە ڕەنگە لــە کاتی خۆیدا زۆر پێویســت بێــت. لایەنێکی گرنگی ئــەم لاوازییەش بە یەکجاری لەناوبردن، یا لەکارخســتنی سیاســەتی قەرزدەری دواپەناگەیە (The lender of the last resort). پێناســەکردنی ئەم سیاسەتەش ئەوەیە کە ئەگەر بانکە ناوخۆییەکان بێ پارە بوون، دەتوانن وەک دواپەناگە لــە بانکی ناوەند (Central Bank) پــارە بە قەرز وەرگرن. ڕێگری ســەرەکی ئەم توانایەی بانکــی ناوەندیش ئەوەیە کە ئەگەر وڵات دراوی نەتەوەیــی خۆی نەبێت، ناتوانێت یارمەتــی بانکــە ناوخۆییەکانی خۆی بــدات لە کاتی تەنگانــەدا، یا ئەگەر دراوی وڵات بە توندی بەســترابێت بە دراوێکــی بیانییەوە، قەرزدان بە بانکــە ناوخۆییەکان پێویســتی بەوەیە کە بانکی ناوەند یەدەکی دراوی بیانی

**گەر سەربەخۆیی سیاسیی کوردستان دە ساڵی داهاتووش بێتەدی، پێویستە ئێستا کوردستان ڕێخۆشکەری و ئامادەکاری بۆ دروستکردنی ژێرخانی ئابووری و داراییەکەی بکات. دراوی نەتەوەیی کوردستانیش بەردی بناغەی ئەو سەربەخۆییەیە**

**حکومەت و سیاسەتمەدارانی کوردستان نابێت چاوەڕوانی ڕۆژی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، ئەوجا بڕیاری دراوی نیشتمانی بدەن**

**سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی دراوی نیشتمانی پێویستی بە کۆمیتەیەکی سەربەخۆی پسپۆڕ هەیە. ئەو کۆمیتەیەش نابێت لە سەر بناغەی سیاسی یا ڕێککەوتنی حیزبیانە دروست بکرێت**

**جێگیربوون و بەرگریکردن لە بەهای دراو لە ژینگەی ئاڵۆزی ئابووریی جیهاندا کارێکی ئاسان نییە. خراپتر لەوە، وڵاتێکی وەک کوردستان کە لە ژینگەیەکی ناوچەیی نادۆستدا دەژی، ئەم ئەرکەی سەختتر و دژوارتر دەبێت**

**نابێت بەهای دراوی داهاتووی کوردستان تەنها ببەسترێت بە بەهای دۆلاری ئەمریکییەوە، چونکە پاراستن و بەرگری لێکردنی زۆر گران دەبێت. بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە کوردستان پەیوەندیە بازرگانییەکانی لە گەڵ وڵاتانی دراوسێدا ڕەچاو بکات**

**کوردستان لە قۆناغی ئابووری گەشەکردندایە لە کاتێکدا زۆر کراوەیە بە ڕووی بازاڕی جیهاندا. بۆیە بەهای دراوەکەی نابێت بە تەواوی جێگیر بکرێت**

**لە ماوەی ساڵی پێشوودا، کەمیی دیناری عێراقی بەتایبەت دوای گرتنی موسڵ لە لەلایەن داعشەوە، شلەی بازاڕی لە کوردستاندا کەم کردووە و تا ڕادەیەک ڕێگری لە ڕێی بازرگانیدا دروست کردووە**

بەرزبکاتەوەو ئەگەر توانای نەبێت، ئەوا بانکە ناوخۆییەکان بێ پشتیوان دەمێننەوە. بەشێوەیەکی گشتی، بەستنەوەی دراوی نەتەوەیی بە دراوی بیانییەوە سیاسەتی دراوی وڵات لاواز دەکات. پێویستە لێرەشدا ئاماژە بەوە بکەین کە قوتابخانەی ئابووری لیبراڵی نوێ (Neo-liberalism) وای بۆ دەچێت کە سیاسەتی هەڵکشانی دارایی (Expansionary monetary policy) خۆی لە خۆیدا زیانبەخشە، چونکە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان، بۆیە نەبوونی لە بوونی باشترە، چونکە نەبوونی دەستی سیاسەتمەداری نابەرپرسیار دەبەستێتەوە.

تێچوویەکی دیکەی بەستنەوەی دراوی نەتەوەیی بە دراوی بیانییەوە ئەوەیە بەرز بوونەوەی ئاستی شلەی بازاڕ و ئەگەری هەڵئاوسانی ئابووری ئەگەر بەشی حیسابی سەرمایە (Capital account)ی هاوکێشەی پێدان (Balance of payment) کراوە بێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوودانی دیاردەی بڵقی نرخی موڵک (Asset bubble). واتە هاتنە ناوەوەی پارەیەکی بێشوماری بیانی نرخی خانووبەرەو پشکی کۆمپانیاکان و جۆرەکانی دی موڵکی دارایی لە ڕادەی خۆی زیاتر بەرز دەکاتەوە (Price Bubble). قەیرانی دراوی ١٩٩٧ی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش نموونەیەکی ئەو دیاردەیەیە.

جۆرێکی دیکەی دراوی نەتەوەیی ئەو دراوانەن کە نرخەکانیان بە ئازادی لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا دیاری دەکرێن. ئەو دراوانە لەو ئابوورییانەدا باون کە زۆر بەهێزن و زۆر پێویست ناکات بانکە ناوەندییەکانیان یەدەکی پارەی بیانی ڕابگرێت بۆ بەرگری لێیان. لەو وڵاتانەدا ئابووریەکی کراوە ڕەچاو دەکرێت و لە ڕووی بازرگانییەوە بەربەست نییە بۆ کڕین و فرۆشتنی سەنەد و پشکەکانی دەوڵەت و کۆمپانیاکان. هەر بۆیە سەقامگیری بەهای دراوەکان زیاتر پشت دەبەستێت بە بەهێزی ئابووری ئەو وڵاتانەوە نەک بە هەبوونی پشتیوانی یەدەکی پارەی بیانی.

لەگەڵ هەبوونی ئەو لایەنە نەرێنییانەی نەبوون، یان بەستنی دراوی نەتەوەیی بە دراوی بیانییەوە، هەبوونی دراوی نەتەوەیی لە قۆناغی سەرەتایی گەشەکردنی ئابووریدا لایەنی ئەرێنی خۆی هەیە. گرنگترینیان: یەکەم، سەربەخۆیی سیاسەتی هەڵکشانی گشتگیری و داراییە (Expansionary fiscal and monetary policy). قوتابخانەی کێنزیەنیزم لەو باوەڕەدایە کە کاتێک بازاڕی ئازاد توانای کەمکردنەوەی بێکاری و برەوپێدانی وەبەرهێنانی کەم بێت، دەوڵەت دەبێت خەرجی خۆی، واتە خەرجی کەرتی گشتی، بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە. بۆ ئەمەش پێویست بە هەڵکشانی پارەی ناوخۆ هەیە.واتە خستنەڕووی پارە دەبێت بەرزبکرێتەوە. لێرەدا پێویستە بگوترێت کە ئەگەر وڵات دراوی خۆی نەبێت و سەربەخۆیی سیاسەتی دارایی خۆی لەدەست دابێت، دەوڵەت ناتوانێت بەم ئەرکە ئابوورییەی خۆی هەڵبسێت. بۆیە دەوڵەت نابێت ئەم چەکەی خۆی بە ئاسانی لەدەست بدات، بەتایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەکردنی ئابووریدا.

دووەم کەڵکی هەبوونی دراوی نەتەوەیی ئەوەیە کە بانکی ناوەندی لە کاتی پێویستدا دەتوانێت بە ئەرکی قەرزدەری دواپەناگە هەڵبسێت. ئەم توانایەش زۆر گرنگە بۆ سەقامگیری و متمانە بەخشین بە کەرتی بانکی وڵات.

سێیەم کەڵکی هەبوونی دراوی نەتەوەیی قازانجی بەجێهێنانی خستنەڕووی پارەیە کە پێی دەگوترێت: (Seigniorage). واتە ئەو قازانجەی کە دەوڵەت بەدەستی دێنێت لە چاپکردن و خستنە بازاڕی پارەوە. بۆ نموونە حکومەت سەنەدەکانی (Government bills and bonds) دەکڕێتەوە لە بازاڕ بە پارەیەکی نوێ کە تازە چاپکراوە. ئەمەش وەک ئەوە وایە کە حکومەت قەرز بکات و مافی هەبێت نەیداتەوە.

چوارەم کەڵکی دراوی نەتەوەتی دروستکردنی هەستی نەتەوەیی و بڕوا بە خۆکردنە. ئەم کەڵکەش زۆر دەروونییە و تا ئێستا بە تەواوی ئاشکرا نییە کاریگەری ئەم هۆکارە دەروونییە لە سەر گەشەکردنی ئابووری و باری گوزەرانی خەڵکی وڵات چەندە.

● **سروشتی پارە**

پارە بە شێوەیەکی گشتی یارمەتی سێ کردار دەدات:

● ئامرازی گۆڕینەوە: پارە یارمەتی کڕین و فرۆشتن دەدات. لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا کە کڕین و فرۆشتن بە کارد و نێوەنگیری بانکی زۆر سنووردارە، بازاڕ بە شێوەیەکی گشتی بە پارەی نەقدی (Cash) کار دەکات. بۆیە پارە کردارێکی زۆر گرنگی هەیە. کەمبوونی پارە لە بازاڕدا، بە واتایەکی دیکە، کەمبوونەوەی شلەی بازاڕ دەبێتە هۆی ڕێگری لە ڕێی چەرخانی پێچکەی بازاڕدا، لە کاتێکدا زۆربوونی پارە دەبێتە هۆی هەڵئاوسانی نرخی شتومەک. وڵاتێک کە خاوەنی دراوی خۆی نەبێت هەموو کات مەترسی ڕوودانی ئەو دوو کاردانەوە خراپانەی هەیە.

● یەکەی ژمێریاری: پارە لە ڕاگرتنی ژمێریاری کۆمەڵگەدا کە قەرزیش دەگرێتەوە کارێکی زۆر گرنگ دەکات. زۆربەی حیسابەکانی جێگەی کار و کۆمپانیاکان و فەرمانگەکانی دەوڵەت پێویستییان بە نووسینەوە هەیە. بۆیە پارە پێویستە بۆ ئەوی بەهای گۆڕینەوەکانی پێ بپێورێت و تۆماربکرێن. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تەنانەت لە کاتی ساسانێکانیشدا ژمێریاری بە پارە ڕاگیرکراوە.



● گەنجینەی بەها: دراو نەخشی گرنگی گەنجینەی هەیە بۆ پاشەکەوتکردن. زۆربەی خەڵک پاشەکەوتەکانیان بە شێوەی پارە کۆدەکەنەوە و ڕایدەگرن بۆ خەرجکردنی پاشەڕۆژ. گەر دراوی وڵات بەم کارە بە باشی هەڵنەسێت، بۆ نموونە لە ترسی نزمبوونەوە و بەرزبوونەوەی بەهاکەی، زۆر خەڵک پەنا دەبەنە بەر پاشەکەوتکردن لە شتومەکی ڕاستەقینەی وەک خانووبەرە و زێڕ و زیو و.. هتد، هەر بۆیە هەتا بەهای دراوی نەتەوەیی جێگیرتر بێت، هێندە متمانەی پاشەکەوتکردن لە شێوەی دراو بەرزتر دەبێت.

کێشەکانی نەبوونی دراوی نەتەوەیی لە کوردستاندا لە هەر سێ کرداری سەرەوەدا دەردەکەوێت. لە کرداری یەکەمدا، لە ماوەی ساڵی پێشوودا، کەمیی دیناری عێراقی بەتایبەت دوای گرتنی موسڵ لە لەلایەن داعشەوە، شلەی بازاڕی لە کوردستاندا کەم کردەوە و تا ڕادەیەک ڕێگری لە ڕێی بازرگانیدا دروست کردووە. لە کاری گەنجینەی بەهادا، زۆربەی خەڵک پەنا دەبەنە بەر کاڵاکان بۆ پاشەکەوتکردن لە بری پارەی عێراقی کە متمانەی پێناکرێت. نموونەیەکی تاڵ لەمەڕ ئەم کێشەیەدا ئەزموونی نەوەدەکانی سەدەی پێشووە کە خەڵکێکی زۆری کوردستان پاشەکەوتکردنەکانیان لە ٢٥ دیناریدا کۆکردبووەوە. کاتێک حکومەتی عێراقی ئەو پارەیەی بە بڕیارێک نەهێڵا، زیانێکی زۆر بەر ئابووری کوردستان کەوت. لەمەڕ یەکەی ژمێریارییەوە کوردستان لە بەکارهێنانی دیناری عێراقییەوە کێشەی ژمێریاری زۆر نەخوازراوی بۆ دروست بووە، لە کاتێکدا کە دیناری کۆنی بە ناو دیناری سویسری بەکار دەهێنا، ڕێژەی بەهای پارەکە لە چاو بەهای دیناری عێراقی زۆر جێگیر بوو، پێویستی بەو هەموو سفرە نەدەکرد، ئێستا ژمێریاری لە کوردستاندا بووەتە کارێکی زەحمەت و لە بری یەک و دە و سەدان، هەزار و ملیۆن و ملیار بەکار دێت.

● **دیاریکردنی ڕێژەی گۆڕینەوەی دراوی داهاتوو**

هەرچەندە سیستەمی دارایی جیهان بەرەو دوو جەمسەرگیری لە ڕێژەی گۆڕینەوەی دراودا ڕێچکەی گرتووە کە لە سیستەمی چەسپاوی ڕێژەی گۆڕینەوە (Fixed exchange rate) و سیستەمی بازاڕی ئازاددا (Floating Exchange rate) خۆی دەبینێتەوە، لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا کۆمەڵێک سیستەمی مامناوەندی هەن کە هەندێ خەسڵەتەکانی هەردوو ڕژێمیان تێدا هەیە. بۆ نموونە، دراوێک کە بەهاکەی تاڕادەیەک چەسپاو بێت، بەڵام هێندە نەرمی تێدا هەبێت کە بتوانێ بەرگەی ڕادەیەکی هەڵبەز و دابەزی بازاڕ بگرێت. ئەم بۆچوونەش

**ڕێژەی بەهای پارەی دیناری سویسری لە چاو بەهای دیناری عێراقی زۆر جێگیر بوو، پێویستی بەو هەموو سفرە نەدەکرد، ئێستا ژمێریاری بووەتە کارێکی زەحمەت و لە بری یەک و دە و سەدان، هەزار و ملیۆن و ملیار بەکار دێت**

**زۆربەی وڵاتان تا ڕادەیەکی زۆر دەیانەوێت کراوە بن بە ڕووی بازاڕی جیهاندا لە ڕووی تەکنەلۆجیا و وەبەرهێنان و بازرگانیدا. هەر بۆیە دراوەکانیان دەبێت هەندێ نەرمی هەبێت کە بتوانێت بەرگەی هەڵبەز و دابەزە نەخوازراوەکان بگرێت**

**قوتابخانەی کینزیەنیزم لەو باوەڕەدایە کە کاتێک بازاڕی ئازاد توانای کەمکردنەوەی بێکاری و برەوپێدانی وەبەرهێنانی کەم بێت، دەوڵەت دەبێت خەرجی خۆی، واتە خەرجی کەرتی گشتی، بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە**

**پێش داهاتنی دینار و فلسی عێراقی لە سەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتی عێراقدا لە سایەی داگیرکەرانی ئینگلیزدا، لیرەی تورکی و تمەنی ئێرانی بەکارهێنراوە و عانە و درهەم و ڕوپێ هێشتا لە بیرەوەری زۆر کەسدا هەر ماون**

لەوەوە ســەرچاوە دەگرێت کە لە سیســتەمی چەسپاندراودا چاوەڕوان دەکرێت ڕێژەی هەڵئاوســان کــەم بێت و متمانە ببەخشرێت بە کڕیار و وەبەرهێنەر. لە هەمان کاتدا کارایی سیاسەتی هەڵکشانی گشتی ( Effective expansionary fi-cal policy) بەرزتر دەبێت. ئەم سیستەمە وا دەردەکەوێت کە زۆر لە بار بێت بۆ ئەو وڵاتانەی لە قۆناغی ســەرەتاکانی گەشەکردندان. لە هەمان کاتدا زۆربەی وڵاتان تا ڕادەیەکی زۆر دەیانەوێت کراوە بن بە ڕووی بازاڕی جیهاندا لە ڕووی تەکنەلۆجیا و وەبەرهێنان و بازرگانیدا. هەر بۆیە دراوەکانیان دەبێت هەندێ نەرمــی هەبێت کە بتوانێت بەرگەی هەڵبەز و دابــەزە نەخوازراوەکان بگرێــت. بۆ نموونە دەکرێت ڕێگە بدرێت بەهــای دراوێک بە ڕێــژەی (±١٠٪) بەرز و نزم بێتەوە. لە دەرەوەی ئەو ڕێژە گۆڕانە، دەبێت بانکی ناوەندی ئامادەبێــت بەرگری لــە دراوە نەتەوەییەکــە بکات. هەر بۆیە دراوێکی لەو چەشــنە هەندێ متمانە دەبەخشــێت بە وەبەرهێنــەر و بازرگانەکان لە هەمــان کاتدا هێندە نەرمی هەیە کارتێکەری هۆکارە نێودەوڵەتییە نەخوازراوەکان لەسەر ئابووری وڵات کەمبکاتەوە.

کوردســتان لە قۆناغــی ئابووری گەشــەکردندایە لە کاتێکــدا زۆر کراوەیــە بە ڕووی بــازاڕی جیهاندا. بۆیە بەهــای دراوەکــەی نابێت بە تەواوی جێگیــر بکرێت. لە بەر هەمان هۆ سیســتەمی مامناوەندی کە پێی دەگوترێت سیستەمی بەستراوی ڕێژەی گۆڕینەوە (Pegged Exchange rate) لەبارە بۆ هەلومەرجی ئێســتای کوردستان. پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە چۆن بەهای دراوەکە دیاری بکرێت و تا چەند بواری بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی بدرێت.

بــەڕای من نابێت بەهای دراوی داهاتووی کوردســتان تەنها ببەســترێت بە بەهای دۆلاری ئەمریکییەوە، چونکە پاراستن و بەرگری لێکردنی زۆر گران دەبێت. بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە کوردســتان پەیوەندیە بازرگانییەکانی لــە گەڵ وڵاتانی دراوســێدا ڕەچاو بــکات. بۆ نموونە لە دیاریکردنــی بەهاکەدا بەهای دینــاری عێراقی و تمەنی ئێرانی و لیرەی تورکیش لەبەر چاو بگرێت. لێرەدا پێویست بە فۆرمولەیەک دەکات کە لەبەر کێش و قەوارەی بازرگانی لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ و داهاتی نەوت کە نرخەکەی بە دۆلارە نرخی دراوی داهاتووی کوردســتان دیاری بکرێت. قورســایی ئەو دراوانەش دەبێت لەمەڕ گۆڕانەکانی بازاڕ و بەهای ئەو دراوانــەدا لە بازاڕی ئاڵوگۆڕکردندا ناو بە ناو گۆڕانی بە سەردا بکرێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی تەکنیکییە و کوردستان پێویستی بە پسپۆڕی تایبەت هەیە بۆ دۆزینەوەو کارپێکردنی ئەو فۆرمولە.

**● جێگیربوون و مانەوە**

جێگیربــوون و بەرگریکردن لە بەهــای دراو لە ژینگەی ئاڵۆزی ئابووریی جیهاندا کارێکی ئاسان نییە. خراپتر لەوە، وڵاتێکی وەک کوردســتان کە لــە ژینگەیەکی ناوچەیی نادۆســتدا دەژی، ئەم ئەرکەی سەختتر و دژوارتر دەبێت لە وڵاتێکی دیکە. گەورەترین مەترسی لە سەر بەهای داهاتی کوردستان گەلەکۆمەکێی وڵاتانی دراوسێیە ئەگەر بیانەوێت شکســت بە دراوەکە بهێنن. بۆیە هەر لە ســەرەتاوە پێویستە ڕێگەو شوێن بگیرێتە بەر بۆ پاراستنی بەهای دراوەکە. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە ئەم هەنگاوانە بگیرێتە بەر:

یەکەم، کۆنترۆڵکردنی بەشی حیسابی سەرمایەی ( Ca-ital account)ی هاوکێشەی پێدان (Balance of payment). واتە هەناردە و هێنانی پارە کۆنترۆڵ بکرێت بە شــێوەیەک ڕێگە نەدرێت بە هەڵبەز و دابەزی بەهای دراو.

دووەم، لــە هەمان کاتدا پێویســتە هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ بانکــی ناوەندی وڵاتانی دراوســێدا. ئەمەش بە ڕێککەوتنی سیاسی پێشوەخت ئەنجام دەدرێت.

ســێیەم: پێویســتە بانکی ناوەندی کوردستان هەندێک یەدەک بــە دراوی وڵاتانی دراوســێ ڕابگرێــت. لێرەدا سەرپەرشــتی چاودێری بــازاڕی دراوی دەبێت هەمیشــە پێشبینی کردارەکانی بانکە ناوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێ لە مەڕ دەستێوەردانیان لە نرخی دراودا ڕەچاو بکات.

چوارەم، پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیارانە مامەڵە لە گەڵ سیاسەتی هەڵکشانی دارایی و گشتیدا بکات. بۆ ئەمەش پێویستە بزانرێت کە ئابووری وڵات ساڵانە پێویستی بە چەند دراو هەیە و دەبێت ڕێژەی خســتنەڕووەکەی بەپێی ئەو پێوەرە دیاری بکرێت.

پێنجەم، لە هەموو بارێکدا، سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی دراوی نیشتمانی پێویســتی بە کۆمیتەیەکی سەربەخۆی پســپۆڕ هەیە. ئــەو کۆمیتەیەش نابێت لە ســەر بناغەی سیاســی یا ڕێککەوتنی حیزبیانە دروست بکرێت و دەبێت سەربەخۆییەکی سیاسیی ڕۆشنی هەبێت.

**● کۆتایی**

حکومەت و سیاسەتمەدارانی کوردستان نابێت چاوەڕوانی ڕۆژی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، ئەوجا بڕیاری دراوی نیشــتمانی بدەن. پێویستە هەر لە ئێستاکەوە ئامادەکاری و زەمینەســازی بۆ بەدیهێنانی ئەو دراوە نیشتمانییە بکرێت. ئەو ئامادەکارییەش پێویستی بە توانای دارایی و شارەزایی پسپۆڕی هەیە. لە هەمان کاتدا نابێت بیانووی ئەوە بهێندرێتەوە کە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە. گەر سەربەخۆیی سیاسیی کوردســتان دە ســاڵی داهاتووش بێتەدی، پێویستە ئێستا کوردستان ڕێخۆشــکەری و ئامادەکاری بۆ دروستکردنی ژێرخانی ئابــووری و داراییەکەی بکات. دراوی نەتەوەیی کوردســتانیش بەردی بناغەی ئەو سەربەخۆییەیە و دەبێتە هێمای سەربەخۆیی گەلی کورد و نیشتمانەکەی.

# سیاسەتی بازرگانی
# لە هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ؟

د. حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیوێتی

سیاسەتی بازرگانی بە دڵی بزوێنەری سەرجەم پرۆسەی ئابووریی دەوڵەتان دەژمێردرێت، بۆیە وڵاتان گرنگییەکی زۆر بە سیاسەتی بازرگانی دەدەن، چ لەسەر ئاستی ستراتیژییەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە، چ ئەوەی پەیوەستە بە بڕگەکانی ئابووری و دراو، یان لەسەر ئاستی یاسایی لە میانی ئاوێتەکردنی ئەو ستراتیژییانە لە سیاسەتی یاسادانانی هاوتەریب کە لەگەڵ واقیعی ئابووری و بازرگانیی دەوڵەتدا کۆکن، بۆیە تێبینی دەکرێت کە ئەو وڵاتانە سیاسەتی بازرگانییان بەتایبەتیش سیاسەتی بازرگانیی دەرەوەیان کردۆتە ئەولەویاتی بابەتەکانی دەستوورەکانیان لەبەر ئەوەی گرنگە، بەڵام لە دەوڵەتانی فیدڕاڵدا کە دەسەڵات لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتەکانی هەرێم

دابەشکراوە هەروەك لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقدا هاتووە کە ئەو دەستوورە پرۆسەی نەخشەکێشانی سیاسەتی بازرگانیی دەرەوەی کردۆتە کاری تایبەتی حکومەتی فیدراڵ، هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەتا لە رووی دەستوورییەوە کە هەرێمەکان بێبەش بن، لە رەوشی خۆشمان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سیاسەتی بازرگانی بەو شێوەیە کە لەگەڵ رەوشی هەرێم بگونجێت لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتە لە هێڵە گشتییەکانیدا لەگەڵ سیاسەتی بازرگانیی فیدڕاڵدا کۆکە.

ئەگەر سیاسەتی بازرگانیمان وەك دیاردەیەکی نووساو بە هەر دەوڵەتێك لەقەڵەم دا بە چاوپۆشی لە سروشتی سیستەمی سیاسی و ئابووری لەو دەوڵەتەدا، ئەوا لە هەمان کاتدا بریتییە لە دیاردەیەکی ئاوێتە و ئاڵۆز و ورد، چونکە لە چوارچێوەی کۆمەڵێك سیاسەتی دیکەدا دەخولێتەوە لە سەروویانەوە سیاسەتی ئابووری کە لە ناوەڕۆکدا سیاسەتی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و کشتوکاڵی و سیاسەتگەلی هاوردەکردن و هەناردەکردن و سیاسەتی دراوی و سیاسەتی دارایی و زۆری دیکە لەخۆدەگرێت.

بۆیە ئەگەر ویستمان چەمکێك بدەینە سیاسەتی بازرگانی دەکرێ بڵێین کە بریتییە لە کۆمەڵە رێکارێکی یاسایی و کارگێڕی و هەڵسوکەوت کە دەوڵەت دەیگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئابوورییەکانی، ئەوەی کە بە دەوڵەت دەگات لە هاوردە، یان هەناردە تەوەری سەرەکیی بودجەی دەوڵەت پێکدێنێت، سیاسەتی بازرگانی بەم چەمکە بەشێکی بنەڕەتییە لە فەلسەفەی ئابووریی دەوڵەت ئەگەر ئەو فەلسەفەیە سیستەمی ئابووریی بازاڕ، یان سەنتراڵییەتی سیستەمی ئابووری و لە ئەنجامی کرانەوە، یان داخران لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، بەڵام سیاسەتی بازرگانیی ناوخۆ ئەمەیان کاری خودی دەوڵەتە لە دانانی سیاسەتی هاوتەریب کە ئامانجەکانی سیاسەتەکەی لە بازرگانیی دەرەوە وەدی دێنێت، چونکە سیاسەتی بازرگانیی دەرەوە گرنگترە لە رووی سیاسەتی بازرگانییەوە ئەمەش لە میانی کرانەوە بە بازاڕەکانی جیهان و سیستەمی ئابووری و بازرگانیی جیهانی لە میانی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی و رێککەوتنە جۆراوجۆرەکانی لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری و بازرگانی و داراییدا.

ئەگەر بابەتی سیاسەتی بازرگانیمان بە ناوەڕۆکەکانییەوە بەستەوە بە باری ئابووری و بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها لەپێناو روونکردنەوەی تێگەیشتن لە سیاسەتی بازرگانی و گرنگێتییەکەی دەکرێ جەخت بکەینەوە لەسەر ئامانجەکانی سیاسەتی بازرگانی، چونکە مەبەست لە دانانی سیاسەتی بازرگانی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە کە دەوڵەت هەوڵیان بۆ دەدات، ئەمانەش

ئامانجی زۆرو هەمەچەشـــنن، بەڵام لەسەروویانەوە چەند ئامانجێکی بنەڕەتی دێن لەوانە پارەدارکردنی گەنجینەی دەوڵــەت بە داهاتـــی زیاتر و وەدیهێنانی هاوســـەنگی لە بودجـــەی خەرجییەکاندا وێڕای هاندانی کێبڕکێ لە کەرتە جیاوازەکاندا لەگەڵ پاراســـتنی بەرهەمی نیشـــتمانی لە نێوجەرگـــەی ئەو کێبڕکێیەدا، هەروەهـــا کاراکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە میانی سیاسەتگەلی یاسایی سەرکەوتوو و کاری دروستی دامەزراوەییەکان.

بـــا بێین و ئەو ئامانجانە ببەســـتینەوە بە واقیعی ئابووری و بازرگانی لە چوارچێوەی واقیعی سیاســـی لە هەرێمی کوردستاندا بەبێ ئەوەی لەبیرمان بچێت کە ئابووریی هەرێم و سیاســـەتە ئابـــووری و بازرگانییەکەی بەلایەنی کەم لە ڕووی دەســـتوورییەوە بەســـتراوەتەوە بە واقیعی سیاسی و ئابـــووری لە عێراقدا، ئەگەر جەختمان کردەوە لەســـەر ئەو ئامانجانە و بەتایبەتیش ئامانجی سیاســـەتی بازرگانی لە وەدیهێنانی داهاتی زیاتر بـــۆ گەنجینەی هەرێم، هەروەك زانـــراوە کە بودجـــەی هەرێم دیارە لە پشتبەســـتن بە دوو ســـەرچاوەی بنەڕەتی ئەوانیش داهاتەکانی پارەدارکردن لە ناو هەرێم و پشکی هەرێمە لە بودجەی عێراقی فیدراڵدا، هەروەها هەرێم لە چوارچێوەی کەرتی گشتیی حکومەتدا مانگانە پێویســـتی بـــە زیاتر لە ٧٥٠ ملیـــۆن دۆلارە بۆ دابینکردنی مووچەی لەشکرێك لە فەرمانبەران کە ڕەنگە پێویستیی فیعلی لە هەرێم بەو لەشکرە لە ٢٥٪ ی ژمارەی ئێســـتا ڕەت نەکات، کە وەك هۆکارێکی سیاسەتی ئیداری و سیاســـەتی کەڵەکەبووی هەڵەوە هاتۆتـــە ئاراوە کە زۆر زەحمەتە چارەســـەری هەنووکەیی بـــۆ دابنرێت، ئەمەش مانای وایە کە بودجەی بەکاربردنی هەرێم بوار بۆ بودجەی وەبەرهێنـــان ناهێڵێتەوە و زۆر جاریش کورتهێنان لە بودجەدا دەبێت هەتا ســـەبارەت بە دابەشکردنی مووچە هەروەکو لە ڕەوشی ئێستای هەرێم بەم شـــێوەیەیە لە ئەنجامی ئەوەی کە بودجەی هەرێم پاشـــکۆی بودجەی فیدراڵە، ئەمەش پێویســـتی بـــە دانانـــی سیاســـەتگەلێکی بازرگانییە لە چوارچێوەی سیاسەتگەلی دروستی ئابووری بە ئیرادەیەکی جیددی سیاسی بۆ چاکسازی لەمیانی کاری دامەزراوەیی دروســـتدا، بەڵام دەربارەی چۆنێتیی وەدیهێنانی ئەو جۆرە سیاسەتانە کە ڕەنگە ئەو ئامانجانە بێنێتەدی، ئەوا دەکرێ چەنـــد ڕێکارێکی ئیداری و یاســـایی ئەنجـــام بدرێت بۆ نموونە:

١- بودجەی هەرێم پڕیەتـــی لە بڕگەو وردەکاریی زۆر بە شێوەیەك ماندووی دەکات کە بوار ناهێڵێتەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدان کە پێویســـتە، لە میانی پێکهێنانی لیژنەیەك لە یاساناســـان و ئابووریناسان و پسپۆڕانی دیکە بۆ چاوخشـــاندنەوەی سەرتاسەری بە بڕگەکانی بودجەدا و دەست نیشانکردنی شوێنەکانی کەموکوڕیی لە بودجەکە یان لە بڕگەکانیدا کە دەکرێ لاببرێن یان تێچوویان کەمبکرێتەوە یان جارێکی دیکە بڕگەکانی دیکە دابنرێنەوە بە شێوەیەك کە خەرجیەکان کەم بکاتەوە هەتا ئەگەر پێویســـت بوو چاو بخشێنرێتەوە بە هەیکەلبەندی وەزارەت و دەزگا سەربەخۆکان و وەزارەتەکانیش ئاراستە بکرێن تا سیاسەتێکی خۆپارەدارکردن بگرنەبـــەر. چونکە بوارێکی فـــراوان هەیە لەگەڵ کەمێك شـــەفافییەت و بابەتییەت و پلاندانی دروســـت کە زۆر لە وەزارەتەکان بکرێن نەك تەنیا بە خۆپارەدارکردن بەڵکو بتوانن بودجەی گشـــتیش بە داهاتەکانیان پارەداربکەن لەجیاتی ئەوەی لە چالاکییەکانیاندا پشت بە بودجەی گشتی ببەستن، هەروەك زۆربەی وەزارەتەکان و دەزگا حکومییەکانی ئێستا، بە مەرجێ بەپێی نۆڕمە بابەتییەکان و لە چوارچێوەی یاسا بێت و دوور لە زێدەخەرجی و بە هەدەردانی سامانی گشتی بە شێواز و کاری نایاسایی و ژمێرکاری.

٢- گـــەڕان بـــەدوای ســـەرچاوە تازەکانـــی پارەدارکردن لە میانـــی چەند ڕێکارێك کە دەکـــرێ حکومەتی هەرێم پەیڕەویـــان بکات، ئەگەر بە راســـتی و بـــە جیددی و بە ئیرادەیەکی راســـتەقینەی سیاســـی بیکات، چونکە بۆ نموونە زۆر ســـامان و موڵك هەن کە لە راســـتیدا سامان و موڵکی گشتین کە پێویستە داهاتەکانیان ببنە سەرچاوەی گرنگ بۆ پارەدارکردنی بودجەی گشتی، بەڵام ئەو سامان و موڵکانە پەکیان کەوتووە یـــان لە بنەڕەتدا دیارنین لەبەر هەر هۆیەك بێت، لە زۆر حاڵەتیشدا هۆکاری یاسایی نین، یۆبە ناتوانن بودجە پارەداربکەن ئەگەر نەبنە بارگرانییەکی دیکە بەسەر بودجەوە.

٣- زۆر دامـــەزراوەو کارگـــەو فابریقە هەن کە پێویســـتە بەرهەمهێن بن و داهاتی گرنـــگ بۆ بودجە دابین بکەن، بەڵام پەکیان کەوتووە یان وەســـتاون یاخـــود هەر نەماون، حکومـــەت دەتوانێت ئەم دامـــەزراوەو کارگانە بژێنێتەوە و بەتەنیا بیانخاتەوەگەڕ یانیش بە بەشداریی کەرتی تایبەت و پاڵپشـــتییان بکات بە شێوەیەك کە بتوانن بەرهەم بخەنەوە و کێبڕکـــێ بکەن لـــە میانی دۆزینـــەوەی میکانیزمی یاســـایی کارا وەك ئەوەی کە بگۆڕێن بە کۆمپانیا بە پشك و دواتر وردەوردە پشکەکانیان بفرۆشێتەوە و بکرێن بە کەرتی تایبەت، ڕەنگە دەســـتێوەردانی حکومەت پێویســـت بێت لە چەند چالاکییەکی دیاریکراودا بێ ئەوەی کاربکەنە ســـەر ئازادیی تاکەکەســـەکان لە ئەنجامدانی چالاکیی ئابووری و بەتایبەتیش ئەگەر ئەو دەســـتتێوەردانە پێویســـت بوو بۆ هێنانەکایـــەی کەرتێکی زیندووی تایبـــەت لە هەرێمدا، هەروەها ڕێکاری پێشـــووی یاسایی دروست بوو کە لەگەڵ ڕێساکانی ئەو کۆمپانیایانە دەگونجێن کە لە هەرێمدا کاریان پێ دەکرێت، کە هاریکارە لە داڕشـــتنەوەی هەیکەلبەندیی

**ئەگەر ویستمان چەمکێک بدەینە سیاسەتی بازرگانی دەکرێ بڵێین بریتییە لە کۆمەڵە ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی و هەڵسوکەوت کە دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئابوورییەکانی دەیگرێتەبەر**

**سیاسەتی بازرگانیی ناوخۆ کاری خودی دەوڵەتە لە دانانی سیاسەتی هاوتەریب کە ئامانجەکانی سیاسەتەکەی لە بازرگانیی دەرەوە وەدی دێنێت، چونکە سیاسەتی بازرگانیی دەرەوە گرنگترە لە ڕووی سیاسەتی بازرگانییەوە**

**هەوڵگەلێکی جیددی هەیە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمەوە بۆ دامەزراندنی ناوچەو شاری پیشەسازی و پرۆژەیاسایەکیش بۆ ئەم بابەتە دانراوە، ئەگەر هاتوو تەگەرەو بەربەستە نەیەتە ڕێی**



کۆمپانیاو دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و هێنانەکایەی کەرتێکی تایبەت کە بە جیددی بەشداری بکەن لە پرۆسەی پەرەپێدان لە میانی زیندووکردنەوەی کەرتە کاراکانی بەرهەمهێنان و زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی، لە هەمان کاتیشدا گوشارو داخوازییەکانی دامەزراندن لە کەرتی گشتی کەم دەکاتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی چاکسازیدا خول یان پەیمانگای فێرکردن و شیاندن بۆ پیشە جیاجیاکان لە هەرێم بکرێتەوە بۆ پێگەیاندنی کادیری خوێندەوار بۆ بازاڕەکان، چونکە هەرێم پێویستی بە کادیری مامناوەندیی خوێندەوار هەیە لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو پیشە گرنگانەی کە بازاڕ پێویستی پێیانە هەمیشە وەك میرات ماونەتەوە و دواتر بەردەوامی پێدان و گواستنەوەیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بێ ئەوەی پەرەسەندنیان تێدا بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ داواکارییە تازەکانی بازاڕدا.

٤- گرتنەبەری سیاسەتگەلێکی دروستی وەبەرهێنان لەسەر بنەما یاسایی و بابەتییەکان و لە سەرچاوەیەکی دیاریکراوو دیاری بڕیاری پێشوەختە بۆ وەبەرهێنەر، بە مەرجێك کە ئەو سیاسەتە ئاسان و روون بێت و دوور بێت لە بیرۆکراتییەتی کارگێڕی و فرەیی سەرچاوەکانی بڕیار بۆ مۆڵەتدانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان وەك بەشێکی کارا لە سیاسەتی بازرگانی، کە پێویستە لە هەرێم پەیڕەوبکرێت، ئەوەش پێویستی بە هەماهەنگییەکی تەواو هەیە لە نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکانی وەبەرهێنان کە دەبێت هەموویان کاربکەن لەپێناو وەدیهێنانی سیاسەتی بازرگانی کە دەخرێتە سوودو بەرژەوەندیی هەرێمەوە نەك لە بەرژەوەندیی چەند توێژێکی دیاریکراو یان کەسانێك لە نێو چەند توێژێکی دیاریکراودا، جا ئەگەر بۆ نموونە دەوڵەتانی هاریکاریی کەنداو لە ئەنجامی یەکێتیی سەرچاوەی بڕیار و سیاسەتی یەکگرتووی بازرگانی بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ لایەنەکەی دیکەدا بکەن وەك یەك یەکەی ئابووری، کەواتە بۆچی نەتوانین لە هەرێمدا و لە چوارچێوەی خودی دامەرزاوەکانی هەرێمداو لەوانە وەزارەتەکان و دەستە پەیوەندیدارەکان سەرچاوەی بڕیارەکە یەکبخەین لەسەر بنەمای یاسا نەك دوور لە یاسا، چونکە راستییەکی واقیعی هەیە، ئەم جۆرە هەماهەنگییە بە باڵاترین پلە و بە شێوەی بابەتی و شەفاف دەسەپێنێت، ئەویش ئەوەیە کە دەروازەکانی سیاسەتی بازرگانی بریتییە

**ڕێکارەکانی پاراستنی پیشەسازیی نیشتمانی نابێت بە شێوەی بنەڕەتی بە ئامانجی دۆزینەوەی داهات بێت بۆ گەنجینەی دەوڵەت، یان هەرێم، بەڵکو بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پاراستن بێت بۆ پیشەسازیی نیشتمانی و پاراستنی بەکاربەر**

**پێویستە هەوڵبدرێ بۆ جێبەجێکردنی یاسای کێبڕکێ و نەهێشتنی پاوانخوازی و کاراکردنی ئەنجومەنی کێبڕکێ و دەستکردن بە ڕوومالێکی جیددی و بابەتییانە لە ناوچەکانی پاوانخوازی و سەرچاوەکانی لە هەرێمدا و چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی بوێرانە و ئاشکرا بە شێوەیەک ئەم پاوانخوازییانە بخرێنە بەرژەوەندیی گەنجینەی هەرێمەوە نەک بۆ گرووپ، یان کۆمەڵە کەسێک**

لـــە دەرچەکانی وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان، چونکە سیاســـەتی بازرگانی لە دۆخی دروســـتدا نابێت ئەگەر بەربەســـتەکانی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری چارەسەرنەکرێن جا ئەو بەربەستانە هەر جۆرێك بن.

٥- دابینکردنی تەواوی خزمەتگوزارییەکان بۆ ناوچەو شارە پیشەسازییەکان و بخرێنە بەردەم وەبەرهێنەران بەپێی بنەما یاساییە شەفافەکان و دوور لە بیرۆکراتییەت و مەحسوبییەت و خزم خزمانێ کە بەهیچ شـــێوەیەك پەیوەندییان بە یاساوە نییە، دەکرێ بەمەش کەرتێکی تازەی پیشەسازی لە بوارە جیاجیاکانی پیشەسازی دابمەزرێت بە شێوەیەك کە بەشداری بکات لە پرۆسەی پەرەپێدانی پیشەسازیی لە چوارچێوەی یاسادانانی تەواوەوە، من لە نزیکەوە دەزانم کە هەوڵگەلێکی جیددی هەیە لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەســـازیی هەرێمەوە بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە ناوچەو شارانە و پرۆژە یاســـایەکیش دانراوە بۆ ئەم بابەتە ئەگـــەر هاتوو تەگەرە و بەربەســـتی نەیەتە ڕێ، چ بەربەســـتی تەکنیکی، یان دارایی، یان سیاسی، یان بەرژەوەندی لایەن و تاکەکەسی بێـــت، کە ببنە ئاســـتەنگ لە بـــەردەم دامەزراندنی ئەم ناوچانە، یاخود دوای دامەزراندیان بەربەســـت بخەنە پێش کارەکانیان لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە کەســـییەکان لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشـــتی هەروەك لە کەرتی وەبەرهێنانی هەرێمدا لەئارادایە.

٦- هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی یاسای کێبڕکێ و نەهێشتنی پاوانخوازی و کاراکردنی ئەنجومەنی کێبڕکێ و دەستکردن بە ڕوومالێکی جیددی و بابەتییانە لە ناوچەکانی پاوانخوازی و سەرچاوەکانی لە هەرێمدا و چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی بوێرانە و ئاشـــکرا بە شـــێوەیەك ئەم پاوانخوازییانە بخرێنە بەرژەوەندیی گەنجینـــەی هەرێمەوە نەك بۆ گرووپ، یان کۆمەڵە کەســـێك، چونکە چەند کەرتێکی دیاریکراو هەن کە بە هۆی کارایی و تەکنیکی بەرزییانەوە پشـــتیان پێ دەبەستن وەك کەرتەکانی گەیاندن، یان نەوت، یان وەبەرهێنان لە بـــوارە دیاریکراوەکانـــدا وەك داودەرمان، جـــا لە پێناو وەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتی دەکرێ ئەم پاوانخوازییانە هـــەروەك لـــە زۆر دەوڵەتانی پێشـــکەوتوو و دواکەوتووی جیهان بـــەدی دەکرێن لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشـــکراوە بدرێنـــە چەند لایەنێك کە زیادکردنەکەیان بۆ دەردەچێت لە چوارچێوەی یاســـا و ڕێکاری یاسایی و شەفاف، هەروەها داهاتەکانیشـــیان بخرێتە گەنجینەی گشتییەوە لەجیاتی ئەوەی بخرێتە بەرژەوەندیی کرووپ یان کەسانێکەوە.

٧- شانبەشـــان لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی ســـەرەوەدا دەکرێ زەمینەیەکی گونجاوی یاسایی و کارگێڕیی دابین بکرێت بۆ پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە میانی بەکارهێنانی سیاســـەتێکی گومرگیی گونجاو بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتـــی فیدراڵدا بۆ کاراکردنی یاســـای تەعریفەی گومرگی فیدراڵ بۆ مەبەســـتی دابینکردنی پاراستنی کارای بەرهەمە خۆماڵییەکان و بەتایبەتیش لە بازاڕەکانی هەرێمـــدا کـــە بوونەتـــە گەورەترین بـــازاڕی عێراق کە کاڵای خـــراپ و کوالیتی نـــزم لەخۆدەگرێت کە بەپێی نۆرمەکانـــی باشـــیی و ســـەلامەتی لەگـــەڵ کەمترین مواســـەفاتی پێوانەیی یەکناگرێتەوە، بەڵکو هەندێ جار مەترسیشە بۆ ســـەر تەندروستی و سەلامەتیی مرۆڤ و بەتایبەتیش لە هەردوو کەرتی خۆراك و دەرماندا. تەنانەت لەچوارچێوەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی (WTO) دا ئەگـــەر عێراق بوو بـــە ئەندام تێیـــداو پابەندیش بوو بە ڕێککەوتننامەکانی، بەمەش ڕێگە دەدات بە پاراســـتنی چەنـــد بەرهەمێکی پیشەســـازیی نیشـــتمانی لە میانی ڕێککەوتننامەی نەهێشـــتنی خنکانـــی بازرگانی Anti Dumping ئەگـــەر بەرهەمی دیاریکـــراو بخرێتە بازاڕی دیاریکراوی نیشـــتمانییەوە بە شێوەیەك و بە بڕێکی زۆرو بـــە نرخێك کە بازاڕ بخنکێنێـــت و کاریگەریی نێگەتیڤی هەبێت بۆ سەر پیشەسازییە نیشتمانییەکان، چونکە دەکرێ بە پێی هەمان ڕێککەوتننامە ڕێکارگەلی قەرەبووکردنەوە بگیرێتەبەر لەمیانی سەپاندنی باجی قەرەبووکردنەوە لەسەر ئەو کاڵایانەی کە مایەی خنکاندنی بازاڕن، هەتا ئەگەر بەشـــێوەیەکی کاتیش بێت تا ئەو وەختەی ئاســـەواری ئەو خنکانە چارەســـەر دەکرێن و لایەنی خنکێنەر راســـتەڕێ دەکرێ بۆ پابەندبوون بەو ڕێککەوتننامەیە، بەڵام پێویستە ئاگاداربین لەوەی کە ڕێکارەکانی پاراســـتنی پیشەسازیی نیشـــتمانی نابێـــت بە شـــێوەی بنەڕەتی بـــە ئامانجی دۆزینـــەوەی داهات بێـــت بۆ گەنجینـــەی دەوڵەت، یان هەرێم، بەڵکو بە ئامانجی دەســـتەبەرکردنی پاراستن بێت بۆ پیشەســـازیی نیشـــتمانی بە پلەی یەکەم و دووەمیش بۆ پاراســـتنی بەکاربەر هاوشان لەگەڵ یاسای پاراستنی بەکاربەردا. ئەو هەموو شـــتانەو هـــی دیکەش لەکۆتاییدا پەیوەســـتن بە سیاسەتێکی بازرگانیی شەفاف و بابەتی و هاوتەریبەوە چونکە گرنگترین شتە بۆ چالاکیی بازرگانی لە چوارچێوەی چالاکیی گشـــتیی ناوخۆیی و دەرەکیی ئابووریـــدا، بۆیە ڕێککەوتننامـــەی چات لە چوارچێوەی ڕێکخـــراوی بارزرگانیی جیهانیدا لە زۆر دەقەکانیدا و لە ڕووی قسەکردن لەسەر سیاسەتی بازرگانیی جەخت دەکاتەوە لە مەســـەلەی شەفافییەتی ناوخۆیی واتا شەفافییەت لە وەرگرتنی بڕیارەکانی حکومەت پەیوەست بە سیاسەتەکانی بازرگانی.

---

*** پسپۆڕ لە یاســـای بازرگانی/ کۆلێژی یاساو رامیاری/ زانکۆی سەڵاحەدین**

# ڕۆڵی دەزگای بانکی لەپەرەپێدانی ئابووریدا

دکتۆر ئەمین محمد سەعید ئەل ئیدریسی



## دەستپێک

دەزگای بانکی لەهەر دەوڵەتێکدا بە بەشێکی سەرەکی دادەنرێت لە بونیاتنانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، چونکە لەژێر سایەی سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. دەزگای بانکی لە میانەی هەوڵدانی کۆمەڵگەکان بۆ وەدیهاتنی پەرەپێدانی ئابووری ئەم ڕۆڵە گرنگەی پێدراوە، لەبەر ئەوەی بەو لایەنە ڕێکخراوەی دەرامەتە داراییەکان دەژمێردرێت لە بواری ئابووریدا، چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو دەرامەتانە بەسەر بوارەکانی وەبەرهێنانی هەمەچەشنەدا ئامانجەکان وەدیدەهێنێت. زۆربەی وڵاتانی گەشەسەندوو لەوانە عێراق و هەرێمی کوردستانیش، میراتێکیان بۆ ماوەتەوە کە لە دواکەوتوویی هەیکەلی بەرهەمهێنانیاندا دیارە، هەروەها بە تاکجەمسەری ئابووری و پشتبەستنیان بە بەرهەمهێنانی کەرەستەی خاو ناوبانگیان دەرکردووە، لەلایەکی ترەوە دەزگا بانکیەکانیان دواکەوتووەو سیستمی پارەو دراو تێیاندا ناجێگیرە، ئەمەش باڵی کێشاوە بەسەر کورتهێنان لەبەرهەمهێناندا، لەکاتێکدا دابەشکردنی دەرامەتەکان بەسەر چالاکیە ئابوورییەکاندا ڕۆڵی گرنگی هەیە، ئەمەش وایکردووە زۆربەی حکومەتەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕووبکەنە دامەزراندنی بانکی پسپۆڕو تایبەتمەند کە لەسەرەتادا ئامانج لێی هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی کەرتە بنەڕەتیەکانی ئابوورییە، ئەمەش لە ڕێگای ئامادەکردنی بەشێك لەسەرمایەو قەرزی درێژخایەنی بانکییەوە. پشتی بەستووە بەوەی سەرمایەو وەبەرهێنان زیاتر بۆ ئەو کەرتانە خەرج بکرێت کە بەرهەمیان زیاترە، ئەمەش ئەو تەوەرە سەرەکییەیە کە بەهۆیەوە سیاسەتی پەرەپێدانی بەردەوام وەدی دەهێنرێت و دەبێتە فاکتەرێك بۆ ڕزگاربوون لەچوارچێوەی پاشکۆیی و دواکەوتەیی ئابووری.

## دەزگای بانکی و پەرەپێدانی ئابووری لە وڵاتانی پێشکەوتوودا:

دیقەت دەدرێت لەوەی کە پێوەندی هەیە بە دەزگای بانکی پەرەپێدانی ئابوورییەوە کە لە هزری قۆناغە مێژووە دیاریکراوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەش لەماوەی نێوان سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەم تا دەگاتە بەسەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم کە فیکری ئابووری کلاسیکی باڵادەست بووە، لەو هزرەدا وادانراوە کە پارە تەنها پەردەیەکە بۆ شاردنەوەی ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە، واتا ڕۆڵەکەی تەنها لەوەدا کۆدەبێتەوە کە پردێك بێت بۆ ئاڵوگۆڕکردن، بەوشێوەیە دەزگای بانکی بەپێی بیردۆزە کلاسیکیەکان تەنیا پردێکە لەنێوان( پارەدانەری بانك و وەبەرهێنەردا)، ئەمەش بەپشتبەستن بەوەی سەرافیی تەنیا دەرئەنجامێکە بۆ دیاردەی نەختینەیی، تەنانەت هزری کلاسیکی بڕوای بە توانای بانکەکان نییە بۆ دروستکردنی هێزی نوێی کڕین کە دەکرێت ئەم هێزە بخەینە ژێر دەستی وەبەرهێنەرانەوە. بەو شێوەیە چالاکی دەزگای بانکی جیاکراوەتەوە لەو وەبەرهێنانە گرنگانەی کە کاریگەرییان هەیە بۆ دروستکردنی ئابووری نیشتمانی.

پاش دانانی کتێبێکی ئابووری بەناوی بیردۆزی پەرەپێدانی ئابووری شۆمبتر لەساڵی ١٩١١ کەتیایدا گرنگیەکی تایبەتی دا بەدەزگای بانکی، بەوەی گرنگترین توخمە کە دەتوانێت هاوبەش بێت لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری لە ڕێگای هاوبەشیکردن بۆ دروستکردنی سەرمایە، هەروەها لەڕێگای خوڵقاندنی

**هزری کلاسیکی بڕوای بە توانای بانکەکان نییە بۆ دروستکردنی هێزی نوێی کڕین کە دەکرێت ئەم هێزە بخەینە ژێر دەستی وەبەرهێنەرانەوە. بەو شێوەیە چالاکی دەزگای بانکی جیاکراوەتەوە لەو وەبەرهێنانە گرنگانەی کە کاریگەرییان هەیە بۆ دروستکردنی ئابووری نیشتمانی**

**ئابووریناسە کلاسیکیەکانەوە کە پێشتر جەختیان لەسەر ئەوە کردبووە کە پارەدانان شێوازێکە لە شێوازەکانی پاشەکەوتکردن بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکانی بەکارهێنان و بەکاربردن**

**بازاڕێکی پەرەسەندووی دراوی و دارایی پێشکەوتوومان نییە کە ڕێگا بدات بەوەی شێوازی پارەدان بۆ ماوەی کورت بەکاربهێنرێت، زۆر جار ئەمە وەک یەدەگێکی لاوەکی بەکار دەهێنرێت کە پارمەتیدەرە بۆ بانکەکان تا ئەو یەدەگە بەرزەی هەیانە کەم نەکات**

پرۆسەی پارەدانان لەبانکەکان، چونکە ئەم پرۆسەیە ڕێگادەدات بۆ فراوانکردنی بواری ئابووری و پێکهێنانی سەرمایە، سەرەڕای ئەوەی ئەگەر سەرمایەی پێویستیش نەبێت بۆ ئەو فراوانبوونە. شومبتر جەختی کردەوە لەسەر گرنگی پارەدانان لەبانك، بەبێ ئەوەی ڕۆڵی پاشەکەوت لەپرۆسەی پەرەپێدانی ئابووریدا رەتبکاتەوە، کە بەخاڵی سەرەتای داناوە بەپێچەوانەی ئابووریناسە کلاسیکیەکانەوە کە پێشتر جەختیان لەسەر ئەوە کردبۆوە کە پارەدانان شێوازێکە لە شێوازەکانی پاشەکەوتکردن بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکانی بەکارهێنان و بەکاربردن، گەرچی بیردۆزەکەی شومبتر گۆڕانکاری زۆری بەسەر ئەم بیرۆکەیەدا هێناوە بەڵام دەکرێت ئاراستە گشتیەکانی ڕۆڵی دەزگای بانکی لەمیانەی ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووەوە ببەستینەوە بە ئەرکە سەرەکیەکانی دەزگای بانکیەوە، کە بریتیە لە دوو ئەرك:

١. تەمویل، ٢.چاودێری.

بەمشێوەیەی خوارەوە:

ئەرکی تەمویلکردن لە دەزگای بانکیدا ئاراستەکردنی تەمویلکردنی دەزگای بانکی دوو خاڵی باشی هەیە بۆ دەزگاکە.

یەکەم: بەدامەزراوەییکردنی دەزگای بانك لەبەریتانیا بە نموونە:

سیاسەتی دەزگای بانك لەبەریتانیا لەسەر چەند بنەمایەك دروست بووە کە لێرەدا پوختیان دەکەینەوە:

١. قەرزی کورتخایەن بۆ چالاکیە پیشەسازییەکان.
٢. بەشداری نەکردن لە پرۆژە ئابوورییەکاندا (لەمەدا بانکەکانی وڵاتانی گەشەسەندوو هەمان سیاسەتیان گرتۆتە بەر).
٣. پێدانی قەرز بۆ ئاڵوگۆڕکردن و ئاسانکردنی وەدەستهێنانی شمەك.

کۆمەڵێك هۆکار ڕۆڵی گەورەیان بینیوە بۆ ئەوەی دەزگای بانکی بەریتانی ئەم هەنگاوانە بهاوێژێت، چونکە بەریتانیا گەشەپێدانێکی زۆری لەو سامانە وەیدهێناوە کەبەهۆی بازرگانی دەرەکیەوە پەیدای دەکرد، بەتایبەتی لەسەدەی هەژدەیەم کە توانی دەرامەتە سروشتیەکانی دەست بکەوێت بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی پیشەسازی تایبەت و بۆ وەدیهاتنی پێداویستیەکانی پەرەسەندنی خێرا، بەشێوەیەکی گشتی ئەمە جگە لەو دەرامەتانەی کە بەهۆی کشتوکاڵی هاوچەرخەوە کۆی دەکردەوە. ڕێبازی پلەبەندی لەگەشەسەندنی پیشەسازی لەبەریتانیادا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داهێنانە هونەریانەی کە وایکردووە وەبەرهێنان لە کەرتەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی گەورەدا دروست بکات، ئەویش بەشێوەی بەش بەش و درێژخایەن لە ڕووی زەمەنیەوە، بۆ ئەمەش کۆمەڵێك کەسایەتی کاریگەر هەبوون لەسەر دیاریکردنی سیاسەتی دەزگای بانکی بەریتانی ڕۆڵیان هەبووە، بازاڕی دارایی لەندەن(بۆرسە) بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەبەرفراوانبووندا بووەو هاوئاست بووە بە پێشکەوتنی هونەریی وردە وردە وای لەبەریتانیا کرد باشترین شوێن بێت بۆ دەزگای بانکی لەپێناوی تەمویلکردنی درێژخایەندا، هەروەها بۆ داپۆشینی پێداویستیەکانی کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی، ئەوەش لەڕێگای ئەو قەرزانەی کە بەشێوازێکی کەمی قازانج دەدرێن.

**● دووەم:دەزگای بانکی لە وڵاتانی تری ئەوروپاییدا:**

ڕۆڵی دەزگای بانکی لە وڵاتانی تری ئەوروپاییدا سەبارەت بە ڕۆڵگێڕانی تەمویلکردن لەو ڕۆڵەی دەزگای بانکی بەریتانیا جیاوازبوو، ئەوەش بە پێی ڕەنگدانەوەی باری ئابووری و جیاوازی لە قۆناغەکانی گەشەکردن لە لایەك و هەروەها لە شێوازی کارپێکردنی سیستمی ئابووری لە لایەکی ترەوە، دەزگای بانکی ئەو دەوڵەتانە لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی ئەکتیڤ لە پرۆسەکانی پەرەپێدانی ئابووری بەشدارییان هەبوو، پرۆسەکانی بەرفراوانبوونی تەمویلکردنی درێژخایەن بۆ بواری پیشەسازی پێشکەوت، گەرچی درەنگتر لەوەی بەریتانیا دروست بوون، بەڵام چەندین کۆمپانیای موساهەمە بە بەشداری بانکە ئەوروپاییەکان کەوتنە گەڕ.

لە ناوەندی سەدەی نۆزدەیەمەوە لە فەرەنسا دوو دەزگای دارایی دروست بوو(CREDIT MOBILIER) ئەوەی ترشیان بە ناوی (CREDIT FONCIER)، یەکەمینیان وەك بانکی وەبەرهێنان بوو، کە دامەزراندنی هێڵی ئاسن و هەڵکەندنی کوڵخان و کارگەو بەندەرەکانی لەئەستۆ گرت، بەڵام دووەمیان پارەدارکردنی کشتوکاڵی بە قەرزی درێژخایەن لە ئەستۆگرت دواتر پەرەی سەند تا گەیشت بەوەی قەرزی خانووبەرەو پیشەسازی بدات.

ئەرکی چاودێری دەزگای بانکی

**● هەوڵدەدەین ئەم ئەرکە ڕوونبکەینەوە کە دەزگای بانکی لەسەر دوو ئاست ڕۆڵی خۆی دەبینێ**

یەکەم تایبەتە بە یەکەی بانکی(بانکی بازرگانی)، بەڵام دووەمیان تایبەتە بە دەسەڵاتی ناوەندی دراو(بانکی ناوەندی) سەبارەت بە ئاستی یەکەم تایبەتە بە یەکەی بانکی چالاکیەکانی لەسەر بنەمای بەدیهێنانی گەورەترین قازانج لەلایەك و بە هەند وەرگرتنی بڕوپارە لەلایەکی ترەوە، بەڵام ئاستی دووەم کە تایبەتە بە دەسەڵاتی ناوەندیی دراو لە میانی چاودێری بانکە بازرگانیەکان لەسەر بانکی ناوەندی.



دووەم:دەزگای بانکی و پەرەپێدانی ئابووری لە دەوڵەتانی گەشەسەندوودا دەوڵەتانی گەشەسەندوو چەندین سیمایان هەیە کە کاریگەرییان هەیە بۆ سەر شێوازی کارکردنی دەزگای بانکی کە بریتین لە:

١. بەشێکی گرنگی داهاتی نەتەوەیی لەبەرهەمهێنانی کەرەسە سەرەتاییەکان دێتەدی بە مەبەستی هەناردەکردنی دواتر ئاستی چالاکی ئابووری دەوەستێتەسەر بارودۆخی بازاڕەکانی هەناردەکردن لە دەوڵەتانی پیشەسازیدا.
٢. نەبوونی بازاڕی پێشکەوتووی سیستماتیکی دارایی و دراویی.
٣. تێنەگەیشتنی خەڵك لە ڕێوشوێنی بانکی.
٤. نەقۆستنەوەی پاشکەوتی دەسەبەرکراو بە شێوەیەکی کارا هەرچەندە کەمیش بێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی کەڵەکەبووی سەرمایە.

دەکرێت لایەنەکانی کاریگەریی ئەو سیمایانە بۆ سەر کاری دەزگای بانکی لە دەوڵەتانی گەشەسەندوودا لەمانەدا پوخت بکەینەوە:

١. دەزگای بانکی لە دەوڵەتانی گەشەسەندوو سیاسەتێکی تایبەت بگرێتەبەر بەقەرزو وەبەرهێنان بە ئاراستەی پەسەندکردنی قەرزی کورتخایەن، کە زۆرجار لە پارەدارکردن و بە کۆگاکردنی کاڵای پێویست و کڕینی زەوی و زارو خانوبەرە بەکاردەهێنرێت، نەك قەرزدانی درێژخایەن یان مامناوەندی خایەن کە پەیوەستە بە چالاکی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی

٢. گرتنەبەری سیاسەتێکی تایبەت لە ڕووی پاراستنی یەدەگێکی گەورە کە دەبێتە هۆی ئەوەی داهاتەکانی بەشێوەی کار بەکارنەهێنیێ بۆ پەرەپێدانی ئابووری، بەڵام دەربارەی سیاسەتی یەدەگ کە دەزگای بانکی پێڕەوی دەکات دوو مەسەلەی گرنگ لە خۆ دەگرێت.

١. بانکەکان یەدەگێکی دراوی زۆر هەڵدەگرن و ڕێژەیەك لە سپاردن بەرز دەکەنەوە.
٢. نەچەسپاندنی ئەو سپاردنانەو جیاوازی لە قەوارەکانی لە کاتێك بۆ کاتێکی تر.

هۆی ئەمانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بازاڕێکی پەرەسەندووی دراوی و دارایی پێشکەوتوومان نییە کە ڕێگا بدات بەوەی شێوازی پارەدان بۆ ماوەی کورت بەکاربهێنرێت، زۆر جار ئەمە وەك یەدەگێکی لاوەکی بەکار دەهێنرێت کە یارمەتیدەرە بۆ بانکەکان تا ئەو یەدەگە بەرزەی هەیانە کەم نەکات.

سەرەڕای ئەمەش بەستنەوەی ئەو پارانەی کە لە بانك دانراون بە حاڵەتی تەرازوو پێدان کە ئەگەری هەیە بکەوێتە بەر گۆڕانکاریی توندەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرەو پاراستنی یەدەگی گەورەی بەردەستی بەرێت، بۆ وەلاوەنانی نزمبوونەوەی کتوپڕ لە دراوی بیانیدا.

**بەستنەوەی ئەو پارانەی کە لە بانک دانراون بە حاڵەتی تەرازوو پێدان کە ئەگەری هەیە بکەوێتە بەر گۆڕانکاریی توندەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرەو پاراستنی یەدەگی گەورەی بەردەستی بەرێت، بۆ وەلاوەنانی نزمبوونەوەی کتوپڕ لە دراوی بیانیدا**